بسم الله الرحمن الرحيم

# پوختەی ناوەڕۆکی باوەڕ

# پوختەی
# ناوەڕۆکی باوەڕ

بۆپۆلی:

دووەمی ئامادەیی ئامەدی ئیسلامی

ئامادەکردنی:


کاوانی کوردی


مامۆستا کرێکار

پێیداچۆتەوەو توێژینەوەی فەرمودەکانی کردووە

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی

# پوختەی ناوەڕۆکی باوەڕ


نوسینـــــــــــی: کاوانی کوردی

بـــــۆ پـــــۆلی: دووەمی ئامەد

نەخشەســــــازی: دکتۆر سەردەم



ساڵـــــــــــی: ١٤٣٩ك-٢٠١٧ز

لە بڵاوکراوەکانی

**زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)**

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْـدَ للهِ نَحْمَـدُهُ وَنَسْـتَعِينُهُ ونَسْـتَغْفِرُهُ، وَنَعُـوذُ بِاللهِ مِـنْ شُرُورِ أنْفُسِـنا وَمِـنْ سَـيِّئاتِ أعْمَالِنـا، مَـنْ يَهْـدِهِ اللهُ فَـلا مُضِـلَّ لَهُ، وَمَـنْ يُضْـلِلِ فَـلا هـادِيَ لَهُ.

أَشْهَدُ أنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهِ وَأَشْهَدُ أنَّ محمداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ.

يَا أَيُّـهَـا النَّـاسُ اتَّقُـوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَـكُم مِّـن نَّفْـسٍ وَاحِـدَةٍ وَخَلَـقَ مِنْهَـا زَوْجَهَـا وَبَـثَّ مِنْهُمَـا رِجَـالًا كَثِـيرًا وَنِسَـاءً ۚ وَاتَّقُـوا اللَّهَ الَّذِي تَسَـاءَلُونَ بِـهِ وَالْأَرْحَـامَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا.

يَا أَيُّـهَـا الَّذِيـنَ آمَنُـوا اتَّقُـوا اللَّهَ وَقُولُـوا قَـوْلًا سَـدِيدًا * يُصْـلِحْ لَـكُمْ أَعْمَـالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا .

أَمَّا بَعْدُ:

فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كِتابُ اللهِ، وَخَيْرَ الهَدِي هَدْيُ محمد صَلَى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَمَ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلَالَةٍ فِي النَّارِ.

## پێشەکی

الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ وَ الصَّلاةُ وَ السَّلامُ عَلَى رَسُولِه الاَمِيْنِ، محمد وَ عَلَى آلِهِ وَ صَحبِه أَجْمَعِين.

لێکۆلینەوەو روون کردنەوەو لێکدانەوەی واتاو ناوەڕۆکی باوەڕ گرنگیەکی بابەتی و هەنووکەیی هەیە سەبارەت بە موسڵمانی ئەمرۆ... گرنگییە بابەتیەکەی لەو ڕووەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێویستە تاکی موسڵمان زانیاری پێویستی دەربارەی بیروباوەڕی ئیسلامی هەبێت و سنووری موسوڵماني و بێباوەڕیی لەیەك جیا بکاتەوە و بزانێت چوارچێوەو ڕووبەری ئەو کردەوانەی باوەڕ دێت و فەرامۆشکردن و پشتگوێ خستنی سەبارەت بە کەسێك خۆی لەڕیزی موسوڵماناندا دئیبنوێت مەحاڵە و بەهیچ پاساو و بیانوویەك بۆی دەست نادات. هەروەها بزانێت کام کردەوەیان بەپلەی دواتر دێت و لە پێویستیەکانی باوەڕو وازلێهێنانی دەبێتە مایەی بەرپرسیاری و تاوانباریی، یاخود بزانێت کام کردەوەیان بە پلەکانی کۆتایی دێت و تەواوکەری باوەڕەو ئەنجامدانی مایەی بەهرەمەندیي و پلە بەرزییەو کاتێکیش نەتوانرا ئەنجام بدرێت نابێ ئەرکی پێویست تری بۆ پەك بخرێت.

هەروەها گرنگییە هەنووکەییەکەی لەو ڕوانگەوەیە کە لەم ڕۆژگارەدا زۆربەی چەمك و واتاکانی ئیسلام لە بۆچوونی هەڵگرانیدا گۆڕاون و کاریگەریان بە ئەندازەی پێویست نەماوە، بەتایبەتی چەمك و واتای باوەڕ.

بۆ نموونە: دەبینین زۆر کەس و لایەن و دەستەو تاقم دژایەتی بێ پەردەو راستەوخۆی ئیسلام دەکەن و هەوڵی نەپساوەی ماددی و مەعنەوییان خستۆتە گەڕ بۆ لێدان و سەرکوتکردنی ئەو ئیسلامخوازە دڵسۆزانەی

بانگەواز بۆ پیادەكردنەوەی بەرنامەی خوا دەكەن و هەر كەسێك ئەندازەیەك هزروهۆشی هەبێت پەی بە نیازو مەبەست و پیلانە ناحەزانەكانیان دەبات و دەزانێت ئامانجی سەرەتاو كۆتاییان نینۆككردنی ئەهلی ئیسلامە. بەڵام لەبەر ئەوەی پێوانەو چەمكەكان گۆڕاون واتای ڕاستەقینەی خۆیان لێ نافامرێتەوە، بڕیاری ڕوون و دروستیان دەربارە نادرێت و هەڵوێستی شیاویان بەرامبەر وەرناگرێت.

چەندەها ناوەند و گرۆی جۆراوجۆر لەم كۆمەلگایانەدا دژە بیرۆكەی جیاجیاو هەڵوێستی ناحەزیان بەرامبەر ئیسلام هەیە؟ چ موسڵمانێك نمونەی ئەم تەرزە بیرو هەڵوێستانەی نەبیستووە كە دەوترێت:

* بیروباوەڕی ئیسلامی ئەفسانەیی و میسالییە!! حوكمی ئیسلامی كەم و كورتە.. دڕندانەیە.. لەگەڵ ڕەوشی ئەمڕۆدا نەشیاوە !!

*بەستنی پەیوەندی ستراتیژیانەو چارەنووسیانەو هاوكاریكردن لە بوارە جۆربەجۆرەكانی وەك (هەوالگری)و (جەنگی)و (ڕاگەیاندن)و....هتد لەگەڵ دوژمنانی بێباوەڕی سەرسەختی ناحەز بە ئیسلام دا پێویستییەكی هەنووكەییەو گرێدانی دۆستایەتی لەسەر بناغەی ئیسلامەتی دەمارگیری ئایینیەو سەردەمی بەسەر چووە!!

ئەمانەو چەندان مەسەلەی ترسناكتر ڕۆژانە بە ڕەوتی ئاسایی خۆیان گوزەر دەكەن و هەتا ئەمڕۆش لە ناوەندی ئاپۆڕەی ئەهلی ئیسلامەوە هەڵوێستی پێویستیان لەبەرامبەردا وەرنەگیراوە.

لەم ڕوانگەیەوە بە پێویستی دەزانین پوختەیەك دەربارەی (ناوەڕۆكی باوەڕ) ڕوون بكەینەوە بۆ ئەوەی بە چاوڕوونی هەنگاو هەڵگرین و دۆست و ناحەز بناسین و لەسەردەمی فێڵ و ساختە بە پەرێزی پاكەوە ڕزگار بین و چاك بە

**پوختەی ناوەڕۆکی باوەڕ** ------------------------------------------

چاك و خراپ بە خراپ بناسین و بەو پێودانگە مامەڵەیان لە گەڵدا بکەین.

خوای گەورە دەفەرموێت:(قُلْ هَٰذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ) یوسف/١٠٨

کاوان کوردی

١٩٩٨/٧/٢٠

# پێناسەی باوەڕ

## أ- لە زمانەوانی:

ووشەی باوەڕ (الإيمان)لە زمانی عەرەبیدا بە واتای: (إِذْعانُ النَّفْسِ لِلْحَقِ عَلَى سَبيلِ التَصّديقِ الَّذِي مَعَهُ).[1] دێت. واتە: ملکەچکردنی نەفس بۆ ڕاستی لە ڕووی بڕوا پێ کردنێکەوە کە دڵنیایی لەگەڵدا بێت).

خوای گەورە بەم واتایە دەفەرموێت:(وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الصِّدِّيقُونَ) الحديد/١٩واتە: ئەوانەی باوەڕیان بە خواو پێغەمبەری خوا هێناوە ئەوانەن کە لە بڕوا هێناندا پێشکەوتوون.

هەروەها دەربارەی براکانی یوسف عَلَيهِ السَّلَام کاتێك هاتنەوە بۆ لای باوکیان و هەواڵیان پێدا کە یوسف گورگ خواردویەتی، دەفەرموێت:(وَمَا أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لَّنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ) یوسف/١٧واتە: جەنابت باوەڕمان پێ ناکەیت ئەگەرچی ڕاستیش دەکەین/ ڕاستگۆین.

کەواتە باوەڕهێنان بە پێی زمانەوانی دەبێ سێ سیفەتی تێدابێت بۆ ئەوەی لە بڕواپێکردنی ئاسایی جیابکرێتەوە:

١- ملکەچ کردنی دەروون بۆ (ڕاستی).

٢- باوەڕ پێکردنی.

٣- دڵنیابوون لە ڕاستیەتی ئەو ڕاستییە.

[1] (مفردات ألفاظ القرآن الكريم) الراغب الأصفهاني ل٩١ .

ب- لە زاراوەدا:

زانایان لە پێناسەی باوەڕدا فەرموویانە:

١- (قَولٌ بِاللِّسَانِ، وَاعْتِقَادٌ بِالْقَلبِ، وَعَمَلٌ بِالْجَوَارِحِ) واتە: ووتەیە بە زمان و باوەڕ پێ بوونە بە دڵ و کردەوەیە بە ئەندامەکانی لاشە.

٢- (قَولٌ وَعَمَلٌ ... يَزِيدُ وَيَنقُصُ) واتە: ووتەو کردەوەیە و زیاد دەکات و کەم دەکات.

پێشەوا بوخاری ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەرموێت:(لَقِيتُ أَكْثَرَ مِنْ أَلْفِ رَجُلٍ مِنْ الْعُلَمَاءِ بِالْأَمْصَارِ فَمَا رَأَيْتُ أَحَدًا مِنْهُمْ يَخْتَلِفُ فِي أَنَّ الْإِيمَانَ قَوْلٌ وَعَمَل، وَ يَزِيدٌ وَيَنْقُص).[١] واتە: زیاتر لە هەزار کەسم لە زانایانی وولاتان بینیوە، کەسیانم نەدیوە لەوەدا ڕای جیاوازی هەبێت کە: باوەڕ ووتەو کردەوەیەو زیاد دەکات و کەم دەکات.

زانای ناودار ئیبنوقودامەی مەقدیسی ڕەحمەتی خوای لێ بێت، هەردوو پێناسەکەی لە پێناسەیەکدا کۆکردۆتەوەو دەفەرموێت:(الْإِيمَانُ قَوْلٌ بِاللِّسَانِ، وَ عَمَلٌ بِالْأَرْكَانِ، وَعَقْدٌ بِالجَنَان، يَزِيدُ بِالطَّاعَةِ، وَيَنْقُصُ بِالعِصْيانِ).[٢] واتە: باوەڕ ووتەی زمان و کردەوەی ئەندامەکان و بڕواهێنانە بە دڵ. بە گوێڕایەڵی زیاد دەکات و بە سەرپێچی کەم دەکات.

محمدی کوڕی عەبدوڵڵەلیکی موصەیصی دەڵێت: لە ساڵی (١٧٠) ی کۆچیدا لە لای سوفیانی کوڕی عویەینە بووین ڕەحمەتی خوای لێبێت، کابرایەك دەربارەی باوەڕ پرسیاری لێکرد؟ ئەویش فەرمووی: (قَوْلٌ وَعَمَل) واتە: (ووتەو کردەوەیە) کابرا ووتی: (يَزِيدٌ وَيَنْقُص؟) واتە: زیاد دەکات و کەم دەکات؟

---

[١] (الفتح الباري) ١٤٧ ابن حجر العسقلاني.

[٢] (لمعة الإعتقاد الهادي الى سبيل الرشاد) ابن قدامة المقدسي ل٩٨.

فەرمووی: (يَزِيدٌ مَا شَاءَ اللَّه، وَيَنْقُصُ حَتَّىٰ لَايَبْقِي مِنْهُ مِثْلَ هذِهِ، وَأَشارَ سُفْيانُ بِيَدِهِ).[١] واتە: هەر چەندە خوا بیەوێت زیاد دەکات و هێندەش کەم دەکات تاکو ئەوەندەشی نامێنێتەوە، لەو کاتەدا سوفیان ئاماژەی بۆ پەنجەی کرد.

[١] (الولاء والبراء في الإسلام) محمد سعيد القحطاني ل٢٦.

# ڕاڤەی واتای باوەڕ

لە پێناسەكانی پێشوو دەفامرێتەوە كە پێشینە چاكەكان وا تێگەیشتوون كە (باوەڕ) هەر بریتی نیە لە هەست و سۆزێكی دەرونی، یاخود جۆش و خرۆشێكی قەتیسماوی ناخ و دڵ. هەروەها بریتی نیە لە ووتەو بێژەو هیواخوازیەك كە بە زمان دەربڕرێت و بكرێتە بۆشایی و هیچ شەقڵێكی بەرچاوی نەبێ و هیچی لێ سەوز نەبێت. خوای گەورە دەفەرموێت:(لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَا أَمَانِيِّ أَهْلِ الْكِتَابِ)النساء/١٢٣ واتە: نە بە هیواخوازی ئێوەیەو نە بە هیواخوازی خاوەن پەیامەكانیشە.

بەڵكو(باوەڕ) چەمك و ناوەڕۆكی لەوە قوڵتری هەیە و كاریگەری لەوە زیاترو بەرچاوتری هەیە.

ڕاستە بە هەست و بڕواو قەناعەتێكی دەروونی دەستپێدەكات و دڵ دەبێتە كانگاو سەرچاوەی و لەوێوە سەردەكات، هەروەها ڕاستە بە دانپیانان و بڕیاردانێكی زارەكی ئاشكرا دەكرێت و زمان دەبێتە ئامرازی دەربڕینی، بەڵام هەر بەوەندە كۆتای نایەت بەڵكو بە ناوەڕۆك و دەرەنجام و بەرهەمێكی بە پێزو كاریگەر تەواو دەبێت كەوا لە بواری ڕۆژانەدا شێرازەو شێوازی مامەڵەو ڕەفتارو كردەوەكان دەگۆڕێت و بەرگێكی ڕەسەنیان بە بەردا دەكات و ئەوانیش دەبنە سەنگ و پێوانەی ڕاستیەتی ئەو باوەڕە.

خوای گەورە لە تەواوكەری ئایەتەكەی پێشوودا دەفەرموێت: (....مَن يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ وَلَا يَجِدْ لَهُ مِن دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا * وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَٰئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا)النساء/١٢٣-١٢٤ واتە: هەر كەسێك كارێكی خراپە بكات بە هۆیەوە

سزا دەدرێت و بێجگە لە خوا هیچ دۆست و پشتیوانێکی دەست ناکەوێت، وە هەر کەسێك کردەوەیەك لە کردەوە چاکەکان بکات لە نێر یاخود مێ و ئەو کەسە موسوڵمان بێت، ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوەو بە ئەندازەی دەزولەیەك ستەمیان لێ ناکرێت.

خاوەنی (ظلال)یش ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەرموێت: (جَمَالُ التَصَّرُف دَليلٌ عَلَى جَمَالُ التَصَّور)[1]. واتە: جوانی ڕەفتار بەڵگەیە لەسەر جوانی بیرو بۆچوون.

ئنجا بۆ زیاتر تێگەیشتن و قووڵ بوونەوە لە واتای باوەڕی ڕاستەقینەدا پێویستە کە بە سەرجەم لایەن و بەش و پلە و باسە گرنگەکانی باوەڕدا شۆڕ ببینەوەو پێیان ئاشنا ببین و لێیان بکۆڵینەوە بۆ ئەوەی بە ئەندازەی پێویست باوەڕمان دامەزراو بکەین و گەشەی پێ بدەین.

وا لێرەدا -پشت بە خوای گەورە- دەچینە سەر ئەو باسانەو یەك یەك لێیان دەدوێین و تیشك دەهاوینە سەریان:

---

[1] سەرچاوەکەیم نەدۆزییەوە.

## بەشەکانی باوەڕ (أَجْزاءُ الإِيمانِ)

ئیمامی ئیبنوتەیمیە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لەم بارەیەوە دەفەرموێت: (وَمِنْ أُصُوْلِ أهْلِ السُّنةِ وَالْجَمَاعَةِ أَنَّ الدِّينَ وَالْإيمَان قَوْلٌ وَعَمَل، قَوْل الْقَلْبِ وَاللِّسَانِ، وَعَمَل الْقَلْبِ وَاللِّسَانِ وَالْجَوَارِحِ).[١] واتە: لە بنچینەکانی باوەڕ لای ئەهلی سوننەت و جەماعەت ئەوەیە ئایین و باوەڕو ووتەو کردەوەیە: ووتەی دڵ و زمان و کردەوەی دڵ و زمان و ئەندامەکانی لاشە.

**بەم پێ یە باوەڕ سێ لایەنی هەیە:**

### یەکەم: بە دڵ باوەڕ پێکردن (إِعْتِقَادُ الْقَلْب):

ناخ و دڵ و دەروون کانگای باوەڕو چاووگی هەست و سۆزو ویژدانە، کاتێك مرۆڤ سەرنج لە بیروباوەڕ دەگرێت و بەچاوی مەبەست تەماشای دەکات و تێی ڕادەمێنێت، هەوڵ دەدات تێیدا بگاتە دەرەنجامێك و بڕیاری خۆی دەربارەی ساغ بکاتەوە، ئینجا ئەگەر کاری لە دڵ و دەروونی کردو لە ناخیدا جێی خۆی کردەوە، ئیتر بە یەکجاری پەیوەستی دەبێت. خوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لَآيَاتٍ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ * الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ) آل عمران/١٩٠-١٩١ واتە: لە دروستکرانی ئاسمانەکان و زەوی و گۆڕانی شەوو ڕۆژدا نیشانەو بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر دەسەڵاتی خوا بۆ ئەوانەی

---

[١] (شرح العقيدة الواسطية) ابن العثيمين ل٦٣٦.

خاوەن ئاوەزو ژیرین، ئەوانەی بەپێوەو بەدانیشتنەوەو لەسەر لاتەنیشتیان یادی خوا دەکەن و بیر لە دروستکرانی ئاسمانەکان و زەوی دەکەنەوەو دەڵێن: ئەی پەروەردگار ئەم بونەوەرەت بە هەوانتە دروست نەکردووە، پاك و بێ گەردی بۆ تۆیە و لەئاگری دۆزەخ لامان بدە.

هەروەها دەربارەی پەیوەستی باوەڕ بە دڵەوە دەفەرموێت: (مَن كَفَرَ بِاللَّهِ مِن بَعْدِ إِيمَانِهِ إِلَّا مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْإِيمَانِ)النحل/١٠٦واتە: هەر کەس بێ باوەڕ ببێتەوە لە دوای ئیمان هێنانەکەی ئەوا خوای گەورە خەشمی لێ دەگرێت مەگەر کەسێك زۆری لێ بکرێت و ناچر بکرێت، بەڵام دەبێ دڵی پەیوەست و دامەزراو مابێت بە باوەڕەوە.

یاخود دەفەرموێت:(وَمَن يُؤْمِن بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ)التغابون/١١ واتە: هەر کەسێك باوەڕ بە خوا بهێنێت، خوای گەورەش ڕێنمایی دڵی دەکات.

جوبەیری کوڕی موطعیم خوا لێی رازی بێت دەفەرموێت: گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سورەتی (طور) ی دەخوێندەوە، کاتێك گەیشتە ئایەتی: (أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ * أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بَل لَّا يُوقِنُونَ * أَمْ عِندَهُمْ خَزَائِنُ رَبِّكَ أَمْ هُمُ الْمُصَيْطِرُونَ) الطور/٣٥-٣٧ واتە: ئایە لە هیچەوە دروستکراون یان خۆیان دروستکەرن؟ یاخود ئاسمانەکان و زەویان دروستکردووە؟ بەڵکو بە دڵنیایەوە باوەڕناهێنن، ئایا گەنجینەکانی پەروەردگاریان لایە، یاخود ئەوان مەزن و بە دەسەڵاتن؟.... جوبەیر لەو کاتەدا -هاوبەشدانەر بوو- دەفەرموێت:(كَادَ قَلْبِي أَنْ يَطِيرَ، وَذَلِكَ أَوَّلَ مَا وَقَرَ الْإِيمَانُ فِي قَلْبِي).[١] واتە:

---

[١] بوخاری٥٢ موسلیم ٤١٧٨.

خەریك بوو دڵم دەفڕی- واتە دڵم توند دەستی بەلێدان كرد- ئەوە یەكەم جار بوو باوەڕ لە دڵمدا جێگیر ببێت.

پێشەوا شێخ حەسەنی بەصری ڕحمەتی خوای لێ بێت، دەربارەی باوەڕ دەفەرموێت: (شَيءٌ وَقَرَ فِي الْقَلْبِ وَصَدَّقَهُ الْعَمَلُ).[1] واتە: شتێكە لە دڵدا جێگیر دەبێت و كردەوە دەسەلمێنێت.

ئاشكرایە دڵ تیشكۆی باوەڕەو لەوێوە شەبەنگ و پرشەنگی خۆی بەسەر تێكڕای ئەندامەكانی تردا پەخش دەكاتەوە. وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت:(إِنَّ فِي الْجَسَدِ لَمُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ سائِرُ الْجَسَد، وَهِيَ الْقَلْبُ) أخرجه الشيخان.[2] واتە: لە لاشەدا پارووە گۆشتێك هەیە، ئەگەر چاك بوو ئەوا سەرجەم لاشەكە چاك دەبێت، ئەویش دڵە.

## ئەركەكانی دڵی موسوڵمان:

ئەو ئەرك و فەرمانانەی لەسەر دڵی موسوڵمان پێویستە سەبارەت بە باوەڕ دوو بەشن:

### أ- ووتەی دڵ (قَوْلُ لْقَلْبُ):

ئەمیش دەكرێت بە دووبەشەوە:

١- زانین و ناسین (العِلْمُ وَ المَعْرِفَة):

[1] (المصنف) ابن ابى شيبة١١ ٢٢.

[2] دەقی هەموو فەرمودەكە: (أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ). رواه البخاري ومسلم.

واتە: زانین و ناسینی ئەو پەیامەی بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕەوانە کراوە بە هەموو ناوەڕۆکەکەیەوە لە پایەکانی باوەڕو تێکڕای ئەو هەواڵانەی دەربارەی جیهانی نادیارن و پایەکانی ئیسلام و سەرجەم ئەو زانست و زانیاریانەی پێویستە موسوڵمان بیان زانێت و لە قورئان و سوننەتەوە پێمان گەیشتوون.

٢- بڕوا پێکردن (التَّصْدِيق):

واتە پاش ئەو زانین و ناسینە کە لە دڵدا جێگیر بووە، پێویستە بڕوایان پێ بکات و قەناعەتیان پێ بهێنێت، چونکە زانیاری و شارەزایی بە تەنها بایەخێکی دروستی نییە و سەرەنجامێکی بەهاداری نییە. بە بەڵگەی ئەوەی سەرجەم بێباوەڕان -لە کۆن و نوێدا- زانیویانە ڕاستی کامەیە و پەیامی خوا ڕەوایەو پێغەمبەرانی خوا عَلَيهِمُ الصَّلاة وَالسّلام نێرراوی ڕاستەقینەی خوان بەڵام ئەو زانینەیان کەڵکی پێنەگەیاندون، وەك خوای گەورە دەربارەی فیرعەون و گەلەکەی دەفەرموویت: (وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا) النمل/١٤ واتە: نکۆڵییان لە ئایەتەکانی دەکرد و لە دڵیشەوە دڵنیابوون کە ڕاستن، هەر لەبەر ستەمکاریی و خۆ بە زلزانیی باوەڕیان پێ نەدەهێنان.

یاخود دەربارەی خاوەن پەیامەکان دەفەرموێت:(الَّذِينَ آتَيْنَاهُمُ الْكِتَابَ يَعْرِفُونَهُ كَمَا يَعْرِفُونَ ئيبنواءَهُمْ) البقرة/١٤٦ واتە: ئەوانەی کتێبمان بۆ ڕەوانەکردوون قورئان -یان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- دەناسن، هەر وەك کە ڕۆڵەکانی خۆیان دەناسن.

هەروەها أبوطالبی مامی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیزانی کە برازاکەی نێرراوی خوایەو ئایینەکەی ڕاستە بۆیە دەیووت:

وَلَقَدْ عَلِمْتُ بِأَنَّ دِينَ مُحَمَّدٍ     مِنْ خَيْرِ أدْيَانِ الْبَرِيَّةِ دِيْنا!
لَوْلاَ المَلاَمَةُ أَو حَذَارِ مَسَبَّةٍ     لَوَجَدْتَني سَمْحاً بِذَاكَ مُبِينَا [1]

بگرە ئیبلیسیش زانیویەتی هەر خوای گەورە پەروەردگاریەتی و دەسەڵات و بڕیار لە دەستیدایە، وەك خوای گەورە دەربارەی دەفەرمویێت:(قَالَ رَبِّ فَأَنظِرْنِي إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ)الحجر/٣٦ واتە: وتی: ئەی پەروەردگارم مۆڵەتم بدەو بمهێڵەوە هەتا ئەو ڕۆژەی ئادەمیزاد زیندوو دەکرێنەوە.

ب- کردەوەی دڵ (عَمَلُ القَلْبْ):

کاتێك دڵی بەندە بە ڕاستیەکان ئاشکرا دەبێت، ئینجا بڕوایان پێدەکات، ئینجا ئەو ئەرك و فەرمانەی کە لەسەرێتی دەبێت جێبەجێیان بکات تاکو باوەڕەکە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە جێگیر ببێت و دابمەزرێت. وەك ئیمامی ئیبنوتەیمییە ڕەحمەتی خوای لێبێت، دەفەرمویێت: (فَإِنَّ دُخُولَ اَعْمَالِ القَلْبِ فِي الْإِيمَانْ، أوْلَىٰ مِنْ دُخولِ أعْمَالِ الجَوارِحِ بِإِتِفاقِ الطَوائِفُ كُلُهَا).[2] واتە: ئەوە کە کردەوەکانی دڵ بەشێک بن لە باوەڕ لە پێشترە وەک لەوەی کە کردەوەکانی لاشە بەشێک بن لە باوەڕ، ئەمەش یەك دەنگی هەموو دەستە و کۆمەڵەکانی لەسەرە.

خوای گەورە لە زۆر جێگەی قورئاندا ئاماژە بە کردەوەی جۆراوجۆری دڵ کردووە. وەك بە دایکی ئیمانداران (عائیشەو حفصە) دەفەرمویێت:(إِن تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا) التحريم/٤ واتە: ئەگەر تەوبە بکەن و

---

[1] (مهذب شرح العقيدة الطحاوية) ابن ابى العز الحنفي ل٢٤٩.

[2] (مجموعة الفتاوى ٧/٥٠٦.) ابن تيمية.

بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، ئەوا دڵتان گوێبیست بووەو ئامۆژگارییەکەی لەخۆگرتووە.

هەروەها لە وەسفی موسوڵمانان دەفەرموێت:(الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ) الحج/٣٥ واتە: ئەوانەی کە یادی خوای گەورە دەکرێت لایان یەکسەر دڵیان ڕادەچڵەکێت. یاخود دەفەرموێت:(إِنَّ الَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَاتَهُمْ عِندَ رَسُولِ اللَّهِ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَىٰ) الحجرات/٣ واتە: ئەوانەی دەنگیان لە لای پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نزم دەکەنەوە ئەوانە خوای گەورە دڵی تاقی کردونەوە بۆ پارێزکاریی و تەقواکاریی.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت:(إِنَّ فِي الْجَسَدِ لَمُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ سائِرُ الْجَسَدِ، وَهِيَ الْقَلْبُ) أخرجه الشيخان.[1] واتە: لە لاشەدا پارووە گۆشتێك هەیە، ئەگەر ئەو چاك بوو ئەوا سەرجەم لاشەکە چاك دەبێت، ئەویش دڵە.

ئینجا بێگومان ئەگەر دڵ (ڕاچڵەکێت) و (ملکەچ بێت) و (پارێزکار بێت) و لەسەر ئەوانە (تاقی بکرێتەوە) و (چاکە و خراپەی لێ بوەشێتەوە) و پاشانیش (لاشەی مرۆڤ بە تێکڕا بکەوێتەوە ژێر کاریگەریی ئەوەوە) ئەوە دیارە کە کردەوەی دڵ کاریگەریی تەواوی لەسەر ئیماندارەکە هەیە. ئەگەر نا ئیتر چ بەڵگەیەک لەوە ئاشکراترە لەسەر گرنگی و کاریگەری کردەوەکانی دڵ؟

---

[1] الشيخان: ئیمامی بوخاری و ئیمامی موسلیمن. دەقی هەموو فەرمودەکە:(أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ).

کردەوەکانی دڵ زۆرن لەوانە: نیەتهێنان و نیازپاکی و خۆشویستن و سڵکردنەوە و پشت بەستن و ڕازی بوون و ملکەچ کردن و ڕق بوونەوە لە خراپە و بێ باوەڕی و.........هتد.

ئیبنوبەططە ڕەحمەتی خوای لێبێت، دەربارەی ئەرکەکانی دڵ دەفەرموێت: (اعْلَمُوا رَحِمَكُمُ اللَّهُ أَنَّ اللَّهَ جَلَّ ثَنَاؤُهُ، وَتَقَدَّسَتْ أَسْمَاؤُهُ فَرَضَ عَلَى الْقَلْبِ الْمَعْرِفَةَ بِهِ، وَالتَّصْدِيقَ لَهُ وَلِرُسُلِهِ وَلِكُتُبِهِ، وَبِكُلِّ مَا جَاءَتْ بِهِ السُّنَّةُ).[1] واتە: بزانن ڕەحمەتی خواتان لێبێت کە خوای خاوەنی ستایشی بەرز و ناوی پیرۆز ئەوەی لەسەر دڵ فەرز کردووە کە بیناسێت و بڕوا بە خۆی و پێغەمبەرای خواو کتێبەکانی و بە هەموو ئەو هەواڵانە بهێنێت کە لە سوننەتدا هاتوون). هەروەها دەفەرموێت: (وَأَمَّا مَا فَرَضَ عَلَى الْقَلْبِ فَالْإِقْرَارُ، وَالْإِيمَانُ، وَالْمَعْرِفَةُ، وَالتَّصْدِيقُ، وَالْعَقْلُ، وَالرِّضَا، وَالتَّسْلِيمُ) واتە: ئەوەی لەسەر دڵ فەرز کراوە بریتییە لە دانپیانان و باوەڕپێهێنان و ناسین و بڕواپێکردن و تێگەیشتن و ڕازیبوون و ملکەچکردن.[2]

## دووەم: وتەی زمان(قَوْلُ اللِّسَانِ):

ئاشکرایە ووتە کاریگەرییەکی سەرەکی هەیە لە ژیانداو یەکێکە لە نیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە، کە بەهۆیەوە ڕێزی تایبەتی لە مرۆڤ ناوە و پەیام و ڕێنمایی بۆ ڕەوانەکردووە. ئینجا سەبارەت بە باوەڕ: ووتە بەڵگەی دانپیانانە و نیشانەی ساغکردنەوەی هەڵوێستی مرۆڤە بە لایدا.

---

[1] (الإبانة عن شريعة الفرق الناجية) ابن بطة ٢٧٦٠.

[2] سەرچاوەی پێشوو ٢ ٧٦٦.

سەرەڕای ئەوەش بە هۆی ووتەوە ئەو باوەڕە لە کۆمەڵگادا برەو پەیدا دەکات و پەرە دەسەنێت و بە شێوەیەکی بەربڵاو ڕادەگەیەنرێت.

ئەگەر پێداچوونەوەیەکی نیوەی یەکەمی تەمەنی پێغەمبەری خواو قۆناغی بانگەوازی ئیسلام لە مەککەدا بکەین، دەبینین ماوەیەکی زۆر داخوازی باوەڕ تەنها شایەتیدانی (لاَ إِلٰهَ إلاَّ الله محمداً رَسُولُ الله) بووە لەگەڵ خۆڕاگرتن بۆ دەرئەنجامەکانی ئەو دانپیانانە. ئینجا هەر کەس بە دەنگیەوە هاتبێت ئەوە موسوڵمان بووەو لە سیماو نەریتی نەفامی خۆی دارنیوە. هەر کەسیش سەرپێچی لە ووتن و دانپیانانی کردبێت ئەوە هەر لەسەر هێڵی بێباوەڕی ماوەو لەگەڵ ڕەوتی نەفامی دا بەردەوام ڕۆیشتووە. ئاشکرایە هیچ کەس بەسەرپێیی دانی بەو شایەتمانەدا نەناوە، هەتا قەناعەت و بڕوایەکی تەواوی بۆ دروست نەبووبێت. لەو قۆناغەدا بێجگە لەوە هیچی تر لەسەر موسوڵمان فەرز نەبووە. نە نوێژکردن و نە زەکاتدان و نە ڕۆژوو گرتن و نە حەجکردن و نە هیچ دروشم و ڕێسایەکی تری شەرع.

پیاوێك بە سوفیانی کوڕی عویەینەی ووت: چی لە کۆمەڵێك بکەین لە لای ئێمە کە لافی ئەوە لێدەدەن: کە گوایە باوەڕ ووتەیە بە بێ کردەوە؟ سوفیان رەحمەتی خوای لێبێت، فەرمووی: (كَانَ القَولُ قَولُهُم قَبْل أن تَقَرر أَحْكَامُ الْإيمان وَحُدُودهُ، إنّ الله عَزَّ وَجَلَّ بَعَثَ نَبينا محمداً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى النَّاسِ كَافَّةً أَن يَقُولُوا: لاَ إِلٰهَ إِلاَّ الله، وأَنَّهُ رَسُولُ الله. فَلَمَّا قَالُوهَا عَصَمُوا بِها دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّها، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ).[1] واتە: قسە قسەی ئەوان بوو پێش ئەوەی حوکمەکانی باوەڕو سنورەکانی بڕیار بدرێن. خوای گەورە محمدی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ لای هەموو خەڵکی

[1] (الولاء والبراء في الإسلام) القحطانيل٢٦.

ڕەوانەکرد بۆ ئەوەی بڵێن: هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە بێجگە لە خواو ئەویش نێرراوی خوایە. کاتێکیش خەڵکی ئەو ووتەیەیان گفت پێکرد، بە هۆیەوە خوێن و ماڵیان پارێزراو بوو. مەگەر بە مافی ئەو ووتەیە حوکمێکی خستبێتە سەریان. ئیتر لێپرسینەوەش‌یان لەسەر خوای گەورە بوو.

هەرچەندە بە ڕواڵەت باوەڕپێکردنی دڵ و ووتەی زمان سوك و ئاسانن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەرك و فەرمانێکی زۆر دەخەنە سەر موسوڵمان و هێندە چەمك و ناوەڕۆکیان هەیە مەگەر هەر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -لە میهرەبانی خۆیەوە- خوای گەورەوە توانیبێتی لە ماوەیەکی کورتی چەند ساڵیدا لە واقیعی مرۆڤدا سەقامگیریان بکات. سەرەتا لەوە زیاتری پێ نەسپاردن و کارگرانتری نەکردن. خوای گەورە دەربارەی پێویستی دەربڕینی باوەڕ و ووتنی بە زمان فەرمانمان پێدەکات و دەفەرموێت:(قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَىٰ وَعِيسَىٰ وَمَا أُوتِيَ النَّبِيُّونَ مِن رَّبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ)البقرة/١٣٦ واتە: بڵێن باوەڕمان بە خوا هێناوە، هەروەها بەو بەرنامەیەی بۆ ئێمە ڕەوانەکراوەو بەوەی بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەکانی ڕەوانە کراوەو بەو پەیامەی بۆ موساو عیساو ئەوەی بۆ پێغەمبەری خوا. لەلایەن پەروەردگاریانەوە . نێرراوە. جیاوازیی لە نێوان هیچ یەکێکیاندا ناکەین و ئێمە ملکەچی خوای گەورەین.

هەروەها دەربارەی کاریگەری ووتە دەفەرموێت:(وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلًا بَلِيغًا) النساء/٦٣ واتە: قسەیەکی وایان پێ بڵێ کە کار لە دڵ و دەروونیان بکات.

دەربارەی سەلماندن و چەسپاندنی بوونی ووتە، خوای گەورە دەفەرمویت:(يَسْتَخْفُونَ مِنَ النَّاسِ وَلَا يَسْتَخْفُونَ مِنَ اللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمْ إِذْ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرْضَىٰ مِنَ الْقَوْلِ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطًا) النساء/١٠٨ واتە: كاتێك بە شەو تەگبیری قسەیەك دەكەن كە خوا پێی ڕازی نییە، لە خەڵكی دەترسن و لە خوای گەورە ناترسن كەوا -بە بیستن و بینین- لە گەڵیاندایە. خوای گەورە چاودێری هەمە لایەنەی بەسەر ئەو كردەوانەدا هەیە كە ئەنجامی دەدەن.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە ئەو قسەیەی كە بەشەو تەگبیریان لێ دەكرد، بە كردەوە ناو بردووە، چونكە دەفەرمویت:(وَكَانَ اللَّهُ بِمَا يَعْمَلُونَ مُحِيطًا).

یاخود دەفەرمویت:(اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْرًا) سبأ/١٣ واتە: ئەی بنەماڵەی داود بە كردەوە سوپاسگوزاریی خوا بكەن.

ئاشكرایە بەزۆری سوپاس گوزاریی بە زمان دەكرێت، بەڵام لێرەدا بە كردەوە ناوی بردووە و دەفەرمویت:(اعْمَلُوا).

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی پێویستی دەربڕینی (لاَ إِلٰهَ إلاَّ الله) و ووتنی بە زمان دەفەرمویت:(أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا: لاَ إِلٰهَ إلاَّ الله. فَمَنْ قَالَ: لاَ إِلٰهَ إلاَّ الله فَقَدْ عَصَمَ مِنِّي مَالَهُ وَنَفْسَهُ إلاَّ بِحَقِّهِ، وَحِسَابُهُ عَلَى الله) متفق عليه[١] واتە: فەرمانم پێكراوە كە كوشتاری خەڵكی بكەم هەتا دەڵێن (لاَ إِلٰهَ إلاَّ الله) ئینجا هەر كەس ووتی: (لاَ إِلٰهَ إلاَّ الله) ئەوا گیان و ماڵی لە من پارێزراوە، مەگەر بە مافی ئیسلام و لێپرسینەوەشی لەسەر خوایە. هەروەها كاتێك (أبو طالب)ی مامی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

[١] بوخاری ١٣٩٩، موسلیم ٢٠.

وَسَلَّمَ لەسەرە مەرگدا بوو پێی دەفەرموو:(يَا عَمِّ قُلْ لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللهُ، كَلِمَةً أَشْهَدُ لَكَ بِهَا عِنْدَ اللَّهِ) متفق عليه.[1] واتە: (ئەی مامە بڵێ (لاَ إِلٰهَ إِلاَّ الله) ووشەیەکە لای خوای گەورە شایەتی پێدەدەم بۆت. یاخود دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی ئەوانەی کە لە ئاینەکەیان هەڵدەگەڕێنەوە دەفەرمویت:(.......وَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِلِسَانِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ).[2]واتە: هەر کەس بە زمان جیهادیان بەرامبەر بکات ئەوە موسوڵمانە.

لە فەرموودیەکی (مەوقوف)یشدا هاتووە:(مَنْ عَدَّ كَلامَهُ مِنْ عَمَلِهِ، قَلَّ كَلامُهُ إِلَّا فِيمَا يَنْفَعُهُ).[3] واتە: هەر کەس قسەکانی لە ڕیزی کردەوەکانی دا بۆ هەژمار بکرێت، قسەکانی کەم دەبنەوە. قسە ناکات لەو بارەوە نەبێت کە سوودی پێ دەگەیەنێت.

لە ناو خەڵکیشدا باوە کە ووتە بە کردەوە ناو دەبەن. بۆ نموونە: ئەگەر یەکێك سەرزەنشتی کەسێك بکات، دەڵێن: کارێکی پێکرد کەس بە کەسی نەکردبێت.

---

[1] بوخاری ٤٤٩٤، موسلیم٢٤.

[2] ئیمامی موسلیم هێناویتیەوە. دەقی هەموو فەرمودەکە: عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَال (مَا كَانَ مِنْ نَبِيٍّ إِلا كَانَ لَهُ حَوَارِيُّونَ يَهْدُونَ بِهَدْيِهِ وَيَسْتَنُّونَ بِسُنَّتِهِ ثُمَّ يَكُونُ مِنْ بَعْدِهِمْ خُلُوفٌ يَقُولُونَ مَا لا يَفْعَلُونَ وَيَعْمَلُونَ مَا تُنْكِرُونَ مَنْ جَاهَدَهُمْ بِيَدِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ وَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِلِسَانِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ وَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِقَلْبِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ لَيْسَ وَرَاءَ ذَلِكَ مِنَ الإِيمَانِ حَبَّةُ خَرْدَلٍ).

[3] نوسەری بەڕیز وای نوسیوە کە قەولی ئیبنوبەططە بێت. پاشان نوسیوێتی: (کتاب الإیمان) ئەبوعوبەید قاسم بن سلام ل٢٩. لە گەڕانمدا بە قەولی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و قەولی ئیمامی مالیک دەرچوو. نەک فەرموودەی مەوقووف والله اعلم .

زانای ناودار ئەبو عبداللە ئیبنوبەططە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەربارەی ئەرکی زمان دەفەرموێت: (...وَعَلَى الْأَلْسُنِ النُّطْقُ بِذَلِكَ وَالْإِقْرَارُ بِهِ قَوْلًا).[١] واتە: پێویستە لەسەر زمان کە گفت بە وانە بکات -کە ناوەڕۆکی باوەڕن- و بە ووتە دانیان پێدا بنێت.

ئەرکی زمانیش دوو جۆرە:

أ- ووتە: مەبەست لەو ووشە و دەنگانەیە کە دەریان دەبڕێت و گفتیان پێ دەکات.

ب- کردەوە: مەبەست لەو ڕۆڵە گرنگەیە کە زمان دەیبینێت لە دانپیانان و بڕیاردان و گۆڕانکاریی و... هتد.

سێیەم: کردەوەی ئەندامەکانی لاشە (عَمَلُ الْجَوَارِحِ):

بێگومان هەرچی لە دڵدا جێگیر دەبێت و ناخ و دەروون دەهەژێنێت و کانیاوی سۆزو هیواو خواست و تامەزرۆیی دەتەقێنێت و ئەوەی بە زمان گفتی پێدەکرێت و لە زار دەردەچێت و خواستەکانی دەروون دەردەبڕێت، بۆ ئەوەیە لە گۆڕەپانی مامەڵەو کردەوەو ڕەفتاردا جووڵەیەك دروستبکات و کردەوەیەك بخەملێنێت. چونکە کردەوە خەرمانی ڕەنجی دڵ و زمانە و سەرئەنجام و دەستکەوتی کۆتاییانەو بە بێ کردەوە هەرچی خواست و ووتەیە بێبایەخ و بێ نرخ و بێ بەها دەمێنێتەوە. ڕاستە دڵ و دەروون کانگای ووزەیەو بزوێنەری ئەندامەکانی لاشەیە . بەزمانیشەوە . لە قۆناغێکی

---

[١] (الإبانة) إبن بطه ٢ . ٧٦٠.

بانگەوازی خوایی دا مەبەستی یەکەم و خواستی سەرەتایی و ئەرکی گرنگی بانگەوازکاران ئەوەیە کە بڕوای تێدا بچێنن و لە دەروازەی ووتەو بڕیاری زمانەوە ئەنجامە سەرەتاییەکەی وەرگرنەوە. بۆ ئەوەی کار بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو بکەن. بەڵام مەبەستەکە بەوەندە نایەتە جێ و ئەرکەکە لێرەدا کۆتایی نایەت. بەڵکو وەك زنجیرەیەك قۆناغ دەبێت باوەڕو قەناعەت لە دڵەوە سەرچاوە بگرێت و بە زمان دەرببڕێت و ئینجا ئەندامەکانی لاشە بخاتە گەڕو لە واقیعی ڕۆژانەدا کردەوەیان پێ بێنێتە ئەنجام.

با سەرنج بدەینە ئەم چەند ئایەتەی سورەتی(آل عمران) تا بۆمان دەرکەوێت کە خوای گەورە هەر سێ قۆناغەکەمان بۆ نمایش دەکات و سەرئەنجامی کۆتایی دەباتەوە بۆ کردەوەو بە مەبەستی سەرەکی و ڕەنجی بەهاداریی دادەنێت..

دەربارەی باوەڕی دڵ و قەناعەتی دەروون و سەرەتای دروستبوونی دەفەرموێت:(إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لآيَاتٍ لِّأُولِي الأَلْبَابِ * الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ...)آل عمران/١٩٠-١٩١ واتە: لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی و گۆڕانی شەوو ڕۆژدا بەڵگەو نیشانەی زۆر هەیە بۆ ئەوانەی ژیرو هۆشمەندن، ئەوانەی بە پێوە و بەدانیشتنەوە و لەسەر لاتەنیشتیان یادی خوا دەکەن و بیر لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی دەکەنەوە.

دوابەدوای ئەو بیرکردنەوەو قەناعەتە، دەستبەجێ باوەڕەکە لە دڵەوە سەر دەکات و ئەو موسوڵمانانە دێنێتە گفتوگۆو دەڵێن:(...رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَاطِلًا سُبْحَانَكَ فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ * رَبَّنَا إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ وَمَا

لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ * رَّبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلْإِيمَانِ أَنْ آمِنُوا بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا رَبَّنَا فَاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا سَيِّئَاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ الْأَبْرَارِ * رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدتَّنَا عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ)آل عمران/١٩١-١٩٤ واتە: پەروەردگارمان تۆ ئەم بوونەوەرەت بە گاڵتەو بە هەوانتە دروست نەكردووە، پاك و بێگەردی بۆ تۆیە. لە سزای ئاگری دۆزەخ لامانده. پەروەردگارمان تۆ هەر كەس بخەیتە ئاگرەوە ئەوە ڕیسوات كردووە. ستەمكاران هیچ پشتیوانێكیان نییە. پەروەردگارا، ئێمە گوێمان لە بانگەوازكارێك بوو بانگەشەی بۆ باوەڕهێنان دەكرد و دەیووت باوەڕ بە پەروەردگارتان بهێنن و ئێمەش باوەڕمان هێنا، ئەی پەروەردگارمان لە گوناهەكانمان خۆش ببەو تاوانەكانمان بۆ بسڕەوەو لەگەڵ پیاوچاكاندا بمانمرێنە. پەروەردگارمان، ئەو بەڵێنەمان بۆ بێنەجێ و پێمان ببەخشە كە لەسەر زمانی پێغەمبەرەكەت صلى الله عليه وسلم پێتداوین. خوایە ڕۆژی دوایی ڕیسوامان مەكە. بەڵێنی تۆ دواكەوتنی بۆ نییە.

دەست بەجێ خوای گەورە وەڵامیان دەداتەوەو كردەوەیان بۆ دەكاتە سەنگی مەحەك و بەرهەمی ئەو باوەڕ و نزاو بەخۆدا چوونەوەیان. ئەوەتا دەفەرموێت:(فَاسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ بَعْضُكُم مِّن بَعْضٍ فَالَّذِينَ هَاجَرُوا وَأُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأُوذُوا فِي سَبِيلِي وَقَاتَلُوا وَقُتِلُوا لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ثَوَابًا مِّنْ عِندِ اللَّهِ وَاللَّهُ عِندَهُ حُسْنُ الثَّوَابِ)آل عمران/١٩٥ واتە: پەروەردگاریان بە دەنگیانەوە هات و وەڵامی دانەوە كە: من كردەوەی هیچ ئیشكەرێك لە ئێوە ـ لە نێرو مێ ـ ون ناكەم و بە زایەی نادەم. هەر كامێكتان بێت. ئەوانەی كۆچیان كردو لە دەڤەرو شوێنی خۆیان دەركران و لە پێناوی

مندا ئازار دران و کوشتاریان کردو کوژران، بە دڵنیاییەوە تاوان و خراپەکانیان بۆ دەسڕمەوەو دەیانخەمە بەهەشتانێکەوە کە جۆگەلە لە بەریانەوە دەڕوات، ئەو پاداشتە لە لایەن خوای گەورەوەیەو خوای گەورەش باشترین پاداشتی لایە.

پێشەوای خواناس سوفیانی کوڕی عویەینە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، باسی ڕشتەی باوەڕمان بۆ دەکات کە چۆن سەرەتا دەستی پێکردووەو بە چ قۆناغێکدا تێپەڕیوەو سەرئەنجام بە چی گەیشتووە.دەفەرموێت: (خوای گەورە محمدی پێغەمبەرمانی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕەوانە کرد بۆ لای گشت خەڵك، بە تێکڕا، تا بڵێن: هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە جگە لە خوای گەورە نیەو جەنابیشی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوایە. کاتێکیش ئەمەیان ووت، خوێن و ماڵیان پارێزراو بوو، مەگەر بە پێی مافی ئەو ووتەیەو لێپرسینەوەشیان لەسەر خوای گەورە بووە. کاتێك خوای گەورە زانی ڕاست دەکەن و ئەو شایەتومانەیان لە دڵەوەیە، فەرمانی بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ  کرد کە فەرمانیان پێبکات نوێژبکەن، ئەویش فەرمانی پێکردن و خەڵکی نوێژیان کرد، سوێند بە خوا ئەگەر نەیانکردایە دانپیانانەکەی یەکەم جاریان هیچ سوودی نەدەبوو بۆیان. ئینجا کە خوای گەورە زانی لە دڵەوە نوێژەکەیان بەڕاستی دەکەن، فەرمانی بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد کە فەرمانیان پێبکات کۆچبکەن بۆ مەدینە، ئەویش فەرمانی پێکردن و کۆچیان کرد. سوێند بەخوا ئەگەر کۆچیان نەکردایە،  نەدان پیانان و نە شایەتمانەکەی یەکەمجاریان و نە نوێژەکانیشیان سوودی بۆیان نەدەبوو. کاتێك کە خوای گەورە زانی لە کۆچکردنەکەیاندا ڕاست دەکەن و بە دڵ دەیکەن، فەرمانی پێکردن

بگەڕێنەوە بۆ مەککە بۆ ئەوەی کوشتار لەگەڵ باوك و کوڕەکانی خۆیاندا بکەن. هەتا ئەمان چی دەڵێن ئەوانیش بیڵێن و وەك ئەمان نوێژبکەن و وەك ئەمان کۆچبکەن. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێکردن و ئەوانیش وایانکرد. سوێند بە خوا ئەگەر وایان نەکردایە، نە دانپیانانەکەی یەکەمجاریان سوودی دەبوو، نە نوێژیان و نە کۆچکردنیان و نەکوشتاریان. کاتێك خوای گەورە زانی بە ڕاستی لە دڵیانەوە وا دەکەن فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد کە فەرمانیان پێبکات بە دەوری ماڵەکەی خوادا بۆ خوا پەرستی تەواف بکەن و بە ملکەچی سەریان بتاشن. ئەوانیش وایان کرد. سوێند بە خوا ئەگەر وایان نەکردایە نە دانپیانانەکەی یەکەمجاریان سوودی پێدەگەیاندن و نە نوێژەکانیان و نە کۆچکردنەکەیان و نە کوشتاری باوانیان. کاتێکیش خوای گەورە زانی ئەو کارە بەڕاستی و لە دڵیانەوە دەکەن فەرمانی بە پێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد کە زەکاتی ماڵەکەیان دەربکات و بە هۆیەوە پاکیان بکاتەوە، ئەویش فەرمانی پێکردن و زەکاتیان دەرکرد. هەتا زۆرو کەمی زەکاتەکەیان هێنا. سوێند بەخوا ئەگەر زەکاتیان نەدایە، نە دانپیانانەکەی یەکەمجاریان سوودی پێدەگەیاندن و نە نوێژەکەیان و نە کۆچکردنەکەیان و نە کوشتاری باوو باپیرانیان و نە تەوافی دەوری ماڵی خوا. کاتێکیش خوای گەورە ڕاستگۆیی لە دڵیاندا بینی ئیتر پەیتا پەیتا ڕێساو سنورەکانی باوەڕی بۆ دەناردن، ئینجا بە پێغەمبەری صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموو پێیان بڵێ:(الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا) المائدة/٣ واتە: ئەمڕۆ ئایینەکەتانم بۆ تەواوکردن و بەهرەی تەواوەتی خۆمم بەسەردا ڕشتن و ڕازی بووم کە ئیسلام ئایینتان بێت.

سوفیان فەرمووی: (هەر کەس ئەرکێك لە ئەرکەکانی باوەڕی وازلێبهێنایە، بەوە ـ لە ڕوانگەی ئێمەوە ـ بێباوەڕ دەبوو. هەرکەس لە تەمبەڵی یاخود گوێپێنەدانەوە وازیلێبهێنایە، تەمبێمان دەکردو بە لامانەوە باوەڕی ناتەواو دەبوو. ڕێبازی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوا هاتووە. هەر کەس پرسیاری لێکردیت لە منەوە پێی ڕابگەیەنە.[1]

کەواتە ڕاستە یەکەم جار باوەڕ بریتی بووە لە بڕواهێنان بە چەسپاندنی لە دڵ و دەربڕینی بە زمان. بەڵام دواتر هەر ڕێسایەکی شەرع بهاتایە دەچووە ڕێزی باوەڕەوە. بۆ نموونە: سەرەتا موسوڵمانان بەرەو (بەیتولمەقدیس/ لە فەلەستین) نوێژیان دەکرد، ئینجا ڕوگە (قیبلە) گۆڕاو بوو بە (کەعبة). هەندێك لە موسوڵمانان -کە پێشتر بەرەو (بەیتولمەقدیس) نوێژیان دەکرد- پێش ئەوەی ڕووگە بگۆڕێت، کۆچی دواییان کردبوو. هاوەڵان دەربارەی نوێژەکانی ئەوان دەیانپرسی کەبەرەو ئەوێ کردویانە. کە ئایا سوودیان هەبووە بۆیان. خوای گەورە فەرمووی:(وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ)البقرة/١٤٣ واتە: خوا باوەڕەکەتان بە زایەی نادات. لێرەدا خوای پەروەردگار نوێژەکانیانی بە باوەڕ ناو بردووە.

هەروەها خوای گەورە دەربارەی ئەوانەی کۆچیان نەکردبوو دەفەرموێت:(إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا فَأُولَٰئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَسَاءَتْ مَصِيرًا)النساء/٩٧ واتە: ئەوانەی فریشتەکان گیانیان دەکێشن -بە مانەوەیان لە (دار الشرك) و کۆچنەکردنیان بۆ مەدینە- ستەمیان لە خۆیان کرد، پێیان دەڵێن: ئێوە لە کوێ بوون؟ دەڵێن:

---

[1] (الولاء والبراء في الإسلام) القحطاني ل٢٧.

ئێمە لاواز و بێدەسەڵات کرابووین لە سەر زەویدا. دەڵێن: ئەی زەوی خوا فراوان نەبوو هەتا کۆچ بکەن؟ ئا ئەوانە جێگەی حەوانەوەی هەمیشەییان دۆزەخ دەبێ و خراپترین چارەنووس و سەرەنجامیان دەبێت.

یاخود خەلیفەی موسڵمانان ئەبوبەکر خوا لێی رازی بێت، لەسەر نەدانی زەکات -بە یەك دەنگی هاوەڵان- جەنگی لەگەڵ هەڵگەڕاوەکاندا کردو سەرو ماڵی بە هەدەر دان. هەر وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جیهادی دژ بەهاوبەشدانەران دەکرد، هەروەها خوای گەورە باوەڕ لەوانە دادەڕنێت کە پشت لە دادوەریی و حوکمی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکەن. دەفەرموێت:(وَيَقُولُونَ آمَنَّا بِاللَّهِ وَبِالرَّسُولِ وَأَطَعْنَا ثُمَّ يَتَوَلَّىٰ فَرِيقٌ مِّنْهُم مِّن بَعْدِ ذَٰلِكَ وَمَا أُولَٰئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ * وَإِذَا دُعُوا إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُم مُّعْرِضُونَ)النور/٤٧-٤٨ واتە: دوو ڕووەکان دەڵێن: باوەڕمان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و گوێ ڕایەڵیمان کردووە، پاشان دەستەیەك لەوان دوای ئەوەی وا دەڵێن پشت هەڵدەکەن. ئەوانە موسوڵمان نین. کە بۆ لای خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بانگ دەکرێن تا دادوەریی نێوانیان بکات، دەستەیەکیان پشت هەڵدەکەن و گوێ نادەنێ.

ئیبنوبەططە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەرموێت: (..وَعَلَى الْأَبْدَانِ وَالْجَوَارِحِ الْعَمَلُ بِكُلِّ مَا أَمَرَ بِهِ، وَفَرَضَهُ مِنَ الْأَعْمَالِ. لَا تُجْزِئُ وَاحِدَةٌ مِنْ هَذِهِ إِلَّا بِصَاحِبَتِهَا، وَلَا يَكُونُ الْعَبْدُ مُؤْمِنًا إِلَّا بِأَنْ يَجْمَعَهَا كُلَّهَا).[١] واتە: ئەوەی لەسەر جەستەو ئەندامەکانی لاشە فەرزە، بە کردەوە سەلماندن و ئەنجامدانی هەموو ئەو فرمان و کارانەیە کە خوای گەورە فەرزی کردوون،

[١] (الإبانه) إبن بطة ٢ ٧٦١.

هیچ کام لەوانە -دڵ و زمان و ئەندامەکان- پاداشت وەرناگرێت لەگەڵ ئەوانی تردا نەبێت و بەندە موسوڵمان نابێت هەتا هەموو لایەنەکان کۆ نەکاتەوە. واتە باوەڕەکە دەبێت لە دڵدا جێگیر بووبێت و بە زمان دەربڕرابێت و بە کردەوەش سەلمێنرابێت.

# لقەکانی باوەڕ

# (شُعَبُ الإِيمَان)

هەر وەك کە خوای گەورە قورئانی بە جارێك نەناردە خوارەوە، باوەڕیشی بە جارێك لەسەر موسوڵمانان پێویست نەکرد. بەڵکو پەیتاپەیتا قورئانی ڕەوانە دەکردو بەهۆیەوە ئاڕاستەی دەکردن و ئەرك و فەرمانی بۆ دیاری دەکردن و جار لە دوای جار تا ووزەی باوەڕی زیاتری پێدەدان و پلە بەپلە باوەڕەکەیانی دامەزراوترو هەڵکشاوترو زیاتر دەکرد. هەتا سەرئەنجام ئەو باوەڕەی پێویست بوو بۆیان دیاریکراو سەقامگیر بوو بە هەموو پلەکانیەوە.

وەك خوای گەورە دەفەرموێت:(وَإِذَا مَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ فَمِنْهُم مَّن يَقُولُ أَيُّكُمْ زَادَتْهُ هَٰذِهِ إِيمَانًا فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا فَزَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَهُمْ يَسْتَبْشِرُونَ) التوبة/١٢٤ واتە: ئەگەر سورەتێك ڕەوانە بکرایە هەندێکیان دەیان ووت: کێتان بەم سورەتە باوەڕی زیادی کردووە؟ ئینجا ئەوانە کە باوەڕیان هێناوە باوەڕیان پێی زیادی دەکرد و مژدەیان بە یەکتر دەدا.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە زۆر فەرموودەداو بە دەستەواژەی جیاجیاو بە ژمارەی جیاجیا خەسڵەتەکانی باوەڕی ڕوون کردۆتەوەو باسی بەشەکانی کردووە، بە جۆرێك کە هەر جارەو باسی بەشێك یان چەند بەشێکی کردەوەو لەماوەی تەمەنی پیرۆزو پڕبەرەکەتی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سەرجەم بەشەکانی ڕوون کردۆتەوە. بۆ نموونە: لە هەر کام لەم فەرموودانەدا ئاماژە بە چەند بەشێکی باوەڕ کردووە:

أ - پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی چوار بەش دەکات: ئیبنوعەبباس خوا لێی رازی بێت، دەفەرموێت: وەفدێکی عبدالقيس هاتن بۆ

لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە ناتوانین بێینە خزمەتت لە مانگە یاساغەکاندا نەبێت، چونکە لە نێوانی ئێمە و ئێوەدا ئەم بنەماڵەیە هەیە لە بێ باوەڕانی (مُضَرَ) ئینجا فەرمانێکی ئاشکرامان پێڕاگەیەنە کە بەوانی دوای خۆمانی بگەیەنین و پێی بچینە بەهەشتەوە. پرسیاری پێویستی خواردنەوەشیان لێکرد، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(فَأَمَرَهُمْ بِأَرْبَعٍ وَنَهَاهُمْ عَنْ أَرْبَعٍ. بِالإِيمَانِ) واتە: (فەرمانتان پێ دەکەم بە چوار شت وە ڕێگریتان دەکەم لە چوار شت کە باوەڕ پێکدەهێنن) پاشان بۆی ڕوون کردنەوە و فەرمووی:(شَهَادَةُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامُ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءُ الزَّكَاةِ، وَأَنْ تُعْطُوا مِنَ الْمَغْنَمِ الْخُمُسَ، وَنَهَاكُمْ عَنْ أَرْبَعٍ: عَنِ الْحَنْتَمِ، وَالدُّبَّاءِ، وَالنَّقِيرِ،وَالْمُقَيَّرِ) رواه مسلم وابو عبيد فى كتاب الايمان[1] واتە: شایەتی دانە بەوەی کە هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە بێجگە لە خوای گەورەو بەوەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕەوانە کراوی خوایەو نوێژکردن و زەکاتدان و پێنج یەکی ئەوەی بە غەنیمەت دەیگرن بیدەن و ڕێگریتان دەکەم لەگۆزەی سورەوە کراو -کە مەی تێدا دروست بکەن- و گلێنە و

[1] دەقی فەرمودەکە بە لەفزی بوخاری: عن ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِىَ الله عَنهُمَا قَالَ: إِنَّ وَفْدَ عَبْدِ الْقَيْسِ لَمَّا أَتَوُا النَّبِىَّ قَالَ: «مَنِ الْقَوْمُ أَوْ مَنِ الْوَفْدُ»؟ قَالُوا: رَبِيعَهُ. قَالَ: «مَرْحَبًا بِالْقَوْمِ أَوْ بِالْوَفْدِ غَيْرَ خَزَايَا وَلا نَدَامَى» فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا لا نَسْتَطِيعُ أَنْ نَأْتِيکَ إِلا فِى الشَّهْرِ الْحَرَامِ وَبَيْنَنَا وَبَيْنَکَ هَذَا الْحَىُّ مِنْ كُفَّارِ مُضَرَ فَمُرْنَا بِأَمْرٍ فَصْلٍ نُخْبِرْ بِهِ مَنْ وَرَاءَنَا وَنَدْخُلْ بِهِ الْجَنَّهَ وَسَأَلُوهُ عَنِ الأَشْرِبَهِ. فَأَمَرَهُمْ بِأَرْبَعٍ وَنَهَاهُمْ عَنْ أَرْبَعٍ. أَمَرَهُمْ بِالإِيمَانِ بِاللَّهِ وَحْدَهُ قَالَ: أَتَدْرُونَ مَا الإِيمَانُ بِاللَّهِ وَحْدَهُ؟ قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: شَهَادَهُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ وَأَنَّ محمدا رَسُولُ اللَّهِ وَإِقَامُ الصَّلاهِ وَإِيتَاءُ الزَّكَاهِ وَصِيَامُ رَمَضَانَ وَأَنْ تُعْطُوا مِنَ الْمَغْنَمِ الْخُمُسَ وَنَهَاهُمْ عَنْ أَرْبَعٍ: عَنِ الْحَنْتَمِ وَالدُّبَّاءِ وَالنَّقِيرِ وَالْمُزَفَّتِ وَرُبَّمَا قَالَ: الْمُقَيَّرِ وَقَالَ: احْفَظُوهُنَّ وَأَخْبِرُوا بِهِنَّ مَنْ وَرَاءَكُمْ. بوخاری٥٣ مانگە حەرامەکانیش بریتی بوون لە (ذي القعدة و ذي الحجة و موحەڕڕەم و ڕەجەب) کە جەنگیان تێدا یاساغ دەکرا.

کاسەی دارین و کاسەی قیرکراو کە تایبەت بۆ شەرابخواردنەوە دروست دەکرێت).

ب - هەروەها باسی پێنج بەشی باوەڕ دەکات: وەك دەفەرموێت:(بُنِيَ الإِسْلامُ عَلَى خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ محمدا رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامِ الصَّلاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَالْحَجِّ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ) أخرجه الشيخان.[1] واته: ئیسلام لەسەر پێنج فەرمان بنیاد نراوە: شایەتی دان بە لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ، وە بەوەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوایەو ئەنجامدانی نوێژو زەکاتدان و ڕۆژووی ڕەمەزان و حەجی ماڵی خوا.

ج- پاشان باسی نۆ بەش دەکات: وەك دەفەرموێت:(إِنَّ لِلإِسْلَامِ صُوًى وَمَنَاراً كَمَنَارِ الطَّرِيقِ؛ مِنْهَا أَنْ تُؤْمِن بِاللهِ وَلَا تُشْرِكْ بِهِ شَيْئًا، وَإِقَامَ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَصَوْمُ رَمَضَانَ، وَحجُّ البَيْتِ، وَالأَمْرِ بِالمَعْرُوفِ، وَالنَّهْيِ عَنِ المُنْكَرِ، وَأَنْ تُسَلِّمَ عَلَى أَهْلِكَ إِذَا دَخَلْتَ عَلَيْهِمْ، وَأَنْ تُسَلِّمَ عَلَى القَوْمِ إِذَا مَرَرْتَ بِهِمْ، فَمَنْ تَرَكَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا، فَقَدْ تَرَكَ سَهْمًا مِنَ الإِسْلَامِ وَمَنْ تَرَكَهُنَّ كُلَّهُنَّ فَقَدْ وَلَّى الإِسْلَامَ ظَهْرَهُ) اخرجه الحاكم وصححه على شرط البخاري، ووافقه الذهبي.[2] واته: ئیسلام گرد و مەشخەڵی هەیە وەك مەشخەڵی ڕێگە، لەوانە: باوەڕ بهێنی بە خواو هیچ هاوبەشی بۆ دانەنێیت و ئەنجامدانی نوێژو زەکاتدان و ڕۆژووی ڕەمەزان و حەجی ماڵی خواو فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە و سڵاو لە خێزانەکەت بکەیت کاتێك چوویتە ماڵەوە و سڵاو لە کۆمەڵ بکەیت ئەگەر بە لایاندا تێپەڕیت، هەر کەس شتێك

[1] بوخاری٨ و ٤٥١٥، موسلیم١٦.

[2] ئەلبانی رحمه الله لە(سلسلة الأحاديث الصحيحة١٥٨٧) دا دەفەرموێ سەحیحە.

لەمانە واز لێ بێنێت ئەوە بەشێك لە ئیسلامی واز لێ هێناوەو هەر كەس واز لە هەموویان بهێنێت ئەوا پشتی لە ئیسلام كردووە.

بەشەكانی باوەڕ دوا بە دوای یەك پێویست كراون وەك لە فەرموودانەی پێشوو و ئەم فەرموودەیەی (معاذ)ەوە  خوا لێی رازی بێت دەردەكەوێت: كاتێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ معاذی نارد بۆ یەمەن فەرمووی:(إِنَّكَ تَقْدَمُ عَلى قَوْمِ أَهْلِ كِتَابٍ، فَلْيَكُنْ أَوَّلَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِ عِبادَةُ اللهِ، فَإِذَا عَرَفُوا اللهَ فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللهَ قَدْ فَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي يَوْمِهِمْ وَلَيْلَتِهِمْ، فَإِذا فَعَلُوا فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّ اللهَ فَرَضَ عَلَيْهِمْ زَكاةً مِنْ أَمْوالِهِمْ وَتَرَدُّ عَلَى فُقَرائِهِمْ فَإِذا أَطَاعُوا بِها فَخُذْ مِنْهُمْ وَتَوَقَّ كَرَائِمَ أَمْوَالِ النَّاسِ) متفق عليه. واتە: تۆ دەچیت بۆ لای گەلێك خاوەنی پەیامن، با یەكەم شتێك كە بانگیان دەكەیت بۆی پەرستنی خوا بێت، ئینجا ئەگەر خوایان ناسی هەواڵیان پێ بدە كە خوای گەورە پێنج نوێژی لە شەو و ڕۆژێكدا لەسەر فەرز كردوون، ئینجا ئەگەر نوێژیان كرد هەواڵیان پێ بدە كە خوا لەسەری فەرز كردوون كە زەكاتی سامان و ماڵیان بدەن و دەدرێت بە هەژاران، ئینجا ئەگەر گوێرایەڵیان كرد لێیان وەرگرە و خۆت لە سامانی بە نرخی خەڵكی بپارێزە.

هەركاتێك بەشێكی باوەڕ پێویست بكرایە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێزی بەشەكانی تری باوەڕدا باسی دەكرد و ڕیزبەندی دەكرد، هەتا سەرئەنجام تێكڕای بەشەكانی گەیشتنە حەفتاو ئەوەندە بەش، ئینجا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەژمارە سنووربەندی كردو فەرمووی:(الْإِيمَانُ بِضْعَةٌ وَسَبْعُونَ جُزْءاً، أَفْضَلُهَا شَهَادَةُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ،

وَأَدْنَاهَا اِمَاطَةُ الْأَذَى عَنْ الطَّرِيقِ) رواه مسلم[1] واتە: باوەڕ حەفتا و ئەوەندە بەشە، بەرزترینیان شایەتی دانە بە (لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللهُ) و نزمترینیان لابردنی ئازارە لەسەر ڕێگە.

پێشەوا ئەبو عوبەیدی كوڕی سەللام خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: (فَنَرَىٰ -وَاللهُ أَعْلَم- أَنَّ هَذا القَوْلُ آخِرٍ مَا وَصَفَ بِهِ رَسُوْلُ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْإِيْمان، لِأَنَ العَدَدَ إِنَّما تَنَاها بِهِ، وَبِهِ كَمَلْتَ خِصالِهِ، وَالْمَصَّدَق لَهُ قَوْلُ اللهُ تَبَارَكَ وَ تَعَالىٰ:(الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي) المائدة/٣ واتە: وای دەبینین -خواش زاناترە- ئەم فەرموودەیە دواپین ووتەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بێت كە وەسفی باوەڕی پێكردووە، چونكە ژمارەكە بڕاندوویەتیەوە و هەموو خەسڵەتەكانی باوەڕی تەواو كردووە، بەڵگەی ڕاستیەتی ئەم ڕایەش ئەوەیە خوای گەورە دەفەرمووێت: ئەمڕۆ ئایینەكەتانم بۆ تەواو كردن و نازو نیعمەتی تەواوەتی خۆمم بەسەردا ڕشتن.

سەبارەت بەو حەفتاو ئەوەندە بەشەی كە باوەڕ پێك دەهێنن فەرموودەیەكی ڕاست نییە بە دیاری كراوی و بەسەر یەكەوە باسی هەموویان بكات، بەڵام بە جیا لە زۆر فەرمووددەدا ئاماژەیان بۆ كراوە، لەوانە:

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەفەرموودەكەی پێشوو فەرمووی:(أَفْضَلُهَا شَهَادَةُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ) واتە: بەرزترینیان شایەتی دانە

[1] (كتاب الإيمان) ئەبو عوبەید ل١٥.

بە لاَ إِلَهَ إِلاَّ الله. هەروەها فەرمووی:(...وَأَدْنَاهَا اِمَاطَةُ الْأَذَى عَنْ الطَّرِيقِ) واتە: نزمترینیان لابردنی ئازارە لەسەر ڕێگە.

لە زۆر فەرموودەی تردا ئاماژەی بۆ بەشەکانی باوەڕ کردووە لەوانە (شەرم کردن) و (غیرەت) و (دنیا نەویستی) و (بەڵێن دروستی) و (ڕەوشت جوانی) و (وەسوەسە) و. هتد، وەك دەفەرمووێت:

- (الْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإِيمَانِ) متفق عليه[1] واتە: شەرم کردن بەشێکە لە باوەڕ.

- (الْغَيْرَةُ مِنَ الإِيمَانِ).[2] واتە: غیرەت و چاو نەترسی لە باوەڕەوەیە.

- (الْبَذَاذَةَ مِنَ الإِيمَانِ).[3] واتە: دنیا نەویستی لە باوەڕەوەیە..

- (حُسْنَ الْعَهْدِ مِنَ الْإِيمَانِ).[4] واتە: بەڵێن بردنەسەر لە باوەڕەوەیە.

---

[1] بەشێکە لە فەرمودەکەی پێشتر . زۆر ریوایاتی تریشی هەیە. ئەمە نمونەیەکیانە: ( الإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ بَابًا أَفْضَلُهَا شَهَادَةُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ وَأَهْوَنُهَا إِمَاطَةُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإِيمَانِ).

[2] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: (رواه البزار وابن بطة مرفوعا) هەموو فەرموودەکە ئاوایە: عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ: (الْغَيْرَةُ مِنَ الإِيمَانِ وَالْمِذَاءُ مِنَ النِّفَاقِ). قُلْتُ لِزَيْدٍ: وَمَا الْمِذَاءُ؟ قَالَ: الَّذِي لا يَغَارُ.

[3] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: (رواه ئەبو داود وئیبنو ماجة مرفوعا و صححه الحاكم ووافقه الذهبي) .. راستە لای ابن ماجة/ ٤١٠٨ و ئەبو داود/ ٣٦٣٠ و طەبەرانی ٢٧١/١ ئەلبانیش لە (صحيح التّرغيب والتّرهيب/٢٠٧٤ )دا بە سەحیحی داناوە.

[4] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: (رواه الحاكم و صححه وهو حسن). ئەو فەرمودەیە لە (المستدرک علی الصحيحين) ی حاکمی نەیس ئەبووریدا بەم شێوەیەیە : عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: جَاءَتْ عَجُوزٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ عِنْدِي فَقَالَ: لَهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَآلِهِ وَسَلَّمَ: مَنْ أَنْتِ؟ قَالَتْ: أَنَا جَثَّامَةُ الْمُزَنِيَّةُ فَقَالَ: بَلْ أَنْتِ حَسَّانَةُ

- (إِنَّ أَكْمَلَ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَاناً أَحْسَنُهُمْ خُلُقاً).[١] واتە: لە تەواو ترینی موسوڵمانان لە ڕووی باوەڕەوە ئەوەیانە جوانترین ڕەوشتی هەبێت.

- دەربارەی (وەسوەسە) پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد فەرمووی:(ذَاكَ صَرِيحُ الإِيمَانِ) رواه مسلم.[٢] واتە: ئەوە باوەڕی راشکاوو ئاشکرایە.

سەیدنا عمار یش خوا لێی رازی بێت دەفەرموێت:(ثَلَاثٌ مِنَ الْإِيمَانَ: الْإِنْفَاقُ مِنَ الْإِقْتَارِ، وَلْإِنْصَافُ مِنْ نَفْسِهِ، وَبَذْلُ السَّلَامِ عَلَى الْعَالَمِ).[٣] واتە: سێ

الْمُزَنِيَّةُ كَيْفَ كُنْتُمْ؟ كَيْفَ حَالُكُمْ؟ كَيْفَ أَنْتُمْ بَعْدَنَا؟ قَالَتْ: بِخَيْرٍ بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي يَا رَسُولَ اللَّهِ فَلَمَّا خَرَجَتْ قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ تُقْبِلُ عَلَى هَذِهِ الْعَجُوزِ هَذَا الإِقْبَالَ؟فَقَالَ: إِنَّهَا كَانَتْ تَأْتِينَا زَمَنَ خَدِيجَةَ وَإِنَّ حُسْنَ الْعَهْدِ مِنَ الإِيمَانِ ". دەربارەشی دەفەرموێ: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ فَقَدِ اتَّفَقَا عَلَى الاحْتِجَاجِ بِرُوَاتِهِ فِي أَحَادِيثَ كَثِيرَةٍ وَلَيْسَ لَهُ عِلَّةٌ.

[١] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: (اخرجەئیبنو ابی شیبة و صحح الجماعة). فەرموودەکە لای ترمذی/ ١١٦٢، ئیمامی ئەحمەد/ ٧٤٠٢. ئەلبانی رحمه الله لە (صحیح الجامع١٢٣٢) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٢] دەقی هەموو فەرمودەکە: (عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: جَاءَ نَاسٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَأَلُوهُ إِنَّا نَجِدُ فِي أَنْفُسِنَا مَا يَتَعَاظَمُ أَحَدُنَا أَنْ يَتَكَلَّمَ بِهِ. قَالَ: وَقَدْ وَجَدْتُمُوهُ؟ قَالُوا: نَعَمْ. قَالَ: ذَاكَ صَرِيحُ الإِيمَانِ).

[٣] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: (اخرجە ئیبنوئەبی شەیبە لە کتێبی الإیمان).. دەقی فەرمودەکە: (عَنْ عَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلَاوَةَ الإِيمَانِ: الإِنْفَاقُ فِي الإِقْتَارِ وَبَذْلُ السَّلَامِ لِلْعَالِمِ وَإِنْصَافُ النَّاسِ مِنْ نَفْسِهِ.).

سیفەت لە باوەڕەوەیە: بەخشین لە چروکیدا و هەقساندنەوە لە نەفسی خۆت و سڵاوکردن لە خەڵکی.

ئیمامی ئیبنولقەییمی جەوزییە ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت:(وَلَمَّا كَانَ الْإِيمَانُ أَصْلاً لَهُ شُعَبٌ مُتَعْدِدَة وَكُلُ شُعْبَةٍ مِنْهَا تُسَمىٰ إيمانًا فَالصَّلَاةُ مِنَ الْإِيْمَانُ، وَكَذَلِكَ الزَّكَاةُ وَالْحَجُّ وَالصِّيَامُ وَالأَعْمَالُ البَاطِنَة. كَالحَياءُ وَالتَوَكُلُ وَالخَشِيَةُ مِنَ اللهِ وَالإنابَةُ إِلَيهِ حَتىٰ تَنتَهي هذِهِ الشُعَبٌ إِلىٰ إمَاطةِ الأَذىٰ عَنِ الطَّرِيقِ فَإِنَهُ شُعْبَةٌ مِنَ شُعَبِ الْإِيمَانُ).[1] واتە: بەو پێیە کە باوەڕ بناغە و بنچینەیە، بەشی زۆری هەیە و هەر بەشێك لەوانە پێی دەوترێت باوەڕ: نوێژ کردن بەشێکە لە باوەڕ، هەروەها زەکات و حەج و ڕۆژوو و کردەوە پەنهانەکان وەك: شەرم کردن و پشت بەستن و ترسان لە خواو گەڕانەوە بۆ لای، هەتا ئەم بەشانە بە لابردنی ئازار لەسەر ڕێگە کۆتاییان دێت کە ئەویش بەشێکە لە بەشەکانی باوەڕ.

[1] (الولاء والبراء في الإسلام) القحطاني ل٥٥.

## بەرز و نزمی بەشەکانی باوەڕ

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەی (شُعَبُ الإِيْمَان) بە ڕاشکاوی باسی بەرزترین بەشی باوەڕی کردوە ئەویش شایەتی دانە بە (لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللّٰه).

هەروەها باسی نزمترین بەشی کردووە کە بریتییە لە (لابردنی ئازارە لەسەر ڕێگە).

کەواتە تێکڕای بەشەکانی تر لە نێوانی ئەم دوانەدان و جیاوازییان هەیە لە بەرز و نزمیدا، ئینجا هەیانە لە شایەتی دانەوە نزیکە و ئاستی بەرزی هەیە و هەشیانە لە بەشی (لابردنی ئازار)ە وە نزیکە و ئاستی نزمی هەیە.

هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە زۆر فەرموودەی تردا باسی بەرزترین یاخود باشترین یان لاوازترین بەشی باوەڕی کردووە، لەوانە:

پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کرد: باشترین کردەوە چییە؟ فەرمووی: (إِيمَانٌ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ) واتە: باوەڕهێنانە بەخواو پێغەمبەری خوا. ووتیان ئینجا چی تر؟ فەرمووی: (الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ) واتە: جیهاد کردن لە پێناوی خودا. ووتیان: ئینجا چی تر؟ فەرمووی:(حَجٌّ مَبْرُورٌ) متفق عليه.[1] واتە: حەجێك بە نیاز پاکی بکرێت.

---

[1] دەقی فەرمودەکە:(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سُئِلَ أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ فَقَالَ إِيمَانٌ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ قِيلَ ثُمَّ مَاذَا قَالَ الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ قِيلَ ثُمَّ مَاذَا قَالَ حَجٌّ مَبْرُورٌ). بوخاری٢٥، موسلیم ١٢١.

یاخود دەفەرموێت: (أَكْمَلَ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَاناً أَحْسَنُهُمْ خُلُقاً) رواه الترمذی والحاكم وقال: صحيح على شرطهما، وحسنه الترمذي.[1] واتە: لە تەواو ترینی موسوڵمانان لە ڕووی باوەڕەوە ئەوەیانە جوانترین ڕەوشتی هەبێت.

یان دەربارەی لاوازترین باوەڕ دەفەرموویت:(مَنْ رَأى مِنْكُم مُنْكَراً فَلْيُغَيِّرهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَستَطِعْ فَبِلِسانِهِ ، فَإِن لَم يَستَطِع فَبِقَلْبِهِ وَذلِكَ أضْعَفُ الْإيْمانِ) .رواه مسلم[2] واتە: هەر کەس لە ئێوە خراپەیەکی بینی با بەدەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بەزمانی بیگۆڕێت، وە ئەگەر نەیتوانی با بەدڵی پێی ناخۆش بێت، ئەوەش لاوازترین باوەڕە.

هەروەها لە فەرموودەی (شفاعة)یشدا هاتووە:(يَخْرُجُ مِن النَّارِ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ شَعِيرَةٍ مِنَ الْإيْمانِ، وَبُرَّةٍ مِنْ إِيمَانٍ، وَمِثْقَالُ ذَرَّةٍ، وَإِلَّا صُولِبَ) متفق عليه[3] واتە: ئینجا هەرکەس بە کێشی دەنکە جۆیەك باوەڕ لە دڵیدا بوو بێت لە ئاگر دەردەهێندرێت، وە بەکێشی دەنکە گەنمێك لە باوەڕەوە بەکێشی گەردیلەیەك، ئەگەرنا هەڵدەواسرێت.

[1] ترمذی ١١٦٢، ئیمامی ئەحمەد ٧٤٠٢. ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح الجامع١٢٣٢) دا دەفەرموێ: سەحیحە. موسلیم ٧٣، ئەبوداوود ٣٧٨٠، ترمذی ٢٠٩٨، نەسائی ٤٩٤٩، ئیبنوماجە ١٢٦٥.

[2] موسلیم ٧٣، ئەبوداوود ٣٧٨٠، ترمذی ٢٠٩٨، نەسائی ٤٩٤٩، ئیبنوماجە ١٢٦٥.

[3] بوخاری/ ٤٤، موسلیم/١٩٣.

## جیاوازای نێوان

## پایەكانی باوەڕو بەشەكانی

مەبەست لە بەشەكانی باوەڕ سەرجەم ئەو كارو فەرمانە دەروونی و زارەكی و لاشەییانەن كە باوەڕیان لێ پێك دێت بە بیروباوەڕ(عقائد) و دروشمی پەرستن (شعائر) یاساو ڕێسا (شرائع) وە.

بەڵام مەبەست لە پایەكانی باوەڕ ئەو ڕاگرە سەرەكییانەیە كە باوەڕیان لەسەر ڕاگیر دەبێت ڕۆڵی سەرەكی دەبینین لە جێگیر بوونیدا.

بەم پێیە هەرچەندە پایەكانی باوەڕ لە بنچینە سەرەكییەكانن بەڵام جیا ناكرێنەوە لە بەشەكانی باوەڕ بەڵكو ئەمانیش لەو حەفتاو ئەوەندە بەشەی باوەڕن و لەپلە بەرزەكانیانن.

خوای گەورە دەربارەی بەشەكانی باوەڕ دەفەرموویت:(لَّيْسَ الْبِرَّ أَن تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواۖ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِۗ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ صَدَقُواۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ)البقرة/١٧٧ واتە: چاكە ئەوە نیە ڕوو بكەنە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەڵكو چاكە ئەوەیە هەر كەسێك باوەڕی بە خواو ڕۆژی دوایی و فریشتەكان و كتێبەكان و پێغەمبەرانی خوا هەبێت و بە حەزی دڵ ماڵ و سامان ببەخشێت بە خزمی نزیك و هەتیوان و هەژاران و ڕێبواران و سواڵكەران و كۆیلەكان، هەروەها نوێژ ئەنجام بدات و زەكات بدات و ئەوانەی لە بەڵێنیاندا سەر ڕاستن ئەگەر بەڵێنیان دا ئەوانەی ئارام گرن لە

هەژاری و نەخۆشی و کاتی تەنگانە و جەنگدا، ئەوانە ڕاستیان کردووە و ئەوانە پارێزکارن.

هەروەها دەربارەی پایەکانی باوەڕ دەفەرموویت:(آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ...) البقرة/٢٨٥ واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باوەڕی هێناوە بە و پەیامەی لە پەروەردگاریەوە بۆی ڕەوانە کراوە، هەروەها موسوڵمانانیش، هەموویان باوەڕیان هێناوە بەخواو فریشتەکانی و کتێبەکانی و نێرراوەکانی.

بەسەرنج لە ئایەتەکانی بەشی یەکەم دەبینین لە میانەی باسکردنی هەندێك لە بەشەکانی باوەڕدا باسی چوار پایەکانی باوەڕی کردووە، بەڵام ئایەتی (٨٥) ی سورەتی (البقرة) دا هەر باسی پایەکانی باوەڕی کردووە و هیچ کام لە بەشەکانی تری باوەڕی باس نەکردووە.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ڕیزی بەشەکانی باوەڕدا زۆر شتی باس کردووە، لەوانە باوەڕ بە خواو نوێژ کردن و زەکاتدان و.... هتد، بەڵام لە باسی پایەکانی باوەڕدا هەر تەنها شەش پایەکەی ژماردووە.

کەواتە: بەشەکانی باوەڕ سەرجەم پایەکان و شتی تریش دەگرنەوە، بەڵام پایەکانی باوەڕ بێجگە لە خۆیان هیچ کام لەبەشەکانی تر ناگرنەوە.

# پلەکانی باوەڕ

# (مَرَاتِب الإيمَان)

ئەگەر ووشەی باوەڕ (الإيمان) لەشەرعدا بە تەنها باسکرا مەبەست لە هەموو ئایینی ئیسلامە و حەفتاو ئەوەندە بەش دەگرێتەوە، وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت: (الْإِيمَانُ بِضْعَةٌ وَسَبْعُونَ جُزْءاً، أَفْضَلُهَا شَهَادَةُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ، وَأَدْنَاهَا اِمَاطَةُ الْأَذَى عَنْ الطَّرِيقِ)رواه مسلم[١] واتە: باوەڕ حەفتاو ئەوەندە بەشە، بەرزترینیان شایەتی دانە بە (لاَ إِلٰهَ إِلاَّ الله) و نزمترینیان لابردنی ئازارە لەسەر ڕێگە.

**ئینجا سەرجەم بەشەکانی باوەڕدەکرێن بە سێ پلەوە:**

پلەی یەکەم: بنچینەی باوەڕ (أَصْل الْإِيمَان): بریتییە لەو ووتە و کردەوانەی کە بناغە و بنەڕەتی باوەڕن و نەبوونییەکێکیان یان هەموویان نەبوونی باوەڕە سەر لەبەر و بە هۆیانەوە بەندە لە بێ باوەڕی دەردەچێت و دێتە بازنەی باوەڕەوە و بەم پلەیە دەووترێت باوەڕی ڕەها (الْإِيمَانُ الْمُطْلَق) و لە هەر کەسێکدا بەرجەستە ببێت بانگەشەی(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا) دەیگرێتەوە و سەر و ماڵی حەرام دەبێت.

---

[١] متفق عليه: بوخاری/ ٨، موسلیم/٥٣.

**نموونە لەسەربنچینەی باوەڕ:**

ئەم پلەیە -بە گوێرەی ئەو لایەنانەی کە باوەڕیان پێ ئەنجام دەدرێت لە دڵ و زمان و ئەندامەکانی لاشە- چەند بەشێك دەیگرێتەوە، لێرەدا ئاماژە بە نموونەی هەر یەکەیان دەکەین:

أ) ئەرکەکانی دڵ: وەك باوەڕ هێنان بەخوای گەورە و بە تەنها ناسینی و باوەڕهێنان بەسەرجەم پایەکانی تری باوەڕو زانین و ناسینی ئەو پەیامەی بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتووە و بڕوا پێکردنی و پابەند بوونی و خۆشویستن و سڵکردنەوە و ڕازیبوون و نیاز پاکی و ملکەچ کردن بۆ خوای گەورە.

ب) ئەرکەکانی زمان: وەك شایەتی دان بە (لاَ إِلَٰهَ إِلاَّ اللّه) (محمدا رَسُولُ اللَّهِ) واتە: ووتنی شایەتومان.

ج) ئەرکەکانی لاشە: وەك ئەنجام دانی ئەو کردەوانەی کەواز لێ هێنانیان مایەی بێ باوەڕی یە لە پەرستنی خواو حوکم کردن بە بەرنامەی خوای گەورە، یاخود واز هێنان لەو کردەوانەی کە ئەنجام دانیان مایەی بێ باوەڕییە لە پەرستنی (طاغوت) و حوکم کردن بە بەرنامەی مرۆڤ کاردەکەن.

پێوانەی جیاکردنەوەی بنچینەی باوەڕ:

**بنچینەی باوەڕ بە پێی حوکمەکەی لە پلەکانی تر جیا دەکرێتەوە بەم شێوەیە:**

١- هەر کردەوەیەك واز لێ هێنانی بێ باوەڕی بێت، ئەوا ئەنجام دانی لە بنچینەکانی باوەڕە وەك: ناسین و بڕوا پێکردن و پابەند بوونی دڵ بە پەیامی خواوە و دان پیانانی بە زمان و حوکم پێ کردن و پیادەکردنی بە لاشە.

٢- هەر کردەوەیەك ئەنجام دانی بێ باوەڕی بێت ئەوا واز لێ هێنانی لە بنچینەکانی باوەڕە وەك: پاڕانەوە لە غەیری خوا و گاڵتە کردن بە ئایین و پەرستنی (طاغوت).

ئینجا هەر کەس بنچینەکانی باوەڕی تێدا بەرجەستە ببێت ئەوا لە بێ باوەڕی دەردەچێت و دەچێتە بەهەشتەوە، دەست بەجێ و بێ لێپرسینەوە بێت یاخود سەر ئەنجام و دوای سزا بێت، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت:( ....حَتَّى إِذَا فَرَغَ اللَّهُ مِنَ الْقَضَاءِ بَيْنَ الْعِبَادِ ، وَأَرَادَ أَنْ يُخْرِجَ بِرَحْمَتِهِ مَنْ أَرَادَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ ، أَمَرَ الْمَلَائِكَةَ أَنْ يُخْرِجُوا مِنَ النَّارِ ، مَنْ كَانَ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا ، مِمَّنْ أَرَادَ اللَّهُ تَعَالَى أَنْ يَرْحَمَهُ مِمَّنْ يَقُولُ : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ، فَيَعْرِفُونَهُمْ فِي النَّارِ يَعْرِفُونَهُمْ بِأَثَرِ السُّجُودِ) رواه البخاری[١] واتە:

[١] دەقی هەموو فەرمودەکە لە سەحیحی بوخاری: أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ أَخْبَرَهُ " أَنَّ نَاسًا قَالُوا لِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ هَلْ نَرَى رَبَّنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: هَلْ تُضَارُّونَ فِي رُؤْيَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ؟ قَالُوا: لَا يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: هَلْ تُضَارُّونَ فِي الشَّمْسِ لَيْسَ دُونَهَا سَحَابٌ؟ قَالُوا: لَا يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: فَإِنَّكُمْ تَرَوْنَهُ كَذَلِكَ يَجْمَعُ اللَّهُ النَّاسَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيَقُولُ: مَنْ كَانَ يَعْبُدُ شَيْئًا فَلْيَتَّبِعْهُ فَيَتَّبِعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الشَّمْسَ الشَّمْسَ وَيَتَّبِعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الْقَمَرَ الْقَمَرَ وَيَتَّبِعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الطَّوَاغِيتَ الطَّوَاغِيتَ وَتَبْقَى هَذِهِ الْأُمَّةُ فِيهَا مُنَافِقُوهَا فَيَأْتِيهِمُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى فِي صُورَةٍ غَيْرِ صُورَتِهِ الَّتِي يَعْرِفُونَ فَيَقُولُ: أَنَا رَبُّكُمْ فَيَقُولُونَ: نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْكَ هَذَا مَكَانُنَا حَتَّى يَأْتِيَنَا رَبُّنَا فَإِذَا جَاءَ رَبُّنَا عَرَفْنَاهُ فَيَأْتِيهِمُ اللَّهُ تَعَالَى فِي صُورَتِهِ الَّتِي يَعْرِفُونَ فَيَقُولُ: أَنَا رَبُّكُمْ فَيَقُولُونَ: أَنْتَ رَبُّنَا فَيَتَّبِعُونَهُ وَيُضْرَبُ الصِّرَاطُ بَيْنَ ظَهْرَيْ جَهَنَّمَ فَأَكُونُ أَنَا وَأُمَّتِي أَوَّلَ مَنْ يُجِيزُ وَلَا يَتَكَلَّمُ يَوْمَئِذٍ إِلَّا الرُّسُلُ وَدَعْوَى الرُّسُلِ يَوْمَئِذٍ: اللَّهُمَّ سَلِّمْ سَلِّمْ وَفِي جَهَنَّمَ كَلَالِيبُ مِثْلُ شَوْكِ السَّعْدَانِ هَلْ رَأَيْتُمُ السَّعْدَانَ؟ قَالُوا: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: فَإِنَّهَا مِثْلُ شَوْكِ السَّعْدَانِ غَيْرَ أَنَّهُ لَا يَعْلَمُ مَا قَدْرُ عِظَمِهَا إِلَّا اللَّهُ تَخْطَفُ النَّاسَ بِأَعْمَالِهِمْ

هەتا کاتێك خوای گەورە لە دادوەری نێوان بەندەکانی لێ دەبێتەوە. وە دەیەوێت بە بەزەیی خۆی هەر کەسێکی بوێت لە ئاگر دەری بهێنێت، فەرمان بە فریشتەکان دەکات کە هەر کەس هیچی نەکردبێت بە هاوبەشی خوا لە

---

فَمِنْهُمُ الْمُؤْمِنُ بَقِيَ بِعَمَلِهِ وَمِنْهُمُ الْمُجَازَى حَتَّى يُنَجَّى حَتَّى إِذَا فَرَغَ اللَّهُ مِنَ الْقَضَاءِ بَيْنَ الْعِبَادِ وَأَرَادَ أَنْ يُخْرِجَ بِرَحْمَتِهِ مَنْ أَرَادَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ أَمَرَ الْمَلَائِكَةَ أَنْ يُخْرِجُوا مِنَ النَّارِ مَنْ كَانَ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا مِمَّنْ أَرَادَ اللَّهُ تَعَالَى أَنْ يَرْحَمَهُ مِمَّنْ يَقُولُ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فَيَعْرِفُونَهُمْ فِي النَّارِ يَعْرِفُونَهُمْ بِأَثَرِ السُّجُودِ تَأْكُلُ النَّارُ مِنَ ابْنِ آدَمَ إِلَّا أَثَرَ السُّجُودِ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَى النَّارِ أَنْ تَأْكُلَ أَثَرَ السُّجُودِ فَيُخْرَجُونَ مِنَ النَّارِ وَقَدِ امْتَحَشُوا فَيُصَبُّ عَلَيْهِمْ مَاءُ الْحَيَاةِ فَيَنْبُتُونَ مِنْهُ كَمَا تَنْبُتُ الْحِبَّةُ فِي حَمِيلِ السَّيْلِ ثُمَّ يَفْرُغُ اللَّهُ تَعَالَى مِنَ الْقَضَاءِ بَيْنَ الْعِبَادِ وَيَبْقَى رَجُلٌ مُقْبِلٌ بِوَجْهِهِ عَلَى النَّارِ وَهُوَ آخِرُ أَهْلِ الْجَنَّةِ دُخُولًا الْجَنَّةَ فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ اصْرِفْ وَجْهِي عَنِ النَّارِ فَإِنَّهُ قَدْ قَشَبَنِي رِيحُهَا وَأَحْرَقَنِي ذَكَاؤُهَا فَيَدْعُو اللَّهَ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَدْعُوَهُ ثُمَّ يَقُولُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: هَلْ عَسَيْتَ إِنْ فَعَلْتُ ذَلِكَ بِكَ أَنْ تَسْأَلَ غَيْرَهُ؟ فَيَقُولُ: لَا أَسْأَلُكَ غَيْرَهُ وَيُعْطِي رَبَّهُ مِنْ عُهُودٍ وَمَوَاثِيقَ مَا شَاءَ اللَّهُ فَيَصْرِفُ اللَّهُ وَجْهَهُ عَنِ النَّارِ فَإِذَا أَقْبَلَ عَلَى الْجَنَّةِ وَرَآهَا سَكَتَ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَسْكُتَ ثُمَّ يَقُولُ: أَيْ رَبِّ قَدِّمْنِي إِلَى بَابِ الْجَنَّةِ فَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ: أَلَيْسَ قَدْ أَعْطَيْتَ عُهُودَكَ وَمَوَاثِيقَكَ لَا تَسْأَلُنِي غَيْرَ الَّذِي أَعْطَيْتُكَ وَيْلَكَ يَا ابْنَ آدَمَ مَا أَغْدَرَكَ فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ وَيَدْعُو اللَّهَ حَتَّى يَقُولَ لَهُ: فَهَلْ عَسَيْتَ إِنْ أَعْطَيْتُكَ ذَلِكَ أَنْ تَسْأَلَ غَيْرَهُ؟ فَيَقُولُ: لَا وَعِزَّتِكَ فَيُعْطِي رَبَّهُ مَا شَاءَ اللَّهُ مِنْ عُهُودٍ وَمَوَاثِيقَ فَيُقَدِّمُهُ إِلَى بَابِ الْجَنَّةِ فَإِذَا قَامَ عَلَى بَابِ الْجَنَّةِ انْفَهَقَتْ لَهُ الْجَنَّةُ فَرَأَى مَا فِيهَا مِنَ الْخَيْرِ وَالسُّرُورِ فَيَسْكُتُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَسْكُتَ ثُمَّ يَقُولُ: أَيْ رَبِّ أَدْخِلْنِي الْجَنَّةَ؟ فَيَقُولُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى لَهُ: أَلَيْسَ قَدْ أَعْطَيْتَ عُهُودَكَ وَمَوَاثِيقَكَ أَنْ لَا تَسْأَلَ غَيْرَ مَا أُعْطِيتَ وَيْلَكَ يَا ابْنَ آدَمَ مَا أَغْدَرَكَ فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ لَا أَكُونُ أَشْقَى خَلْقِكَ فَلَا يَزَالُ يَدْعُو اللَّهَ حَتَّى يَضْحَكَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى مِنْهُ فَإِذَا ضَحِكَ اللَّهُ مِنْهُ قَالَ: ادْخُلِ الْجَنَّةَ فَإِذَا دَخَلَهَا قَالَ اللَّهُ لَهُ: تَمَنَّهْ فَيَسْأَلُ رَبَّهُ وَيَتَمَنَّى حَتَّى إِنَّ اللَّهَ لَيُذَكِّرُهُ مِنْ كَذَا وَكَذَا حَتَّى إِذَا انْقَطَعَتْ بِهِ الأَمَانِيُّ قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ذَلِكَ لَكَ وَمِثْلُهُ مَعَهُ ".

ئاگر دەری بهێنن لەوانەی خوا دەیەوێت بەزەیی پێیاندا بێتەوە و شایەتییان دەدا بە (لاَ إِلٰهَ إِلاَّ الله). فریشتەکان لە ئاگری دۆزەخدا بە شوێنەواری کڕنوش بردنیاندا دەیان ناسنەوە.

وەك لەم فەرموودەیەدا دەفامرێتەوە ئەوانەی کە لە ئاگری دۆزەخ دەردەهێنرێن بنچینەی باوەڕیان تێدایە و نیشانەکانیان ئەمانەن:

أ- شایەتومان هێنان، وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(مِمَّنْ يَقُولُ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ).

ب- نوێژکردن، چونکە دەفەرمووێت:(يَعْرِفُونَهُمْ بِأَثَرِ السُّجُودِ).

ج- وازهێنان لەو کردەوانەی مایەی بێ باوەڕین، وەك دەفەرمووێت:(مَنْ كَانَ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا).

هەروەها لە فەرموودیەکی تردا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(ذَاكَ جِبْرِيلُ أَتَانِي فَقَالَ مَنْ مَاتَ مِنْ أُمَّتِكَ لاَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ) رواه البخاری[1] واتە: ئەوە جوبریلە هات بۆ لام و فەرمووی:

---

[1] بوخاری/ ٤٧٧٨، موسلیم/٩٢. دەقی هەموو فەرمودەکە: عَنْ أَبِي ذَرٍّ قَالَ كُنْتُ أَمْشِي مَعَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي حَرَّةِ الْمَدِينَةِ عِشَاءً وَنَحْنُ نَنْظُرُ إِلَى أُحُدٍ فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ ﷺ " يَا أَبَا ذَرٍّ " . قَالَ قُلْتُ لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ " مَا أُحِبُّ أَنَّ أُحُدًا ذَاكَ عِنْدِي ذَهَبٌ أَمْسَى ثَالِثَةً عِنْدِي مِنْهُ دِينَارٌ إِلاَّ دِينَارًا أُرْصِدُهُ لِدَيْنٍ إِلاَّ أَنْ أَقُولَ بِهِ فِي عِبَادِ اللَّهِ هَكَذَا -حَثَا بَيْنَ يَدَيْهِ- وَهَكَذَا - عَنْ يَمِينِهِ - وَهَكَذَا - عَنْ شِمَالِهِ". قَالَ ثُمَّ مَشَيْنَا فَقَالَ " يَا أَبَا ذَرٍّ ". قَالَ قُلْتُ لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ . قَالَ " إِنَّ الأَكْثَرِينَ هُمُ الأَقَلُّونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِلاَّ مَنْ قَالَ هَكَذَا وَهَكَذَا وَهَكَذَا ". مِثْلَ مَا صَنَعَ فِي الْمَرَّةِ الأُولَى قَالَ ثُمَّ مَشَيْنَا قَالَ " يَا أَبَا ذَرٍّ كَمَا أَنْتَ حَتَّى آتِيَكَ " . قَالَ فَانْطَلَقَ حَتَّى تَوَارَى عَنِّي - قَالَ - سَمِعْتُ لَغَطًا وَسَمِعْتُ صَوْتًا - قَالَ - فَقُلْتُ لَعَلَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ عُرِضَ لَهُ - قَالَ - فَهَمَمْتُ أَنْ أَتَّبِعَهُ قَالَ ثُمَّ ذَكَرْتُ قَوْلَهُ " لاَ تَبْرَحْ حَتَّى آتِيَكَ ". قَالَ فَانْتَظَرْتُهُ فَلَمَّا جَاءَ ذَكَرْتُ لَهُ الَّذِي سَمِعْتُ - قَالَ - فَقَالَ " ذَاكَ

هەرکەس لە ئوممەتەکەت بمرێت و هیچ هاوبەشی بۆ خوای گەورە دانەنابێت دەچێتە بەهەشتەوە). أبوذر خوا لێی رازی بێت، فەرمووی:(وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ؟) واتە: ئەگەر زینا بکات و ئەگەر دزیش بکات. فەرمووی:(وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ؟) واتە: ئەگەر زینا بکات و ئەگەر دزیش بکات).

مەبەستی جبریل عَلَيهِ السَّلَام ئەوە بوو کە سەرئەنجام هەر دەچێتەوە بەهەشتەوە، بەڵام هەرکەس بنچینەی باوەڕی تێدا نەبێت ئەوە بێ باوەڕەو بە هەمیشەیی لە ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە و هەرگیز لێی دەرباز نابێت، وەك خوای گەورە دەفەرموویت:(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لِيَفْتَدُوا بِهِ مِنْ عَذَابِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ * يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُوا مِنَ النَّارِ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنْهَا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ) المائدة/٣٦ - ٣٧ واتە: ئەوانەی بێ باوەڕن ئەگەر هەرچی لە زەوی دایە هی ئەوان بێت و ئەوەندەی تریشی لەگەڵدا بێت بۆ ئەوەی بیدەن لە ڕێی خۆیاندا تاکو لە سزای ڕۆژی دوایی ڕزگاریان بکات لێیان وەرناگیرێت و سزاو ئازاری بە سۆیان پێ دەبڕێت، دەیانەوێت لە ئاگری دۆزەخ دەرچن بەڵام لێی دەرناچن و سزای نەبڕاوەیان پێ دەدرێت. هەروەها دەفەرموویت:(إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ أُولَٰئِكَ عَلَيْهِمْ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ * خَالِدِينَ فِيهَا ۖ لَا يُخَفَّفُ عَنْهُمُ الْعَذَابُ وَلَا هُمْ يُنظَرُونَ) البقرة/١٦١-١٦٢واتە: ئەوانەی بێ باوەڕن بە بێ باوەڕیش دەمرن، ئا ئەوانە نەفرینی خواو فریشتەکان و سەرجەم خەڵکی یان لێ دەکرێت، بە هەمیشەیی

---

جِبْرِيلُ أَتَانِي فَقَالَ مَنْ مَاتَ مِنْ أُمَّتِكَ لاَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ " . قَالَ قُلْتُ وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ قَالَ " وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَق " .

لە دۆزەخدا دەمێننەوە بە بێ ئەوەی سزایان لەسەر سووك بکرێت یاخود ساتێك چاوپۆشی یان لێ بکرێت.

پلەی دووەم: باوەڕی پێویست (الْإِيمَانُ الْوَاجِبْ): بریتییە لەو ووتە و کردەوانەی ئەرکن لەسەر موسوڵمان و لە بنچینەی باوەڕ زیادن، ئینجا ئەنجام دانی فەرمانە پێویستەکان بێت یاخود واز هێنان لە فرمانە یاساغ کراوەکان.

**نموونە لەسەرباوەڕی پێویست:**

ئەم پلەیەش چەند بەشێکی باوەڕ دەگرێتەوە و سەرجەمیان حوکمی ئاشکران و بە جەم بوونیان باوەڕەکە تەواو دەبێت و بەکەم بوونیان کەم دەبێت، لێرەدا بە پێی لایەنەکانی باوەڕ ئاماژە بە نموونەی هەریەکەیان دەکەین:

أ- ئەرکەکانی دڵ: وەك خۆشویستنی موسوڵمان و دڵفراوانی و گومانی باش و ئیرەیی (حسود) ی نەبردن و چروکی نەکردن ,.... هتد.

ب- ئەرکەکانی زمان: وەك فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری کردن لە خراپە و ڕاستگۆیی و زمان شیرینی و بانگەواز کردن و غەیبەت نەکردن و دوو زمانی نەکردن و..... هتد.

ج- ئەرکەکانی لاشە: وەك زەکات دان و حەج کردن و ڕۆژوو گرتن و جیهاد کردنی پێویست و فریا کەوتنی لێقەوماو فێربوونی زانستە فەرزەکان و.... هتد.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی نموونەی ئەم باوەڕە دەفەرمووێت:(مَنْ أَحَبَّ لِلَّهِ وَأَبْغَضَ لِلَّهِ وَأَعْطَى لِلَّهِ وَمَنَعَ لِلَّهِ فَقَدِ اسْتَكْمَلَ

ٱلْإِيْمَانُ) رواه أبو داود، وهو صحيح.[1] واتە: هەر کەس لە بەر خوا خەڵکی خۆش بوێت و لەبەر خوا ڕقی لێیان ببێتەوە و لەبەر خوا ببەخشێت و لەبەر خوا دەست بگرێتەوە ئەوە باوەڕی تەواو کردووە.

**پێوانەی جیاکردنەوەی باوەڕی پێویست:**

وەك چۆن بنچینەی باوەڕ بە پێی حوکمەکەی جیاکرایەوە بە هەمان شێوە باوەڕی پێویستیش بە پێی حوکمەکەی بەم شێوەیە جیادەکرێتەوە:

١- هەر ووتەیەك یان کردەوەیەك هەڕەشە لە واز لێ هێنانی کرابێت و بەندە لە واز لێ هێنانی بێ باوەڕ نەبێت ئەوە ئەنجام دانی لە ڕیزی باوەڕی پێویست دایە، وەك: ڕاستگۆیی و دەست پاکی و چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوکدا و.... هتد.

٢- هەر ووتەیەك یان کردەوەیەك هەڕەشە لەواز لێ هێنانی کرابێت، و بەندە بە ئەنجام دانی بێ باوەڕ نەبێت ئەوە واز لێ هێنانی لە ڕیزی باوەڕی پێویستدایە، وەك: زینا کردن و سووخواردن و دزی کردن و مەی خواردنەوە و درۆکردن و غەیبەت و پاشملە و دوو زمانی و.... هتد.

## خەڵکی دەربارەی باوەڕی پێویست دەبن بە دوو بەشەوە:

<u>دەستەی یەکەم</u>: ئەو کەسانەی کە تێیدا کەمتەرخەمن، واتە کردەوە پێویستەکان پشت گوێ دەخەن و کارە یاساغ کراوەکان ئەنجام دەدەن، ئەمانە -سەرەڕای ئەوەی بنچینەی باوەڕیان هەیە - کەمتەرخەمی دەکەن و خاوەنی تاوانە گەورەکان (کبار)ن و کەسێك حاڵی ئاوا بێت و بەبێ تەوبە

---

[1] ئەبو داوود/٤٦٨١ شێخی ئەلبانی رحمەاللە لە ( صحيح الجامع ٢٥٣٩) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

بمرێت ئەوە هەڕەشەی لێکراوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە بەردەم ویستی خوای گەورەدایە، ئەگەر بیەوێت لێی خۆش دەبێت و لە ڕێوە دەیخاتە بەهەشتەوە واتە بە بێ سزادان، وە ئەگەر ویستی بێت بە ئەندازەی تاوانەکەی سزای دەدات پاشان -بەهۆی ئەو بنچینەی باوەڕەوە کە بوویەتی- لە ئاگری دۆزەخ دەری دەهێنێت و دەیخاتە بەهەشتەوە.

بەڵگەی ویستی خوای گەورە ئەوەیە دەفەرمووێت:(إِنَّ اللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَاءُ) النساء/٤٨ واتە: خوا لەوە خۆش نابێت هاوبەشی بۆ دئیبنورێت، بەڵام بێجگە لەوە لە هەموو تاوانێکی تر خۆش دەبێت بۆ هەر کەسێك خۆی بیەوێت.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(لَيُصِيبَنَّ أَقْوَامًا سَفْعٌ مِنَ النَّارِ بِذُنُوبٍ أَصَابُوهَا عُقُوبَةً، ثُمَّ يُدْخِلُهُمُ اللَّهُ الْجَنَّةَ بِفَضْلِ رَحْمَتِهِ يُقَالُ لَهُمُ الْجَهَنَّمِيُّونَ) رواه البخاری[1] واتە: کۆمەڵانێك تووشی بڵێسەی ئاگر دەبن لە تۆڵەی چەند گوناهێکدا کە کردویانە، پاشان خوای گەورە لە ڕووی بەزەیی فراوانی خۆیەوە دەیان خاتە بەهەشتەوە، پێیان دەووترێت: دۆزەخی یەکان.

هەروەها دەفەرمووێت:(بَايِعُونِي عَلَى أَنْ لاَ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ شَيْئًا، وَلاَ تَسْرِقُوا، وَلاَ تَزْنُوا، وَلا تَقْتُلُوا أَوْلادَكُمْ ، وَلا تَأْتُوا بِبُهْتَانٍ تَفْتَرُونَهُ بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَأَرْجُلِكُمْ، وَلا تَعْصُوا فِي مَعْرُوفٍ، فَمَنْ وَفَى مِنْكُمْ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ، وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا فَعُوقِبَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَتُهُ، وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا فَسَتَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ، فَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ، إِنْ شَاءَ عَفَا عَنْهُ، وَإِنْ شَاءَ عَاقَبَهُ) متفق علیه.[2] واتە: بەیعەتم

[1] بوخاری/ ٦٥٥٩ و ٦٥٦٦.

[2] بوخاری/ ٣٦٢٨، موسلیم/ ١٧٠٩.

پێ بدەن لەسەر ئەوەی هیچ هاوبەشێك بۆ خوا دانەنێن و دزی نەکەن و زینا نەکەن و ڕۆڵەکانتان نەکوژن نەچن بوختتان لە نێوان دەست و پێتاندا -واتە لە ناو خۆتاندا- هەڵبەستن و لە کاری چاکەدا سەرپێچی مەکەن، ئینجا هەر کەس لە ئێوە بەرامبەر بەیعەتەکەی سەر ڕاست بوو ئەوە پاداشتی لەسەر خوایە، وە هەر کەس تووشی یەکێك لەو تاوانانە ببێت و لە دنیادا بە هۆیەوە سزا بدرێت ئەوە دەبێتە مایەی سڕینەوەی، وەهەر کەس تووشی یەکێك لەو تاوانانە ببێت، پاشان خوای گەورە بۆی بپۆشێت ئەوە لێپرسینەوەی لای خوایە: ئەگەر بیەوێت لێی دەبوورێت و ئەگەر بیشیەوێت سزای دەدات.

دەستەی دووەم: ئەو کەسانەن کە سەرەڕای ئەوەی بناغەی باوەڕیان تێدایە، بە تەواوی باوەڕی پێویست ئەنجام دەدەن و هیچ کەمتەرخەمی تێدا ناکەن، بەڵام هیچشی لێ زیاد ناکەن، ئەوانە موسوڵمانن و شایستەی بەڵێنی خوای گەورەن بە سەرفرازی و بەختەوەری و لە هەڕەشە و سزا بە دوورن، واتە: شایستەن لە ڕێوە و بەبێ هیچ سزایەك بچنە بەهەشتەوە بە پێی بەڵێنی ڕاست و دروستی خوای گەورە، بەڵگەش ئەوەیە کاتێك کابرای دەشتەکی هات بۆ لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

وە پرسیاری ئەرك و پێویستییەکانی ئیسلامی لێکرد، پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(تَعْبُدُ اللَّهَ، لَا تُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا، وَتُقِيمُ الصَّلَاةَ الْمَكْتُوبَةَ، وَتُؤَدِّي الزَّكَاةَ الْمَفْرُوضَةَ، وَتَصُومُ رَمَضَانَ) واتە: خوا بپەرستیت و هیچ هاوبەشی بۆ دانەنێیت و نوێژە فەرزەکان بکەیت و زەکاتی پێویستی ماڵەکەت دەربکەیت و ڕۆژووی ڕەمەزان بگریت. کابرا ووتی: سوێند بەو خوایەی گیانی منی بە دەستە لەوە زیاتر ناکەم کاتێك پشتی هەڵکرد و

ڕۆیشت پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى رَجُلٍ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَلْيَنْظُرْ إِلَى هَذَا) متفق عليه.[1] واتە: هەر كەس حەز دەكات تەماشای كەسێكی بەهەشتی بكات با سەیری ئەو كابرایە بكات.

یان كاتێك كابرای ئەهلی (نجد) هات بۆ لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و دەربارەی ئیسلام پرسیاری لێكرد فەرمووی:(خَمْسُ صَلَوَاتٍ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ). واتە: پێنج نوێژ لەشەو و ڕۆژێكدا. كابرا ووتی: هیچی ترم لەسەرە؟ فەرمووی:(لَا، إِلا أَنْ تَطَّوَّعَ) واتە: نەخێر مەگەر خۆبەخش بیكەیت. ئینجا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(صِيَامَ شَهْرِ رَمَضَانَ) واتە: ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان. ووتی: هیچی ترم لەسەرە؟ فەرمووی:(لَا، إِلا أَنْ تَطَّوَّعَ) واتە: نەخێر مەگەر خۆبەخش بیكەیت. ئینجا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی زەكاتی بۆ كرد، ووتی: هیچی ترم لەسەرە بێجگە لەوە؟ فەرمووی: (لَا، إِلا أَنْ تَطَّوَّعَ) واتە: نەخێر مەگەر خۆبەخش بیكەیت. ئینجا كابرا پشتی هەڵكرد و دەیگوت:(وَاللَّهِ لا أَزِيدُ عَلَى هَذَا وَلا أُنْقِصُ مِنْهُ) واتە: سوێند بە خوا نە لەوە زیاتر دەكەم و نە كەمتر دەكەم. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(أَفْلَحَ إِنْ صَدَقَ) متفق عليه.[2] واتە: سەرفرازە ئەگەر ڕاست بكات.

<u>یلەی سێیەم: باوەڕی خۆشەویست (الْإِيمَانُ الْمُسْتَحَبْ)</u>: بریتییە لەو ووتەو كردەوانەی هانی موسوڵمان دراوە بۆ ئەنجامدانیان و لە باوەڕی پێویست زیادن و خۆ بەخش دەكرێن لە كردنی پەسەند (مندوب) و سوننەت

[1] بوخاری/ ١٤٦٦، موسلیم/ ١٤.

[2] بوخاری/ ٤٦، موسلیم/ ١١.

(مستحب)ەكان و وازهێنان لە ناپەسەند (مكروە) و گومان لێكراو (مشتبه)ەكان.

هەر كەسێك سەرەڕای ئەوەی (بنچینەی باوەڕ) و (باوەڕی پێویست) ی تێدایە ئەم پلەیەی باوەڕیش -كە باوەڕی خۆشەویستە- ئەنجام بدات ئەوە لەو چاكە كارانەیە كە خوای گەورە بە (سابق الخيرات) واتە: پێشڕەوی كە لە چاكەدا ناوی بردوون و شایستەی ئەوەیە لە ڕێوە بچێتە بەهەشتەوەو لەوانە پلەو پایەی بەرزترە كە هەر بە تەنها باوەڕی پێویست ئەنجام دەدەن.

## نموونە لەسەر باوەڕی خۆشەویست:

ئەم پلەیە چەند بەشێكی تر لە حەفتاو ئەوەندە بەشەكەی باوەڕ دەگرێتەوە و تەواو كەری دوو پلەكەی تری باوەڕە و هەرچەندە زیاتر ئەنجام بدرێت باوەڕەكە زیاتر دەبێت، لێرەدا بە گوێرەی لایەنەكانی باوەڕ ئاماژە بە چەند نموونەیەكی دەكەین:

أ- ئەركەكانی دڵ: وەك خۆ بەكەم زانین و دنیا نەویستی و پارێزكاری و.. هتد.

ب- ئەركەكانی زمان: وەك یادكردنەوەی خوای گەورەو ستایش كردنی و دڵ خۆش كردنی موسوڵمانو ڕووخۆش و قسەی چاك كردن لە نێوان دوو كەسی ناكۆك داو.. هتد.

ج- ئەركەكانی لاشە: وەك نوێژی سوننەت و ڕۆژووی سوننەت و حەجی سوننەت و خێر و بەخشینی خۆبەخش و كەم خۆری و.. هتد.

خوای گەورە لە فەرموودەیەكی (قدسی)دا دەربارەی ئەو بەندانەی كە باوەڕی خۆشەویست ئەنجام دەدەن دەفەرمووێت:(مَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ، وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطِشُ بِهَا، وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ

وَلَئِنِ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ) رواه البخاري.[1] واتە: بەردەوام بەندەکەم بە سوننەتەکان لێم نزیك دەبێتەوە هەتا خۆشم دەوێت، ئینجا ئەگەر خۆشم ویست دەبم بەو گوێیەی پێی دەبیستێ و بەو چاوەی پێی دەبینێ و بەو دەستەی کاری پێ دەکات و بە پێیەی پێی دەڕوات و ئەگەر داوام لێ بکات پێی دەبەخشم و ئەگەر پەنام پێ بگرێت پەنای دەدەم.

## پێوانەی جیاکردنەوەی باوەڕی خۆشەویست:

ئەم پلەیەش وەك دوو پلەکەی تری باوەڕ بە پێی حوکمەکەی جیا دەکرێتەوە چونکە -وەك ووتمان - ئەمیش چەند بەشێك دەگرێتەوە وە بەپێی حوکمەکانیان لە بەشەکانی تر جیا دەبنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- هەر ووتەیەك یان کردەوەیەك واز لێ هێنانی بە چاك دانرابێت و بەندە بە ئەنجام دانی شایستەی سزا و سەرکۆنە نەبێت، ئەوا واز لێ هێنانی لە ڕیزی باوەڕی خۆشەویستدایە، وەك: خواردن و خواردنەوەی چاك و لەبەرکردنی جل و بەرگی کەشخە و تێکەڵاوی زۆری بازاڕ و شوێنی جەنجاڵ و..... هتد.

٢- هەر ووتەیەك یان کردەوەیەك ئەنجام دانی ستایش کرابێت و بەندە لە واز لێ هێنانی شایستەی سزا و سەرکۆنە نەبێت ئەوە ئەنجام دانی لە ڕیزی باوەڕی خۆشەویست دایە، وەك: نوێژو ڕۆژووی سوننەت و یادی خوا و..... هتد.

ئینجا هەرکەس -بە نیاز پاکیەوە- ئەم پلەیەی باوەڕ ئەنجام بدات ئەوا دەبێتە خۆشەویستی خواو پلەو پایەی بەرز دەبێتەوە و شایستەی پلە بەرزەکانی بەهەشتە و دەچێتە ڕیزی ئەوانەی دۆستی نزیکی خوای گەورەن و

---

[1] بوخاری/ ٦٥٠٢، موسلیم/ ١٦٦٩.

بەهرەی بەسەردا ڕشتوون و دەربارەیان دەفەرموویت:(وَالسَّابِقُونَ السَّابِقُونَ * أُولَٰئِكَ الْمُقَرَّبُونَ * فِي جَنَّاتِ النَّعِيمِ * ثُلَّةٌ مِّنَ الْأَوَّلِينَ * وَقَلِيلٌ مِّنَ الْآخِرِينَ)الواقعة/١١-١٤واتە: پێشکەوتووان و پێشکەوتووان، ئەوانەن لە خواوە نزیك خراون، لە بەهەشتانی پر ناز و بەهرەدان، زۆرێکن لە پێشینەکان و کەمێکیش لە دواییینەکان.

خوای گەورە سەبارەت بە هەردوو دەستەکەی باوەڕی پێویست و ئەوانەی کە باوەڕی خۆشەویست ئەنجام دەدەن دەفەرموویت:(ثُمَّ أَوْرَثْنَا الْكِتَابَ الَّذِينَ اصْطَفَيْنَا مِنْ عِبَادِنَا فَمِنْهُمْ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ وَمِنْهُم مُّقْتَصِدٌ وَمِنْهُمْ سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ بِإِذْنِ اللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَضْلُ الْكَبِيرُ)فاطر/٣٢ واتە: پاشان قورئانمان کرووە بە میراتی ئەو بەندانەمان کە هەڵمان بژاردوون، ئینجا هەیانە ستەمکارە بۆ خودی خۆی و هەیانە مەبەستێکی چاکە بکات و هەشیانە لە کارە چاکەکاندا پێشڕەوی دەکات بە مۆڵەتی خوا، ئا ئەوە ڕێز و پایەی گەورەیە.

(ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِ) مەبەست لە دەستەی یەکەمی باوەڕی پێویستە، واتە ئەوانەی کەوا کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانیدا دەکەن و ستەم لە خودی خۆیان دەکەن و خاوەنی گوناهە گەورەکانن.

(مُّقْتَصِدٌ) مەبەست لە دەستەی دووەمی باوەڕی پێویستە، ئەوانیش کەسانێکن کە باوەڕی پێویست بە ئەندازەی خۆی ئەنجام دەدەن، واتە نە لێی زیاد دەکەن و نە لێی کەم دەکەن و مەبەستیانە ڕەزامەندی خوا بەدەست بهێنن.

(سَابِقٌ بِالْخَيْرَاتِ) مەبەست لەوانەیە کە پلەی باوەڕی خۆشەویست ئەنجام دەدەن و بە لێبڕانی تەواوەوە هەوڵ دەدەن و لە هەموو کردەوەیەکی چاکدا

پێشەنگن و هەرگیز بەلای کردەوەی ناپەسەند و گومان لێکراودا ناچن، بگرە گەلێك جار کاری ڕێ پێ دراویش واز لێ دێنن بۆ ئەوەی نەکەونە کاری یاساغەوە وەك هەندێك لە هاوەڵان دەربارەی خۆیان فەرموویانە:(كُنَّا نَتْرُكُ تِسْعَةَ أَعْشَارِ مِنَ الحَلاَلِ خِشْيَةَ أَنْ نَقَعَ فِي الحَرَامِ).[١] واتە: ئێمە نۆ لەسەر دە (١٠/٩) ی حەڵاڵمان واز لێ دەهێنا لە ترسی ئەوەی بکەوینە کاری یاساغەوە.

[١] (واقعنا المعاصر) محمد قطب ل٤٥.

## زیاد و کەم کردنی باوەڕ

وەك پێشتر باسمان کرد باوەڕ بەش بەشە و سێ پلەی هەیە، سەرەکی ترینیان (بنچینەی باوەڕ)ەو باوەڕی بەندە دانامەزرێت هەتا ئەم پلەیە بە هەموو بەشەکانیەوە دانەمەزرێت، واتە: نەبوونی بەشێك لە بەشەکانی ئەم پلەیە نەبوونی تێکڕای باوەڕە، بەڵام پتەوی و دامەزراوی یاخود سادەیی و لاوازی بەشەکانی بنچینەی باوەڕ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە باوەڕی بە پێغەمبەرانی خوا عَلَيهِمُ الصَّلاةُ وَ السَّلَام بە تەواویی دامەزراوو پتەوەو هیچ کەسێکی تر باوەڕەکەی وەك باوەڕی ئەوان نییە، چونکە ئاستی باوەڕی خەڵکی لە ڕاددەی (عِلْمُ الْيَقِينْ) دا بێت ئەوا ئاستی باوەڕی ئەوان لە ڕاددەی (عَينْ الْيَقِينْ) دایە، لێرەدا ئاماژە بە سڵ کردنەوە (الْخَشْيَة) دەکەین -کە بەشێکە لە بەشەکانی باوەڕ- بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان سڵ کردنەوەی پێغەمبەری خواو فریشتەکان و خەڵکی ترمان بۆ ڕوون ببێتەوە:

کاتێك هەندێ لە هاوەڵان هاتن بۆ ماڵی خێزانەکانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و دەربارەی چۆنیەتی خوا پەرستنی پرسیاریان لێ کردن، ئینجا هەواڵیان پێ دان بە کەمیان دانا و ووتیان: ئێمە لە کوێ و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە کوێ، ئەو خوا لە گوناهی بەر و دوای خۆش بووە، یەکێکیان ووتی: من دەبێت هەتا هەتایە هەر شەو نوێژبکەم و نەنوم، یەکێکی تریان ووتی: من دەبێت هەموو ڕۆژێك بە ڕۆژوو بم و نەیشکێنم، ئەوی تریش ووتی: منیش لە ئافرەت دوور دەکەومەوە و هەرگیز ژن ناهێنم . ئینجا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هات بۆ لایان و فەرمووی:(أَنْتُمْ

الَّذِينَ قُلْتُمْ كَذَا وَكَذَا؟ أَمَا وَاللَّهِ إِنِّي لَأَخْشَاكُمْ لله وَأَتْقَاكُمْ لَهُ. لَكِنِّي أَصُومُ وَأُفْطِرُ وَأُصَلِّي وَأَرْقُدُ وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي) متفق عليه.[1] واتە: ئێوە ئاواو ئاواتان ووتوە؟ بزانن سوێند بەخوا من لە هەمووتان زیاتر سڵ لە خوا دەکەمەوە و پارێزی لێ دەکەم، بەڵام بە ڕۆژووش دەبم دەشی شکێنم و شەونوێژیش دەکەم و دەشخەوم و ژنیش دەهێنم، هەرکەس لە ڕێباز و سوننەتی من لابدات لە من نییە.

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی خۆی دەفەرموێت:(...وَاللَّهِ إِنِّي لَأَخْشَاكُمْ لله وَأَتْقَاكُمْ لَهُ) واتە: سوێند بە خوا من لە هەمووتان زیاتر سڵ لە خوا دەکەمەوە و پارێزی لێ دەکەم.

[1] بوخاری/ ٤٧٧٦ ، موسلیم/ ٢٠٢٢ ئەمەش دەقی فەرموودەکە لای بوخارییە:(جَاءَ ثَلَاثَةُ رَهْطٍ إِلَى بُيُوتِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَسْأَلُونَ عَنْ عِبَادَةِ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَلَمَّا أُخْبِرُوا كَأَنَّهُمْ تَقَالُّوهَا فَقَالُوا وَأَيْنَ نَحْنُ مِنْ النَّبِيِّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَدْ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ وَمَا تَأَخَّرَ قَالَ أَحَدُهُمْ أَمَّا أَنَا فَإِنِّي أُصَلِّي اللَّيْلَ أَبَدًا وَقَالَ آخَرُ أَنَا أَصُومُ الدَّهْرَ وَلَا أُفْطِرُ وَقَالَ آخَرُ أَنَا أَعْتَزِلُ النِّسَاءَ فَلَا أَتَزَوَّجُ أَبَدًا فَجَاءَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَيْهِمْ فَقَالَ : ( أَنْتُمْ الَّذِينَ قُلْتُمْ كَذَا وَكَذَا أَمَا وَاللَّهِ إِنِّي لَأَخْشَاكُمْ لِله وَأَتْقَاكُمْ لَهُ لَكِنِّي أَصُومُ وَأُفْطِرُ وَأُصَلِّي وَأَرْقُدُ وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي). لای ئیمامی موسلیم: (أَنَّ نَفَرًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ -ﷺ- سَأَلُوا أَزْوَاجَ النَّبِيِّ -ﷺ- عَنْ عَمَلِهِ فِى السِّرِّ فَقَالَ بَعْضُهُمْ لاَ أَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ. وَقَالَ بَعْضُهُمْ لاَ آكُلُ اللَّحْمَ. وَقَالَ بَعْضُهُمْ لاَ أَنَامُ عَلَى فِرَاشٍ. فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ. فَقَالَ : (مَا بَالُ أَقْوَامٍ قَالُوا كَذَا وَكَذَا لَكِنِّى أُصَلِّى وَأَنَامُ وَأَصُومُ وَأُفْطِرُ وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِى فَلَيْسَ مِنِّي).

هەروەها دەربارەی جوبرەئیل عَلَیهِ السَّلَام دەفەرمووێت:(مَرَرْتُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِي بِالْمَلَإِ الأَعْلَى، وَجِبْرِيلُ كَالحِلْسِ البَالِي مِنْ خَشْيَةِ اللهِ).[1] واتە: ئەو شەوەی شەو ڕەویم پێ كرا بەلای كۆڕە بەرزەكانی فریشتەدا تێ پەڕیم و جیریل لە ترسی خوای گەورە وەك سیپاڵە (ڕایەخ)ی كۆن وابوو.

ئاشكرایە سڵ كردنەوە (خَشْيَة) بەشێكە لە بنچینەی باوەڕی هەموو كەسێك بەڵام سڵ كردنەوەی كێ دەگاتە ئەو ڕاددەیەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و جبریل عَلَیهِ السَّلَام پێی گەیشتوون؟

بەم پێیە بۆمان دەردەكەوێت كە هەرچەندە زیاد و كەم لەبوونی بەشەكانی بنچینەی باوەڕدا نییە بەڵام لە چۆنیەتی بەشەكاندا هەیە و لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت.

ئینجا سەبارەت بە دوو پلەكەی تری باوەڕ -واتە (باوەڕی پێویست) و (باوەڕی خۆشەویست)- زیاد و كەم هەم لەبوونی بەشەكان و هەم لە جۆر و چۆنیەتی بەشەكانیشدا هەیە، بەو واتایەی هەر كەسێك زۆرترین بەشی تێدا بەرجەستە ببێت و ئەنجامیان بدات ئەوە باوەڕی زیاترە لەو كەسەی كەم و كوڕی لە بەشەكاندا هەبێت و لەوە كەمتر ئەنجام بدات. یاخود هەر كەسێك پتەو ترو تێرو تەسەل تر بەشەكانی باوەڕ ئەنجام بدات ئەوە باوەڕی زیاتر و دامەزراو ترە لەو كەسەی بەلاوەكی و سادەتر ئەنجامیان بدات.

خوای گەورە دەربارەی زیادكردنی باوەڕ دەفەرمووێت:(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ) الأنفال/٢ واتە: هەر ئەوانە موسوڵمانی ڕاستەقینەن كە ئەگەر

---

[1] طەبەرانی لە ( الأوسط)دا هێناویّتیەوەو ئەلبانی ڕەحمەتی لە (صحيح الجامع الصغير وزيادته/ ٥٨٦٤)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

باسی خوای گەورە کرا دڵیان ڕادەچڵەکێت و ئەگەر ئایەتەکانی خوایان بۆ خوێنرایەوە باوەڕیان زیاد دەکات و پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن..

هەروەها دەفەرموویت:(وَمَا جَعَلْنَا أَصْحَابَ النَّارِ إِلَّا مَلَائِكَةً ۙ وَمَا جَعَلْنَا عِدَّتَهُمْ إِلَّا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَانًا)المدثر/٣١ واتە: کە باسی ژمارەی خەزنەداری دۆزەخ دەکەین بۆ ئەوەیە بێ باوەڕان تاقی بکەینەوە و ئەوانە دڵنیا بن کە پەیامیان بۆ ڕەوانە کراوە و ئەوانەش باوەڕیان زیاد بکات کە باوەڕیان هێناوە.

یاخود دەفەرموویت:(هُوَ الَّذِي أَنزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَّعَ إِيمَانِهِمْ) الفتح/٤ واتە: ئەو خوایەی کە دڵنیایی و ئارامی ڕشت بەسەر دڵی موسوڵماناندا بۆ ئەوەی لەگەڵ باوەڕەکەیاندا باوەڕیان زیاد بکات.

یان دەفەرموویت:(الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَانًا) آل عمران/١٧٣ واتە: ئەو موسوڵمانانە پاداشتی گەورەیان هەیە کە خەڵکی پێیان دەگوتن ئەوا هەموو خەڵکی لێتان کۆبونەتەوە و سڵیان لێ بکەنەوە بەڵام ئەوان هەر باوەڕیان زیادی دەکرد.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت:(إِنَّ أَكْمَلَ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَاناً أَحْسَنُهُمْ خُلُقاً)[١] رواه أبو داود و الترمذي وأحمد.واتە: تەواوترینی موسوڵمانان لە ڕووی باوەڕەوە ئەوەیانە کە جوانترین ڕەوشتی هەبێت.

هەروەها دەفەرموویت:(مَنْ أَحَبَّ لِلَّهِ وَأَبْغَضَ لِلَّهِ وَأَعْطَى لِلَّهِ وَمَنَعَ لِلَّهِ فَقَدِ اسْتَكْمَلَ الْإِيْمَانُ)[١] واتە: هەرکەس لەبەر خوا خەڵکی خۆش بوێت و لەبەر

---

[١] ئەحمەد ٦/٩٩، نەسائی/ ٢٧٢، ترمذی/ ٢٦١٢ دەشفەرموێ : سەحیحە. ئەلبانیش رحمه الله لە (سلسلة الحاديث الصحيحة/ ٢٨٤)دا دەفەرموێ: حەسەن و سەحیحە.

خوا ڕقی لێیان ببێتەوە و لەبەر خوا ببەخشێت و لەبەر خوا دەست بگرێتەوە ئەوە باوەڕی تەواو کردووە.

لەم دوو فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاماژەی بەوە کردووە کە بە هۆی ڕەوشت جوانی و خۆشویستن و ڕق بوونەوە و بەخشین و نەبەخشین لەبەر خواوە بەندە باوەڕەکەی تەواو دەبێت یاخود خاوەنی تەواوترین باوەڕە، کەواتە پێش ئەنجام دانی ئەو کردەوانە باوەڕەکە ناتەواوە بەڵام بە ئەنجام دانیان زیاد دەکات و تەواو دەبێت.

دەربارەی کەمی و لاوازی باوەڕیش پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(مَنْ رَأى مِنْكُم مُنْكَراً فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَستَطِعْ فَبِلِسانِهِ ، فَإن لَم يَستَطِع فَبِقَلْبِهِ وَذلِكَ أضْعَفُ الْإيْمانِ) .رواه مسلم[2] واتە: هەر کەس لە ئێوە خراپەیەکی بینی با بە دەستی بیگۆڕێت، ئەگەر نەیتوانی با بەزمانی بیگۆڕێت، وە ئەگەر هەر نەیتوانی با بە دڵی پێی ناخۆش بێت، ئەوەش لاوازترین باوەڕە.

ئاشکرایە لاوازی یان لە کەمییەوەیە، یاخود لە دانەمەزراوییەوەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی باوەڕ بە کردەوە بەهێز دەبێت و بە ئەنجام نەدانی کردەوە لاواز دەبێت چونکە بەهێزترین باوەڕ ئەوەیە پاڵ بە خاوەنەکەیەوە بنێت کە بە دەستی خراپەکە بگۆڕێت، هەروەها لاوازترین باوەڕ ئەوەیە کە خاوەنەکەی ووزە و وورەی تێدا نەبێت کە بە دەست و زمان بەرەنگاری خراپە

---

[1] نوسەری بەڕیز نوسیویێتی: (رواه أبو داود، وهو صحيح.)راستە: ئەبو داوود/٤٦٨١ ئەلبانیش رحمه الله لە (صحيح الجامع ٢٥٣٩)دا دەفەرموێ سەحیحە.

[2] موسلیم ٧٣، ئەبوداوود ٣٧٨٠، ترمذی ٢٠٩٨، نەسائی ٤٩٤٩، ئیبنوماجە ١٢٦٥.

بیێتەوە، بەڵکو کەمترین هەڵوێست وەرگرێت ئەویش ڕق بوونەوەیە بە دڵ و هیچی تر.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەی (شفاعة) دا دەفەرمووێت:(يَا رَبِّ أُمَّتِي أُمَّتِي فَيَقُولُ انْطَلِقْ فَأَخْرِجْ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ أَدْنَى أَدْنَى أَدْنَى مِثْقَالِ حَبَّةِ خَرْدَلٍ مِنْ إِيمَانٍ) البخارى.[1] واتە: دەڵێم: خوایە

---

[1] بوخاری/٧٥١٠ . دەقی هەموو فەرمودەکە: عن أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ : حَدَّثَنَا محمد صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : (إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ مَاجَ النَّاسُ بَعْضُهُمْ فِي بَعْضٍ فَيَأْتُونَ آدَمَ فَيَقُولُونَ اشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ فَيَقُولُ لَسْتُ لَهَا وَلَكِنْ عَلَيْكُمْ بِإِبْرَاهِيمَ فَإِنَّهُ خَلِيلُ الرَّحْمَنِ فَيَأْتُونَ إِبْرَاهِيمَ فَيَقُولُ لَسْتُ لَهَا وَلَكِنْ عَلَيْكُمْ بِمُوسَى فَإِنَّهُ كَلِيمُ اللَّهِ فَيَأْتُونَ مُوسَى فَيَقُولُ لَسْتُ لَهَا وَلَكِنْ عَلَيْكُمْ بِعِيسَى فَإِنَّهُ رُوحُ اللَّهِ وَكَلِمَتُهُ فَيَأْتُونَ عِيسَى فَيَقُولُ لَسْتُ لَهَا وَلَكِنْ عَلَيْكُمْ بِمحمد صَلَّى اللَّهم عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَيَأْتُونِي فَأَقُولُ أَنَا لَهَا فَأَسْتَأْذِنُ عَلَى رَبِّي فَيُؤْذَنُ لِي وَيُلْهِمُنِي مَحَامِدَ أَحْمَدُهُ بِهَا لَا تَحْضُرُنِي الْآنَ فَأَحْمَدُهُ بِتِلْكَ الْمَحَامِدِ وَأَخِرُّ لَهُ سَاجِدًا فَيَقُولُ يَا محمد ارْفَعْ رَأْسَكَ وَقُلْ يُسْمَعْ لَكَ وَسَلْ تُعْطَ وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ فَأَقُولُ يَا رَبِّ أُمَّتِي أُمَّتِي فَيَقُولُ انْطَلِقْ فَأَخْرِجْ مِنْهَا مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ شَعِيرَةٍ مِنْ إِيمَانٍ فَأَنْطَلِقُ فَأَفْعَلُ ثُمَّ أَعُودُ فَأَحْمَدُهُ بِتِلْكَ الْمَحَامِدِ ثُمَّ أَخِرُّ لَهُ سَاجِدًا فَيُقَالُ يَا محمد ارْفَعْ رَأْسَكَ وَقُلْ يُسْمَعْ لَكَ وَسَلْ تُعْطَ وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ فَأَقُولُ يَا رَبِّ أُمَّتِي أُمَّتِي فَيَقُولُ انْطَلِقْ فَأَخْرِجْ مِنْهَا مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ أَوْ خَرْدَلَةٍ مِنْ إِيمَانٍ فَأَخْرِجْهُ فَأَنْطَلِقُ فَأَفْعَلُ ثُمَّ أَعُودُ فَأَحْمَدُهُ بِتِلْكَ الْمَحَامِدِ ثُمَّ أَخِرُّ لَهُ سَاجِدًا فَيَقُولُ يَا محمد ارْفَعْ رَأْسَكَ وَقُلْ يُسْمَعْ لَكَ وَسَلْ تُعْطَ وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ فَأَقُولُ يَا رَبِّ أُمَّتِي أُمَّتِي فَيَقُولُ انْطَلِقْ فَأَخْرِجْ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ أَدْنَى أَدْنَى مِثْقَالِ حَبَّةِ خَرْدَلٍ مِنْ إِيمَانٍ فَأَخْرِجْهُ مِنَ النَّارِ فَأَنْطَلِقُ فَأَفْعَلُ) فَلَمَّا خَرَجْنَا مِنْ عِنْدِ أَنَسٍ قُلْتُ لِبَعْضِ أَصْحَابِنَا: لَوْ مَرَرْنَا بِالْحَسَنِ وَهُوَ مُتَوَارٍ فِي مَنْزِلِ أَبِي خَلِيفَةَ فَحَدَّثْنَاهُ بِمَا حَدَّثَنَا أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ فَأَتَيْنَاهُ فَسَلَّمْنَا عَلَيْهِ فَأَذِنَ لَنَا فَقُلْنَا لَهُ : يَا أَبَا سَعِيدٍ جِئْنَاكَ مِنْ عِنْدِ أَخِيكَ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ فَلَمْ نَرَ مِثْلَ مَا حَدَّثَنَا فِي الشَّفَاعَةِ فَقَالَ: هِيهْ فَحَدَّثْنَاهُ بِالْحَدِيثِ فَانْتَهَى إِلَى هَذَا الْمَوْضِعِ فَقَالَ : هِيهْ فَقُلْنَا لَمْ يَزِدْ لَنَا عَلَى هَذَا

ئوممەتەکەم، ئوممەتەکەم، دەفەرمووێت: بڕۆ هەر کەس بە ئەندازەی کێشی کەمتر، کەمتر، کەمتر لە دەنکە تۆوێك باوەڕی لە دڵدا هەبێت لە ئاگر دەری بهێنە.

بێگومان ئەوانەی بێ سێ و دوو دەچنە بەهەشتەوەو نە لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و نە سزا دەبینین بەهۆی ئەوەوەیە کە باوەڕەکەیان زۆر زۆر بەهێزە، بەڵام ئەوانەی کە دەچنە دۆزەخەوە و لێپرسینەوەی چڕو پڕیان لەگەڵ دەکرێت و پاشان مەینەتێکی زۆر بە تکای پێغەمبەری سەروەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دێنە دەرەوە لە دۆزەخ بەهۆی ئەوەوەیە کە باوەڕەکەیان زۆر زۆر لاوازە و کەمترین بەشی باوەڕیان ئەنجام داوە.

یاخود کاتێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئامۆژگاری خێزانی هەندێك لە هاوەڵانی دەکرد پێی فەرموون:(مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ، أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُلِ الحَازِمِ، مِنْ إِحْدَاكُنَّ) متفق عليه.[1] واتە: کەسم نەدیوە لە

---

فَقَالَ لَقَدْ حَدَّثَنِي وَهُوَ جَمِيعٌ مُنْذُ عِشْرِينَ سَنَةً فَلَا أَدْرِي أَنَسِيَ أَمْ كَرِهَ أَنْ تَتَّكِلُوا قُلْنَا : يَا أَبَا سَعِيدٍ فَحَدِّثْنَا فَضَحِكَ وَقَالَ : خُلِقَ الإِنْسَانُ عَجُولا مَا ذَكَرْتُهُ إِلا وَأَنَا أُرِيدُ أَنْ أُحَدِّثَكُمْ حَدَّثَنِي كَمَا حَدَّثَكُمْ بِهِ قَالَ : ( ثُمَّ أَعُودُ الرَّابِعَةَ فَأَحْمَدُهُ بِتِلْكَ الْمَحَامِدِ ثُمَّ أَخِرُّ لَهُ سَاجِدًا فَيُقَالُ يَا محمد ارْفَعْ رَأْسَكَ وَقُلْ يُسْمَعْ وَسَلْ تُعْطَهْ وَاشْفَعْ تُشَفَّعْ فَأَقُولُ يَا رَبِّ ائْذَنْ لِي فِيمَنْ قَالَ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ فَيَقُولُ وَعِزَّتِي وَجَلالِي وَكِبْرِيَائِي وَعَظَمَتِي لأُخْرِجَنَّ مِنْهَا مَنْ قَالَ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ).

[1] بوخاری/١٤٠٤. دەقی هەموو فەرمودەکە: عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي أَضْحًى أَوْ فِطْرٍ إِلَى المُصَلَّى ثُمَّ انْصَرَفَ فَوَعَظَ النَّاسَ وَأَمَرَهُمْ بِالصَّدَقَةِ فَقَالَ : أَيُّهَا النَّاسُ تَصَدَّقُوا فَمَرَّ عَلَى النِّسَاءِ فَقَالَ : يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ فَإِنِّي رَأَيْتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ فَقُلْنَ : وَبِمَ ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ وَتَكْفُرْنَ العَشِيرَ مَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ أَذْهَبَ لِلُبِّ الرَّجُلِ الحَازِمِ مِنْ

ئاوەز و ئایین ناتەواوەکان هێندەی یەکێك لە ئێوە بەکار بێت بۆ لەخشتە بردنی هۆش و بیری پیاوێکی زیت و وریا.

لێرەدا بەڕاشکاوی ئاماژەی بۆ ناتەواوی ئایین و باوەڕی ئافرەتان کردووە، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە کە دەکەونە حەیزەوە و نوێژ و ڕۆژوویان دەچێت.

هەروەها دەفەرمووێت:(لَا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ) متفق عليه.[1] واتە: زینا کار زینا ناکات ئەگەر لەو کاتەی زیناکە دەکات موسوڵمان بێت. واتە هێندەی باوەڕەکە کەم دەکات و لاواز دەبێت و لەو کاتەدا کە لە ڕیزی نەماندایە.

یان دەفەرمووێت:(لَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا) أخرجه مسلم[2] واتە: باوەڕتان نابێت هەتا یەکترتان خۆش نەوێت. کەواتە ئەگەر موسوڵمان براکەی خۆش نەوێت ئەوا هەردەم باوەڕەکەی ناتەواوە.

---

إِحْدَاكُنَّ يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ ثُمَّ انْصَرَفَ فَلَمَّا صَارَ إِلَى مَنْزِلِهِ جَاءَتْ زَيْنَبُ امْرَأَةُ ابْنِ مَسْعُودٍ تَسْتَأْذِنُ عَلَيْهِ فَقِيلَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ هَذِهِ زَيْنَبُ فَقَالَ : أَيُّ الزَّيَانِبِ ؟ فَقِيلَ : امْرَأَةُ ابْنِ مَسْعُودٍ قَالَ : نَعَمْ ائْذَنُوا لَهَا فَأُذِنَ لَهَا قَالَتْ : يَا نَبِيَّ اللَّهِ إِنَّكَ أَمَرْتَ الْيَوْمَ بِالصَّدَقَةِ وَكَانَ عِنْدِي حُلِيٌّ لِي فَأَرَدْتُ أَنْ أَتَصَدَّقَ بِهِ فَزَعَمَ ابْنُ مَسْعُودٍ : أَنَّهُ وَوَلَدَهُ أَحَقُّ مَنْ تَصَدَّقْتُ بِهِ عَلَيْهِمْ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : صَدَقَ ابْنُ مَسْعُودٍ زَوْجُكِ وَوَلَدُكِ أَحَقُّ مَنْ تَصَدَّقْتِ بِهِ عَلَيْهِمْ)

[1] بوخاری/٥٥٧٨، موسلیم/٥٧. دەقی هەموو فەرمودەکە:(لَا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ وَلَا يَشْرَبُ الْخَمْرَ حِينَ يَشْرَبُهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ وَلَا يَسْرِقُ السَّارِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ).

[2] موسلیم/ ٥٤، ئەبوداوود/ ٥١٩٣، ترمذی/ ٢٦٨٨، ئیبنوماجە/ ٣٦٩٢، ئەحمەد/ ٤٤٢/٢.. دەقی هەموو فەرمودەکە:(وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لا تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا وَلا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابوا أَلا أَدُلُّكُمْ عَلَى أَمْرٍ إِذَا أَنْتُمْ فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ؟ أَفْشُوا السَّلامَ بَيْنَكُمْ).

هەروەها دەفەرمووێت:(ثُمَّ إِنَّهَا تَخْلُفُ مِنْ بَعْدِهِمْ خُلُوفٌ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ، وَيَفْعَلُونَ مَا لَا يُؤْمَرُونَ، فَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِيَدِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِلِسَانِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِقَلْبِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلَيْسَ وَرَاءَ ذَلِكَ مِنَ الْإِيمَانِ حَبَّةُ خَرْدَلٍ) رواه مسلم.[1] واتە: ئینجا لە پاش پێغەمبەرانی خواوە عَلَيهِمُ الصَّلاةُ وَ السَّلَام کۆمەڵێك جێیان دەگرنەوە ئەوەی دەیڵێن خۆیان کردەوەی پێ ناکەن و کردەوەیەك دەکەن فەرمانیان پێ نەکراوە بیکەن، جا هەر کەس بە دەستی جیهادیان لەگەڵدا بکات و بەرەنگاریان ببێتەوە ئەوە موسوڵمانە، وە هەرکەس بە زمانی جیهادیان بکات ئەوە موسوڵمانە، وە هەرکەس بە دڵ جیهادیان بکات ئەوە موسوڵمانە، دوای ئەوە بە ئەندازەی دەنکە تۆوێکیش باوەڕ نییە.

هەر سەبارەت بە زیادو کەم کردنی باوەڕ ئەبوددەرداء خوا لێی رازی بێت، فەرموویەتی:(إِنَّ مِنْ فِقْهِ الْعَبْدِ أَنْ يَتَعَاهَدَ إِيمَانَهُ وَمَا نَقَصَ مِنْهُ، وَمِنْ فِقْهِ الْعَبْدِ أَنْ يَعْلَمَ أَمُزْدَادٌ هُوَ أَمْ مُنْتَقِصٌ؟).[2] واتە: لە تێگەیشتنەوەیە ئەگەر بەندە باوەڕەکەی بەسەر بکاتەوەو بزانێت چەندی کەم کردووەو، هەروەها لە تێگەیشتنەوەیە ئەگەر بزانێت ئایا باوەڕی زیاد دەکات یاخود کەم دەکات.

---

[1] موسلیم/ ٧٤، ئیبنوحیببان/ ٦٣٢٧، بەیهیقی/ ٧٠٤٧.. دەقی فەرموودەکە:(مَا مِنْ نَبِيٍّ بَعَثَهُ اللهُ فِي أُمَّةٍ قَبْلِي إِلَّا كَانَ لَهُ مِنْ أُمَّتِهِ حَوَارِيُّونَ وَأَصْحَابٌ يَأْخُذُونَ بِسُنَّتِهِ وَيَقْتَدُونَ بِأَمْرِهِ ثُمَّ إِنَّهَا تَخْلُفُ مِنْ بَعْدِهِمْ خُلُوفٌ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ وَيَفْعَلُونَ مَا لَا يُؤْمَرُونَ فَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِيَدِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ وَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِلِسَانِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ وَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِقَلْبِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ وَلَيْسَ وَرَاءَ ذَلِكَ مِنَ الْإِيمَانِ حَبَّةُ خَرْدَلٍ)

[2] ئیمامی ئەحمەد/١٣٨٣.. ئەم زیادەشی لەگەڵدایە:(وَإِنَّ مِنْ فِقْهِ الرَّجُلِ أَنْ يَعْلَمَ نَزَغَاتِ الشَّيْطَانِ أَنَّى تَأْتِيهِ؟). بڕوانە (مهذب شرح العقيدة الطحاوية) ابن ابى العز الحنفي ل٢٦٢.

پێشەوا عمری کوڕی خەطابیش خوا لێی رازی بێت فەرموویەتی:(هَلُمُّوا نَزْدَادُ إِيمَانًا، فَيَذْكُرُونَ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ).[1] واتە: وەرن با باوەڕمان زیاد بکەین، ئینجا یادی خوای گەورەیان دەکرد.أخرجه ئیبنوأبي شيبه فى الإيمان. ئیبنومسعود یش خوا لێی رازی بێت فەرموویەتی:(اللَّهُمَّ زِدْنَا إِيمَانًا وَيَقِينًا وَفِقْهًا)[2] واتە: خوایە گیان باوەڕو دڵنیایی و تێگەیشتنمان زیاد بکەیت.

لە موعاذی کوڕی جبل و عبداللە ی کوڕی رواحە شەوە دەگێڕنەوە کە فەرموویانە: (اجْلِسْ بِنَا نُؤْمِنْ سَاعَةً )أخرجه البخارى معلقا. واتە: دانیشە با پێکەوە تاوێك باوەڕ بهێنین.

لە ڕوانگەی فەرمایشتی ئەم هاوەڵە بەڕێزانەوە دەگەینە ئەوە کە لە تێگەیشتن و بۆچوونی هاوەڵاندا باوەڕ زیاد و کەم دەکات و هەوڵی زیاد کردنیان داوە و پاراستویانە لەوەی کەم بکات.

ئەبو عوبەیدی کوڕی سەللام ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەرمووێت:(فَالْأَمْرُ الَّذي عَلَيِهِ السُنَة عِنْدَنا مَا نَصَّ عَلَيِهِ عُلَمَاؤنا: أنَّ الْإيْمان بِالنيَةِ وَ الْقَوْلِ وَ الْعَمَلَ جَمْيعاً، وَأَنَّهُ دَرَجاتُ بَعْضُها فَوْقَ بَعْضٍ، إِلاَّ أَنَّ أَولُها وأَعْلاها الشَهادةٌ بِالْلِسان.... فإِذا نُطْقٌ بِهَا الْقائِل وأَقَرَّ بِمَا جَاءَ مِنْ عِنْدِ اللهِ لُزمه إِسمُ الْإيْمان بِالْدُخُولُ فِيِهِ، بِالْإِستِكمالُ عِنْدَالله، وَلَا عَلَى تَزْكِيَةُ النُفُوس، وَكُلَّمَا ازْدادُ اللهِ طَاعَةٌ و تقْوىٰ أَزْدادُ بِهِ إِيْمَاناً).[3] واتە: فەرمانێك کە لای ئێمە لەسەر

---

[1] مهذب شرح العقيدة الطحاوية ابن ابى العز الحنفي ل٢٦٢.

[2] نوسەری بەڕیز نوسیوێتی: (أخرجه الطبراني في الكبير، وقال الهيثمي: إسناده جيد) من لە کتێبی (السنة)ی عبداللەی کوڕی ئیمامی ئەحمەد فەرموودەی ژمارە (٧٠٧)و کتێبی (السنة)ی ئەبوبەکری کوڕی خەللال/ ژ: ١١٣٥ دا بینیم.

[3] (كتاب الإيمان) ئیمامی ئەبو عوبەید/ ل١٩.

سوننەت بێت ئەوەیە زانایانمان باسیان کردووە کەوا: باوەڕ بە نیەت و ووتەو کردەوەیە بە تێکڕا، هەروەها پلە پلەیە و هەندێکیان بەرزترن لەوانی تر، بەڵام یەکەمینیان و بەرزترینیان شایەتی دانە بە زمان... ئنیجا ئەگەر کەسێك گفتی پێ کرد و دانی بەو پەیامەدا نا کە لەلایەن خواوە هاتووە ئەوا ناوی باوەڕی پێوە پەیوەست دەبێت بە چوونە ناو باوەڕ و تەواو بوونیشی لە لایەن خواوەیە نەك بەپاکانە بۆ خۆکردن، وە هەرکاتێك بەندە زیاتر گوێڕایەڵی و پارێزی خوای گەورەی کرد، باوەڕیشی پێی زیاتر دەبێت.

## هۆیەکانی زیادبوونی باوەڕ

ئاشکرایە هەر شتێك وا لە موسوڵمان بکات ملکەچی و گوێڕایەڵ بوونی بۆ خوای گەورە توند و تۆڵ تر بێت و لەسەر پێچی خوای دابڕێت ئەوە هۆکاری بەهێزە بۆ زیاد کردنی باوەڕ چونکە پێشتر -لە پێناسەی باوەڕدا- ووتمان: (يَزِيدُ بِالطَّاعَةِ وَيَنْقُصُ بِالْمَعْصِيَةِ) واتە: بە گوێڕایەڵی زیاد دەکات و بە سەرپێچی کەم دەکات.

ئەو هۆکارانەش کە دەبنە مایەی دەستەبەر کردنی ئەو دوو مەبەستە ئەمانەن:

١-زانست: لە ڕێگەی زانستەوە مرۆڤ دەتوانێت شارەزایی پێویست دەربارەی ناو و سیفەت و کردەوەکانی خوای گەورە پەیدابکات، بەم پێیە گەورەیی و دروستکەری و بەخشندەیی و ڕۆزی دەری و مشور خۆری و ووردەکاری و چاودێری و شارەزایی و زاڵی و دەسەڵاتداری و بە توانایی و...هتد. خوای بۆ دەردەکەوێت و بە گوێرەی پێویست خوا ناسی بکات و خۆشی بوێت و سڵی لێ بکاتەوە و پارێزی لێ بکات و با پەندی فەرمانەکانی بێت و ملکەچی ڕێساکەی بێت و خۆی بە دووربگرێت لە سەرکەشی و یاخی بوون و سنوور شکاندن و خۆ بەزل زانی و بێ ئاگایی و هەموو جووڵە و بیرکردنەوەیەکی لە پێناوی خوادا بێت و سەرجەم بەشەکانی باوەڕ بەسەر بکاتەوە و ئەنجامیان بدات، خوی گەورە دەفەرمووێت:(إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ) فاطر/٢٨ واتە: تەنها ئەو بەندانە بە چاکی لە خوا دەترسن و سڵی دەکەنەوە کە زانان.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(مَنْ يُرِدْ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ) متفق عليه[1] واتە: هەر کەس خوای گەورە بیەوێت تووشی خێری بکات لە ئاییندا شارەزای دەکات و تێی دەگەیەنێت.

ئیبنوعومەر خوا لێی رازی بێت دەفەرمووێت:(فَتَعَلَّمْنَا،تَعَلَّمْنَا الْقُرْآنَ فازْدَدْنَا بِهِ إيمَاناً).[2] واتە: فێری باوەڕ بووین، فێری قورئان بووین و باوەڕمان زیادی دەکرد.

٢- کردەوە: کاتێك موسوڵمان بە پێی ئەو زانستەی کە هەیەتی دەربارەی فەرمانەکانی خوای گەورە کردەوەی پێویست ئەنجام دەدات ئەو کاتە هەست بە تام و چێژی شیرینی گوێڕایەڵی ڕاستەقینە دەکات بەرامبەر بە خوای خۆی چونکە لەو حاڵەتەدا باوەڕەکەی لە قۆناغێکەوە دەگۆڕێت بۆ قۆناغێکی تر و لە چوارچێوەیەکی تەسکی دەروونی دەردەچێت و دەبێت بە کردەوە و لە واقیعی بەرهەستدا کاریگەری لەسەر ڕەوتی ژیانی دەبێت، بەوەش گەلێك لە بەشەکانی باوەڕەکە هەر بەکردەوە دێنەدی -ئەنجام دەدات- واتە: باوەڕە مەعنەوی یەکەی زیاد دەکات دەبێت بە باوەڕی

---

[1] بوخاری/ ٧١، موسلیم/ ١٠٣٧.

[2] نوسەر نوسیوێتی:(الإيمان: أركانه - حقيقته - نواقضه) محمد نعيم ياسين ل٢١٠.منیش هەموو قەولەکەم ئاوها دۆزییەوە:(فَتَعَلَّمْنَا الْإيمانَ قَبْلَ أنْ نَّتَعَلَّمَ الْقُرْآنَ ثُمَّ تَعَلَّمْنَا الْقُرْآنَ فازْدَدْنَا بِهِ إيمَاناً). لە (المعجم الكبير للطبراني/ ١٣٧٨، (السنن الكبرى للبيهقي/ ٥٤٩٨، ابن ماجه ٦١.. ئەلبانی لە ( صحيح ابن ماجه ٦٠)دا بە سەحیحی داناوە.

بەرجەستە و ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی دەردەکەوێت و دەبێت بەو باوەڕەی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دروشمەکەی هەڵگرتووەو لە بواری ڕۆژانەدا پیادەی کردووە و هاوەڵان لێوەی فێر بوون و پێویستی یەکانیان جێ بەجێ کردووە.

لە کاتێکدا کە موسوڵمانان لەگەرمەی هەوڵ و تێکۆشان و سەختترین ئاستەنگدا بوون خوای گەورە وەسفیان دەکات و دەفەرموێت:(الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَانًا وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ)آل عمران/١٧٣ واتە: ئەو موسوڵمانانە پاداشتی گەورەیان هەیە کە خەڵکی پێیان دەگوتن: ئەوا هەموو خەڵك لێتان کۆبوونەتەوە و سڵیان لێ بکەنەوە، بەڵام ئەوان هەر باوەڕیان زیادی دەکرد و دەیان گووت: خوامان بەسە و چاکترین سەرە و کارە.

هۆی زیاد بوونی باوەڕەکەیان ئەوە بوو بەکردەوە بۆیان دەسەلما کە هیچ پشت و پەنایەکی ڕاستەقینە نییە بۆ مرۆڤ کە داڵدەی بدات بێجگە لە خواو دەیان بینی لەو تین و تاوەدا کە زۆریان بۆ دێت خوای گەورە پشتیوانییەکی ڕاستەقینەیان لێ دەکات و سەریان دەخات و دوژمنیان تێك دەشکێنێت.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی ڕەنگدانەوە باوەڕ لە ئاکار و ڕەفتاردا دەفەرموێت:(أَكْمَلَ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَاناً أَحْسَنُهُمْ خُلُقاً) أخرجه أحمد و أبو داود و الترمذي. واتە: تەواوترینی موسوڵمانان لە ڕووی باوەڕەوە ئەوەیانە جوانترین ڕەوشتی هەبێت. چونکە باوەڕێکی ڕاستەقینەی هەیە و تا ووزەکانی گۆڕاون بۆ ڕەوشت و ڕەفتار.. هەروەك مادده دەگۆڕێت بۆ ووزە لە کاتی کارلێك و جووڵەدا.

٣- بیرکردنەوە لە بەڵگەکانی دەسەڵاتی خوا لە بوونەوەردا: سەرنج دان و ورد بوونەوە لە دروستکراوەکانی خوای گەورە هۆکارێکی بەهێز و کاریگەرە بۆ زیاد کردن و پتەو بوونی باوەڕ چونکە لە دروستکران و بەدیهاتنیاندا پەی بە دەسەڵاتداری خوای گەورە دەبرێت و لە مەزنیەتی یاندا گەورەیی و توانایی بێ سنووری خوا دەردەکەوێت و لە وردەکاری یاندا زانایی و شارەزایی ڕەهای پەروەردگار دەردەکەوێت و مرۆڤی موسوڵمان هەستی بە گەورە زانین و ئاتاج بوون و ترسان لە خوای گەورە لا دروست دەبێت و ئەوەش هانی بەندە دەدات و ناخی دەهەژێنێت بۆ ئەوەی ستایشی بکات و لێی بپاڕێتەوە و کردەوەی چاك ئەنجام بدات و خواپەرستی ڕاستەقینە بکات.

خوای گەورە ئاماژە بە نیشانە و بەڵگەکانی دەسەڵاتی لە دروستکراوەکانیدا دەفەرمووێت:(وَهُوَ الَّذِي أَنزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجْنَا بِهِ نَبَاتَ كُلِّ شَيْءٍ فَأَخْرَجْنَا مِنْهُ خَضِرًا نُّخْرِجُ مِنْهُ حَبًّا مُّتَرَاكِبًا وَمِنَ النَّخْلِ مِن طَلْعِهَا قِنْوَانٌ دَانِيَةٌ وَجَنَّاتٍ مِّنْ أَعْنَابٍ وَالزَّيْتُونَ وَالرُّمَّانَ مُشْتَبِهًا وَغَيْرَ مُتَشَابِهٍ ۗ انظُرُوا إِلَىٰ ثَمَرِهِ إِذَا أَثْمَرَ وَيَنْعِهِ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكُمْ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ) الأنعام/٩٩ واتە: هەر ئەو خوایەیە کە لە ئاسمانەوە ئاوی باراندووە و بەو ئاوە هەموو جۆرە ڕووەکێکمان ڕواندووە و لەو ڕووەکانە سەوزاییمان پەیدا کردووە و لەو سەوزایی یە دانەوێڵەی پڕ دان دروست دەکەین و لە دار خورما لە گۆپکەکەیەوە هێشووی شۆڕ پەیدا دەکەین و باخاتی ترێ و زەیتون و هەناری لە یەکچووی بەتام جیاواز دروست دەکەین، تەماشای بەروبوومەکەی بکەن کاتێك بەردێت و پێ دەگات، لە هەموو ئەوانەدا بەڵگەی زۆر هەیە بۆ گەلێك کە باوەڕ بهێنن. ئینجا ئەگەر نیشانە و بەڵگەی زۆر لەو دیمەن و شێوە خوا ڕسکانەدا هەبێت بۆ ئەوانەی موسوڵمان نین

بەڵام مەبەستیانە بگەنە قەناعەت و دەیانەوێت لە ڕێگەی سەرنج دان لە دروستکراوانەوە باوەڕ بهێنن، ئەوا بێگومان کەسێك موسوڵمان بێت زیاتر سەرنجەکانی بەرهەمدار دەبن و چاکتر گەورەیی و بەدەسەڵاتی و زانایی و کاربەجێیی خوای بۆ دەردەکەوێت، وەك خوای گەورە لە وەسفی موسوڵماناندا دەفەرموێت:(وَالَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا) الفرقان/٧٣ واتە: ئەوانە بەندەی خوای بەخشندەن، ئەگەر ئایەتەکانی خوایان خرایەوە بیر بەکەڕ و کوێری بەسەریاندا گوزەر ناکات.

یادکردنی خوای گەورە: هەرچەندە موسوڵمان زیاتر لە یادی خوای گەورەدا بێت و بە ووتنی ناوە پیرۆزەکانی و خوێندنی قورئان و ئەو پاڕانەوە سوننەتانەی کە لە فەرموودەی ڕاستدا هاتوون زمانی پاراو دەبێت و باوەڕی زیاد و دامەزراو دەبێت، چونکە بەردەوام لە پەروەردگاری بەئاگایە و دەزانێت بە چ کارێك گوێڕایەڵی بکات و کام کردەوەیە بە لای بێ فەرمانیدا دەڕوات و لە چ کاتێکدا ستایشی بکات و کەی لێی بترسێت و لەگەڵ کێدا بێت خوای گەورەی بیر دێنێتەوە و کێ لە یاد و گوێڕایەڵی خوای دادەبڕێت، دیارە باشترین مامۆستا و ڕێنیشاندەر لەم ڕێیەدا قورئانە، بۆیە خوای گەورە دەربارەی موسوڵمانان دەفەرموێت:(وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا) الأنفال/٢ واتە: ئەگەر ئایەتەکانی خوایان بەسەردا بخوێنرێتەوە باوەڕیان زیاد دەکات. هەروەها بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت:(فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَن يَخَافُ وَعِيدِ) ق/٤٥ واتە: بە قورئان یادی ئەو کەسە بێنەرەوە کە لە هەڕەشە دەترسێت. ئینجا لە بەرامبەردا بێ ئاگایی دەبێتە مایەی بیرچوونەوەی دەسەڵاتی مەزن و شکۆمەندی خوای گەورە و فەرامۆش کردنی فەرمانەکانی و پێشێل کردنی سنوورەکانی، بێگومان بەوەش

باوەڕ كەم دەبێت و لاوازی ڕووی تێ دەكات. هەروەها عمیری كوڕی حبیب خوا لێی رازی بێت، دەیفەرموو:(الْإِيمَانُ يَزِيدُ ويَنْقُصُ) واتە: باوەڕ زیاد دەكات و كەم دەكات. ووتیان: زیاد و كەم كردنەكە چۆنە؟ فەرمووی:(إِذا ذَكَرْنا اللّٰهَ وحَمِدْناهُ وسَبّحْناهُ فَتِلْكَ زِيادَتُهُ، وإِذا غَفَلْنا وَنَسِينَا فَذلِكَ نُقْصانُهُ).[1] واتە: ئەگەر یادی خوامان كرد و ستایشمان كرد و پاك و بێگەردیمان بۆ دەربڕی ئەوە زیاد كردنیەتی، وە ئەگەر بێئاگا بووین و بیرمان چوو یادی بكەین ئەوە كەم كردنیەتی.

[1] الإيمان / محمد نعيم ياسين ل٢١٢.

## بەرز و نزمی
## موسوڵمانان بەهۆی باوەڕەکەیانەوە

بەڵگەنەویستە هەر موسوڵمانێك پلەكانی باوەڕی بە پتەوی تێدا بەرجەستە ببێت و زۆرترین بەشی باوەڕ ئەنجام بدات پلەی بەرزترە لە کەسێك کە بە سادەیی و سەر پێی هەوڵیان بۆ بدات و بەشی کەمتر ئەنجام بدات، بۆ نموونە: ئەو کەسەی بنچینەی باوەڕی پتەو و بەهێزە وەك ئەو کەسە نییە کە بنچینەی باوەڕی لاوازە، یاخود ئەو کەسەی سەرەڕای بنچینەی باوەڕ باوەڕی پێویستیش ئەنجام دەدات وەك کەسێك نییە کە تەنها بنچینەی باوەڕ ئەنجام بدات، یان کەسێك سەرەڕای دوو پلەکەی تر باوەڕی خۆشەویستیش ئەنجام بدات وەك کەسێك نییە کە هەر دوو پلەکەی تری تێدا بێت و باوەڕی خۆشەویست بەهەند نەگرێت.

بەم پێیە ڕاددەی بەرزو نزمی باوەڕ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت و لەو سۆنگەیەشەوە پلەی موسوڵمانێك لەگەڵ یەکێکی تردا جیاوازە، خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموویت:(إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) الحجرات/١٣ واتە: بەڕێزترینتان لای خوای گەورە ئەوەتانە بە پارێزتر بێت. ئاشکرایە پارێز (تقویٰ) یەکێکە لەبەشەکانی (باوەڕی خۆشەویست) و لوتکەی باوەڕە، هەروەها دەفەرموویت:(أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي الْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ)ص/٢٨واتە: ئایا ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە وەك ئەوانە دادەنێین کە خراپەکارن لە زەویدا؟ یان ئەوانەی پارێزکارن وەك ئەوانە دادەنێین کە تاوانکاری ئاشکران؟.

یاخود دەفەرموویت:(يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ)المجادلة/١١واتە: خوای گەورە پلەی ئەوانە بەرز دەکاتەوە لە ئێوە کە باوەڕیان هێناوە و ئەوانەش کە زانستیان بەدەست هێناوە بە چەندەها پلە.

هەروەها خوای گەورە بە موسوڵمانە کۆچ کردووەکان دەفەرموویت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ) الممتحنة/١٠ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئافرەتە موسوڵمانەکان بە کۆچکردوویی هاتن بۆ لاتان تاقی یان بکەنەوە، خواش زاناترە بە باوەڕەکەیان.

بێگومان ئەگەر لە پلەی باوەڕەکەیاندا جیاوازییان نەبوایە خوای گەورە بۆچی فەرمانی بەتاقی کردنەوەی ئەو ئافرەتە کۆچ کردووانە دەکرد لە کاتێکدا کە بەسیفەتی موسوڵمان ناوی بردوون؟

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت:(إِنَّ أَهْلَ الْجَنَّةِ لَيَتَرَاءَوْنَ أَهْلَ الْغُرَفِ مِنْ فَوْقِهِمْ، كَمَا تَتَرَاءَوْنَ الْكَوْكَبَ الدُّرِّيَّ الْغَابِرَ مِنَ الْأُفُقِ مِنَ الْمَشْرِقِ أَوِ الْمَغْرِبِ، لِتَفَاضُلِ مَا بَيْنَهُمْ. قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ تِلْكَ مَنَازِلُ الْأَنْبِيَاءِ لَا يَبْلُغُهَا غَيْرُهُمْ؟ قَالَ «بَلَى، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ رِجَالٌ آمَنُوا بِاللهِ وَصَدَّقُوا الْمُرْسَلِينَ) متفق عليه[١] واتە: بەهەشتی یەکان خەڵکی تاقەکانی سەروی خۆیان دەبینن هەر وەك ئێوە ئەستێرەی درەوشاوەی تێپەڕیوی ئاسۆ دەبینن لە ڕۆژهەڵات یان لە ڕۆژئاواوە، لەبەر بەرزی پلەی نێوانیان. ووتیان: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوە پلەو پایەی پێغەمبەرانی خوان کەکەسی تر پێی ناگات؟ فەرمووی: بەڵێ: سوێند بەو خوایەی گیانی

---

[١] بوخاری/٣٠٨٣، موسلیم/ ٢٨٣١.

**پوختەی ناوەڕۆکی باوەڕ** ---------------------------------------

منی بەدەستە ئەوانە پیاوانێکن باوەڕیان بەخوا هێناوە و پێغەمبەرانی خوایان بەڕاست زانیوە و بڕوایان پێ کردوون).

## جیاوازی نێوان
## ووشەی (باوەڕ) و ( ئیسلام)

له پێناسەی زمانەوانی باوەڕدا ووتمان: ووشەی باوەڕ (ألْإِيمَان) واتە: (ملکەچ کردنی نەفسن بۆ ڕاستی، لە ڕووی بڕوا پێکردنێکەوە، کە دڵنیایی لەگەڵدا بێت)، بەڵام ووشەی (ئیسلام) لە زمانی عەرەبی دا بە واتای: (ملکەچ کردن و پابەند بوون) دێت، ئینجا بە ڕاست بێت یاخود بە ڕووکەش.

**جیاوازی نێوان ئەم دوو وشەیە لە دوو خاڵدا ڕوون دەکەینەوە:**

١- کاتێك باوەڕ و ئیسلام لە دەقە شەرعییەکاندا پێکەوە باسکران:

لەم کاتەدا مەبەست لە (باوەڕ) کردەوە پەنهانەکان (أَلأَعْمَالُ الباطِنَة) یە، واتە: ئەو بیر و باوەڕ و قەناعەتەی لە دڵ و دەروون دایە دەربارەی باوەڕ بە خوای گەورە فریشتەکان و پێغەمبەرانی خواو پەیامەکانیان و ڕۆژی دوایی و قەزاو قەدەر و.... هتد.

هەروەها مەبەست لە (ئیسلام) کردەوە ئاشکراکان (أَلأَعْمَالُ الظاهِرة) یە، واتە: ئەو کردەوانەی بە ڕووکەش دەکرێن، وەك شایەتوومان و نوێژ و ڕۆژوو حەج و قوربانی و زەکاتدان و...... هتد.

بەڵگەش لەسەر ئەم باسە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە و جیاوازی نێوانیان ڕوون کردۆتەوە. وەك خوای گەورە دەفەرموویت:(قَالَتِ الأَعْرَابُ آمَنَّا قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يدْخُلِ الإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ)الحجرات/١٤ واتە: دەشتەکیەکان دەڵێن: باوەڕمان هێناوە، ئەی

محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بڵێ: باوەڕتان نەهێناوە، بەڵکو بڵێن: ملکەچ بووین و باوەڕ نەچۆتە دڵتانەوە.

لێرەدا خوای گەورە جیاوازی دەخاتە نێوان ئەو باوەڕەی لە دڵدا جێگیر دەبێت و بانگەشەی موسوڵمانی یان ڕەت دەکاتەوە و ئەو کردەوە ئاشکرایانەی کە بە حوکمی باڵا دەستی ئیسلام ئەنجامی دەدەن و ملکەچن بۆ فەرمانەکانی و ئەمەیان دەسەلمێنێ بۆیان.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە فەرموودەکەی سەیدنا جوبرەئیلدا عَلَيهِ السَّلَام دەربارەی (باوەڕ) دەفەرمووێت:(الْإِيمَانِ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ) رواه مسلم.[1] واتە: باوەڕ ئەوەیە باوەڕ بە خواو فریشتەکانی و کتێبەکانی و نێرراوەکانی و ڕۆژی دوایی و بەقەزاو قەدەر بهێنێت بەخۆش و ناخۆشیەوە.

هەر لەهەمان فەرموودەدا دەربارەی (ئیسلام) دەفەرمووێت:(الْإِسْلَامُ: أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ محمدا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ وَتُؤْتِيَ الزَّكَاةَ وَتَصُومَ رَمَضَانَ وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إِنْ اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلًا) واتە: ئیسلام ئەوەیە: شایەتی بدەیت بەوەی هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە بێجگە لەخواو شایەتی بدەیت کە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوایە و نوێژ بکەیت و زەکات بدەیت و ڕۆژووی ڕەمەزان بگریت و حەجی ماڵی خوا بکەیت ئەگەر توانای چوونی ئەو ڕێگەیت هەبوو.

ئیبنوحەجەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەفەرمووێت: (وَبِهذا استَدَلَ الْمُزَني وَ أَبو محمد البَغَوي فَقَالَ فِي الكَلَامُ عَلَى حَدِيث جِبْرِيلُ هذا: جَعَلَ النبيُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الإِسلامُ هُنا إِسْماً لِمَا ظَهَرَ

[1] بوخاری/ ٥٠، موسلیم/ ٨.

مِنَ الأَعمَال، والْإِيمانُ إِسْماً لِمَاَ بَطَنَ مِنَ الإِعْتِقاد، وَلَيس ذاكَ لِأَنَ الأَعمَالَ لَيْسَتْ مِنَ الْإِيمان، وَلَا لِأنَ التَصْدِيق لَيْسَ مِنَ الإِسلام، بَلْ ذَاكَ تَفْصيلٌ لِجُمْلةٍ كُلُها شَىءٌ واحِدٍ و جَمَاعُها الدِين، وَلِهذا قَالَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:(أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِيْنَكُمْ).[1] واتە: ئیمامی موزونی و ابو محمدی بەغەوی بەڵگەیان بەم فەرموودەیە هێناوەتەوە و بەغەوی لە قسە لەسەر ئەم فەرموودەیەی (جیریل) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێرەدا باسی ئیسلامی کردووە بەناوی ئەو کردەوانەی ئاشکران و باوەڕیشی کردووە بە ناوی ئەو بیرو باوەڕەی پەنهانە، ئەمەش لەبەر ئەوە نییە کە کردەوە بەشی باوەڕ نییە و لەبەر ئەوەش نییە کە بڕوا هێنان بەشێك نییە لە ئیسلام، بەڵکو ئەمە درێژەی باسێکە کە هەمووی یەك شتە و چوار چێوەکەی ئایینە، بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (جبریل هات ئایینەکەتان فێر بکات).

هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الإِسْلامِ، وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الإِيمَانِ)[2] واتە: خوایە گیان هەر کەسێك لە ئێمە دەژیێنیت لەسەر ئیسلام بیژێنە وە هەر

---

[1] فتح الباري/١/ ١١٥

[2] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی:(رواه الترمذي وقال حسن صحيح، والحاكم في صحيحه ووافقه الذهبي).. ئەمەش دوو سەرچاوەی تری: ئەبو داود (٢٧٨٩) ابن ماجة(١٤٨٧) دەقی هەمووو فەرمودەکە:(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى جِنَازَةٍ . فَقَالَ :اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِحَيِّنَا وَمَيِّتِنَا وَصَغِيرِنَا وَكَبِيرِنَا وَذَكَرِنَا وَأُنْثَانَا وَشَاهِدِنَا وَغَائِبِنَا اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الإِسْلامِ وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الإِيمَانِ اللَّهُمَّ لا تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ وَلا تُضِلَّنَا بَعْدَهُ). ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن أبي داود/٣٢٠١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

کەس لە ئێمە دەمرێنیت لەسەر باوەڕ بیمرێنە. ئیبنورجب ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەربارەی ئەم فەرموودەیە دەفەرموویت: (لەبەر ئەوەی کردەوە بە لاشەیە و لە ژیاندا ئەنجام دەدرێت بەڵام لە کاتی مردندا بڕوا هێنانی دڵ نەبێت هیچی تر نامێنێتەوە).[1]

حافظی حەکەمیش ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەرموویت: (وَقَدْ قَدِمْنا أَنَ الْإِسلامَ هُوَ الأَركانُ الظاهِرةِ عِنْدَ التَفْصيل وإقتِرانِهِ بِالْإيمان، والْإيمانُ إذْ ذاكَ هُوَ الأَرْكان الباطِنَة، وَالْإِحسانُ هُوَ تَحْسينُ الظاهِر وَالباطِنْ).[2] واتە: پێشتر باسمان کرد کە ئیسلام بریتیە لە پایە ئاشکراکان کاتێك بە درێژی باسی لێوە کراو لەگەڵ باوەڕدا پێکەوە باسکران، وە باوەڕیش ئەو کاتە بریتییە لە پایە پەنهانەکان و (إحسان) یش بریتییە لە جوان کردن و چاکردنی ئاشکرا و پەنهان.

٢- کاتێك باوەڕ و ئیسلام لە دەقە شەرعیەکان بە جیا باسکران:

ئەو کاتە مەبەست لە هەریەکەیان سەر لەبەری ئیسلامە بە هەموو بەشەکانیەوە و کردەوە ئاشکرا و پەنهانەکان دەگرێتەوە، هەروەك خوای گەورە سەبارەت بە ناوەڕۆکی باوەڕ و سیفەتی موسوڵمانان دەفەرموویت:(قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ * الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ لِلزَّكَاةِ فَاعِلُونَ * وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ) المؤمنون/١-٥ واتە: بە ڕاستی موسوڵمانان سەرفرازن، ئەوانەی لە نوێژەکانیاندا بە ترس و سام گرتوون، ئەوانەی پشت لە قسەی پڕو پوچ هەڵدەکەن و ئەوانەی ئەنجامدەری زەکاتن و ئەوانەی داوێنیان دەپارێزن.

---

[1] بڕوانە کتێبی (قواعد في التكفير) ی ئەبوبصير/ ل ٤٩.

[2] (معارج القبول) الحافظ الحكمى/ ٢٣٩.

خوای گەورە لەم ئایەتەدا چەند فەرمانێکی بە سیفەتی موسوڵمانان داناوە لەوانە: (نوێژکردن بە ترسەوە، ڕەوشت بەرزی، زەکات دان، داوێن پاکی) بەڵگە نەویستە کە ئەم فەرمانانە هەرکردارە پەنهانەکان ناگرنەوە، هەریەکەیان دوو ڕووی ئاشکرا و پەنهانی هەیە و بە جەم بوونیان پێکەوە ئینجا فەرمانەکە دەبێتە سیفەتی ڕاستەقینەی موسوڵمان.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی ناوەڕۆکی باوەڕ دەفەرمووێت:(الإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ شُعْبَةً ، أَوْ بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً ، أَفْضَلُهَا لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ ، وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ ، وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإِيمَانِ) متفق عليه.[1] واتە: باوەڕ حەفتاو ئەوەندە بەشە، بەرزترینیان شایەتی دانە بەوەی هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە بێجگە لە خواو، محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوایە و نزمترینیان لابردنی ئازارە لەسەر ڕێگە و، شەرم کردن بەشێکە لە باوەڕ.

ئینجا سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئیسلام -کە تێکڕای کردەوە ئاشکرا و پەنهانەکان دەگرێتەوە- خوای گەورە دەفەرموێت:(إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلامُ) آل عمران/١٩ واتە:رازی بووم کە ئیسلام ئایینتان بێت. یاخود دەفەرمووێت:(وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ) آل عمران/٨٥ واتە: هەر کەس بێجگە لە ئیسلام بە ئایینی خۆی هەڵبژێرێت لێی وەرناگیرێت و لە ڕۆژی دوایی دا لە زیانمەندانە.

هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(إِنَّ لِلإِسْلَامِ صُوًى وَمَنَاراً كَمَنَارِ الطَّرِيقِ؛ مِنْهَا أَنْ تُؤْمِن بِاللهِ وَلَا تُشْرِكْ بِهِ شَيْئًا، وَإِقَامَ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَصَوْمُ رَمَضَانَ، وَحَجُّ البَيْتِ، وَالأَمْرِ بِالمَعْرُوفِ، وَالنَّهْيِ

[1] بوخاری/ ٩، موسلیم/ ٣٥.

عَنِ المُنْكَرِ....)[1] واتە: ئیسلام گرد و مەشخەڵی هەیە، وەك مەشخەڵی ڕێگە، لەوانە باوەڕ بە خوا بهێنی و هیچ هاوبەشی بۆ دانەنێیت و ئەنجامدانی نوێژو زەکات دان و ڕۆژووی ڕەمەزان و حەجی ماڵی خوا و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە.

لە فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە باسی ناوەڕۆکی (ئیسلام) دا باوەڕ هێنان بە خوای گەورەی بە یەکێك لە بەشەکانی داناوە - کە بەشێکە لە پایەکانی باوەڕ و لە کردەوە پەنهانەکانە- ئەمەش وا دەگەیەنێت کە مەبەستی لە ووشەی (ئیسلام) سەر لەبەری ئایینی خوایە بە ئاشکرا و پەنهانیەوە.

زانای ناودار حافظی حەکەمی دەربارەی باسکردنی ووشەی (باوەڕ) و (ئیسلام) بە جیا دەفەرموویت:(أَمَّا عِنْدَ الْإِطلاق فَكُلُ مِنْها يَشْمَلُ دينُ الله كُلُهُ).[2] واتە: بەڵام کاتێك بە جیا ووتران هەریەکەیان سەرجەم ئایینی خوا دەرگرێتەوە.

---

[1] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: (أخرجه الحاكم و هو صحيح على شرط الشيخين.) . راستە: شێخی ئەلبانی رحمه الله لە (صحيح الجامع الصغير ١/٤٣٢) و لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ١٥٨٧) دا دەفەرموێ : سەحیحە.

[2] (معارج القبول) الحافظ الحكمى/ ٢٣٩.

## باوەڕی ڕەها (الْإيمانُ المُطْلَقِ) و ڕەهای باوەڕ (المُطْلَقُ الْإيمان)

ووشەی (باوەڕ) لە دەقە شەرعی یەکاندا بەو دوو زاراوەیە هاتووە و زانایان لە ووتە و نوسینەکانیاندا بەکاریان هێناون بۆ جیاکردنەوەی مەبەست لە واتای باوەڕ لەهەر جێگەیەکدا کە باس دەکرێت، ئێمەش لێرەدا -لە میانە باسەکانی باوەڕدا- بە پێویستمان زانی ئاماژە بە چەمك و واتای هەردوو زاراوەکە بکەین:

**یەکەم: باوەڕی ڕەها (الْإيمانُ المُطْلَقِ):** واتە (سەر لەبەری باوەڕ) و مەبەست لەم زاراوەیە باوەڕی تەواوە بە هەرسێ پلەی (بنچینەی باوەڕ) و (باوەڕی پێویست) و (باوەڕی خۆشەویست).

بەم پێیە لە هەر دەقێکدا ووشەی (باوەڕ) بەم واتایە هات ئەوا کەسانی گوناهکار و تاونبار ناگرێتەوە -ئەگەر چی گوناهەکانیشیان لەوانە نەبێت کە بەندەی پێ لە باوەڕ دەردەچێت- چونکە هیچ کام لە (باوەڕی پێویست) و (باوەڕی خۆشەویست) بە تەواوی ئەنجام نادەن، هەرچەندە (بنچینەی باوەڕ) ئەنجام دەدەن.

لە نموونەی ئەو دەقە شەرعییانەی ووشەی باوەڕ تێیدا بە واتای (باوەڕی ڕەها) هاتووە ئەوەیە خوای گەورە دەفەرموێت:(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ * الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلَاةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ)الأنفال/٢-٤ واتە: هەر ئەوانە موسوڵمانی ڕاستەقینەن کە ئەگەر باسی خوای گەورە کرا دڵیان ڕادەچڵەکێت و ئەگەر ئایەتەکانی خوایان بۆ خوێنرایەوە باوەڕیان زیاد دەکات و پشت بە خوای گەورە دەبەستن، ئەوانەی نوێژ ئەنجام دەدەن و

لەو ڕۆژییەی پێمان داون دەبەخشن، ئا ئەوانە موسوڵمانی ڕاستەقینەن، چەندەها پلەی بەرز و لێخۆشبوون و ڕۆزی چاك و بەڕێزیان لە لای پەروەردگاریان هەیە.

یان دەفەرمووێت:(وَالَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوا وَّنَصَرُوا أُولَٰئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقًّا لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ)الأنفال/٧٤ واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان کردووە و لە پێناوی خوادا جیهادیان کردووە و ئەوانەی داڵدەی موسوڵمانانیان داوە و پشتیوانییان کردوون، ئا ئەوانە موسوڵمانی ڕاستەقینەن، لێخۆشبوون و ڕۆزی چاك و بەڕێزیان پێ دەدرێت.

**دووەم: ڕەهای باوەڕ (المُطْلَقُ الإِيمان):** واتە (ئەوەی پێی بووترێت باوەڕ) و مەبەست لەم زاراوەیە (بنچینەی باوەڕ)ە، چونکە هەر کەسێك ئەم پلەیەی باوەڕی تێدا بەرجەستە ببێت پێی دەوترێ موسوڵمان و خوێن و ماڵی پارێزراوە و سەرئەنجام هەر دەچێتە بەهەشتەوە ئەگەر چی لەو تاوانە گەورانەش ئەنجام بدات کە مرۆڤیان پێ (فاسق) دەبێت نەك ئەوانەی مرۆڤیان پێ لە باوەڕ دەردەچێت.

خوای گەورە دەربارەی ئەوانەی (ڕەهای باوەڕ)یان تێدایە و بە سیفەتی موسوڵمان ناوی بردوون دەفەرمووێت:(وَإِن طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا)الحجرات/٩ واتە: ئەگەر دوو دەستە لە موسوڵمانان بەشەڕ هاتن دانوستانی نێوانیان بکەن. هەروەها دەفەرمووێت:(فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ)البقرة/١٧٨ واتە: هەر پیاوکوژێك لە لایەن براکەیەوە چاوپۆشی شتێکی لێ کرا دەبێت چاوپۆشی کەر بەشێوازێکی پەسەند مامەڵەی لەگەڵ بکات.

لە ئایەتی (٩) ی سورەتی (الحجرات) خوای گەورە دوو دەستەی بەشەڕهاتووی موسوڵمانانی بە موسوڵمان ناوبردووە ئەگەر چی هەوڵی کوشتنییەکتریش دەدەن، هەروەها لە ئایەتی (١٧٨) ی سورەتی (البقرة) دا پیاو کوژەکەی بە برای هەقداری کوژراوەکە داناوە، چونکە کوشتن گوناهی گەورەیە و مرۆڤی پێ لەباوەڕ دەرناچێت.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(لَا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلَا يَسْرِقُ السَّارِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلَا يَشْرَبُ الْخَمْرَ حِينَ يَشْرَبُهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ) رواه البخاري[1] واتە: مرۆڤی زینا کەر ئەگەر لەکاتی زینا کردنەکەیدا باوەڕی هەبێت زینا ناکات و دز ئەگەر لەکاتی دزی کردنەکەیدا باوەڕی هەبێت دزی ناکات و مەیخۆر ئەگەر لەکاتی مەیخواردنەوەکەیدا باوەڕی هەبێت ناخواتەوە). کەواتە وەك ئەبو هورەیرە خوا لێی رازی بێت، دەفەرمووێت:(إِنَّ الْإِيمَانَ نَزِهٌ، فَمَنْ زَنَا فَارَقَهُ الْإِيمَانُ، فَإِنْ لَامَ نَفْسَهُ وَرَاجَعَ رَاجَعَهُ الْإِيمَانُ).[2] واتە: باوەڕ خاوێنە، هەرکەس زینا بکات باوەڕەکە لێی جیا دەبێتەوە، ئینجا ئەگەر سەرکۆنەی خۆی کرد و پەشیمان بووەوە، باوەڕەکەی بۆ دەگەڕێتەوە.

بەم پێودانگە هەرکەس گوناهی گەورە ئەنجام بدات (باوەڕی ڕەها)ی نییە، بەڵام (ڕەهای باوەڕ)ی هەیە، واتە موسوڵمانی ڕاستەقینەی باوەڕ کامڵ نییە، هەرچەندە سیفەتی باوەڕی لێ جیا نابێتەوە، چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى

---

[1] بوخاری/ ٦٣٩٠.

[2] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: (الوجيز في العقيدة السلف الصالح) عبدالله بن عبدالحميد الأثري ل١٠٦. لە ئەسڵدا عبداللەی کوڕی ئیمامی ئەحمەد لە کتێبی (السنة/. فەرموودەی ژمارە/٦٦٤)دا هێناویتیەوە.

اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(ذَاكَ جِبْرِيلُ أَتَانِي فَقَالَ مَنْ مَاتَ مِنْ أُمَّتِكَ لاَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ) واتە:ئەوە جوبرەئیلە عَلَيهِ السَّلَام هاتە لام و فەرمووی: هەرکەس لە ئوممەتەکەت بمرێت و هیچ هاوبەشی بۆ خوای گەورە دا نەنابێت دەچێتە بەهەشتەوە. . ئەبوذەر خوا لێی رازی بێت، فەرمووی:(وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ؟) واتە: ئەگەر زینا بکات و ئەگەر دزیش بکات.

فەرمووی:(وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ؟) واتە: ئەگەر زینا بکات و ئەگەر دزیش بکات.

## ئەگەر و شیمان دانان (الإستثناء) لە باوەڕدا

سەرەنجامی کارو داهاتووی مرۆڤ لەلای پەروەردگارە و هەر ئەو دەزانێت چارەنووسی بە چی دەگات، لەبەر ئەوە دروست نییە هیچ کەس پاکانە بۆ خۆی بکات و خۆی پەسەند بکات نەوەك تووشی لە خۆبایی بوون و لە خوا بێ ئاگابوون ببێت، خوای گەورەش دەفەرموویت:(فَلَا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ ۖ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَىٰ) النجم/٣٢ واتە: پاکانە بۆ خودی خۆتان مەکەن، هەر خوا زاناترە بەو کەسەی پارێزکارە.

سیفەت و خەسڵەتەکانی باوەڕو موسوڵمان ئاشکران و دەتوانرێت لە حوکمی دنیایی دا لە ڕوانگەیانەوە مرۆڤ هەڵبسەنگێنرێت؛ بەڵام هەرگیز سەرئەنجام و بڕیاری کۆتایی دوا ڕۆژی ساغ ناکرێتەوە و قسەی لێ ناکرێت چونکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت:(فَوَاللهِ الَّذِي لاَ إِلَهَ غَيْرُه إِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الجَنَّةِ حَتَّى مَا يَكُوْنُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إلا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُهَا..) متفق عليه[١] واتە: سوێند بەو خوایەی کە هیچ پەرستراوێك تر نییە بێجگە لەو، یەکێکتان کار بە کردەوەی خەڵکی بەهەشت دەکات تاکو لە نێوانی ئەو و بەهەشتدا باڵێك

[١] بوخاری/ ٣٢٠٨، موسلیم/ ٢٦٤٣. دەقی هەموو فەرمودەکە:(فَوَاللهِ الَّذِي لاَ إِلَهَ غَيْرُه إِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الجَنَّةِ حَتَّى مَا يَكُوْنُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إلا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُهَا وَإِنَّ أَحَدَكُم لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ حَتَّى مَايَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إلا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الجَنَّةِ فَيَدْخُلُهَا حَتَّى مَا يَكُوْنُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إلاذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُهَا).

دەمێنێت، نووسراوەکەی پێشی دەکەوێت و کار بە کردەوەی خەڵکی دۆزەخ دەکات و دەچێتە ناوی.

پیاوێك لەلای ئیبنومەسعود خوا لێی رازی بێت ووتی: من موسوڵمانم! ئەویش فەرمووی ئەی بەهەشتی نیت؟! کابرا ووتی: تکام وایە. ئیبنومەسعود فەرمووی: ئەی بۆ ووتەی یەکەمیشت بە خوا نەسپارد وەك دووەمت پێ سپارد؟[1]

دەربارەی باوەڕ پرسیاریان لە پێشەوا ئەحمەدی کوری حەنبل ڕەحمەتی خوای لێ بێت کرد، فەرمووی: (قَوْلٌ عَمَلٌ وَ نِيَّةٌ) واتە: ووتەو کردەوەو نیەتە. ووتیان: ئەگەر یەکێك ووتی تۆ موسوڵمانیت فەرمووی: (هذِهِ بِدْعَة) واتە: ئەوە (بیدعەیە) ووتیان: ئەی چی وەلام بدرێتەوە؟ فەرمووی بلێت (مُؤمِنٌ إِنْ شَاءَ اللَّهُ) واتە: ئەگەر خوا بیەوێت موسوڵمانم.[2]

یەحیای کوڕی عەتیق دەڵێ: محمد ی کوڕی سیرین ڕەحمەتی خوای لێ بێت، فەرمووی: (ئەگەر ووتیان: تۆ موسوڵمانیت؟ بڵێ:(آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنزلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزلَ إِلَىٰ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ) البقرة/١٣٦ واتە: باوەڕمان هێناوە بە خواو بەو پەیامەی بۆمان ڕەوانە کراوە و ئەوەی بۆ ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاق و یەعقوب و نەوەکانی ڕەوانە کرابوو..[3]

بەڵام کاتێك ئەگەرو شیمانەکە لەگەڵ گومان و دوودڵییەوە بوو سەبارەت بە باوەڕەکە ئەوە دروست نییە بەڵکو دەبێ موسوڵمان قەناعەتی خۆی ساغ بکاتەوە و بە دڵنیایی یەوە بڵێ: موسوڵمانم بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك کەوتە

[1] (كتاب الإيمان) ئەبو عوبەید ل٢٠.

[2] (الوجيز في العقيدة السلف الصالح) عبدالله بن عبدالحميد الأثري ل١٠٤.

[3] (كتاب الإيمان) ئەبو عوبەید ل٢١.

دەستی بێ باوەڕانەوە و بەندیان کرد و باسی شتی گومان لێکراویان دا بەگوێیدا و دوودڵیان کرد بەرامبەر بە باوەڕەکەی. کاتێك کە ڕزگاری بوو دەبێ لێی بکۆڵرێتەوە: ئایا هەر دڵی پەیوەستە بەباوەڕەکەیەوە یان نا؟! ئینجا ئەگەر لە ڕاڕایی یەوە ئەگەرو شیمان بکات ئەوا دروست نییە بەڵکو دەبێ دڵی خۆی ساغ بکاتەوە و بەڕاشکاوی بڵێت: موسوڵمانم. خوای گەورە لە وەسفی موسوڵمانی ڕاستەقینەدا دەفەرمووێت:(إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتَابُوا)الحجرات/١٥واتە: هەر ئەوانە موسوڵمانی ڕاستەقینەن کە باوەڕیان بەخواو پێغەمبەری خوا هێناوە، پاشان هیچ گومانێك و دوو دڵییان نییە.

کەواتە بە یەکێك لەم مەبەستانە ئەگەر و شیمان دانان لە باوەڕدا دروستە:

١- بەستنەوەی فەرمانەکە بە ویستی خوای گەورەوە.

٢- مەبەستی لەوە بێت کە خوا زانایە و ئەم هیچ دەربارەی خۆی نازانێت.

بەڵام ئەگەر مەبەستی لەوە بێت کە یەکێکە لەو موسوڵمانانەی کە خوا وەسفی کردوون، ئەوە پێویست بە ئەگەر ناکات.

یاخود کاتێ دوودڵ بوو ئەوا دەبێت خۆی ساغ بکاتەوە و نابێت ئەگەر و شیمان دابنێت.

# باوەڕی حوکمی و نیشانەکانی

پێشتر پوختەیەکمان دەربارەی باوەڕی ڕاستەقینە باسکردوو ووتمان: بەش بەشە و ئەو بەشانەی باوەڕ بە سێ پلەدا دابەش دەبن و سێ لایەنی سەرەکی پێیان هەڵدەستن کە بریتین لە: دڵ (باوەڕی پێ دێنێت) و زمان (دانی پیا دەنێت و دەیڵێت) و ئەندامەکانی لاشە (کردەوەی پێ دەکەن).

ئەم باوەڕە ڕاستەقینەیە کە لە ڕۆژی دوایی داو لە بەردەم خوای گەورەدا سەنگی دەبێت و حوکمی چاکی و خراپی بەندەی لەسەر دەدرێت و پاداشت و سزای لەسەر دیاری دەکرێت.

لێرەشدا -پشتیوان بەخوا- پوختەیەك دەربارەی باوەڕی حوکمی -کە هاوواتایە لەگەڵ ئیسلامی حوکمی دا- باس دەکەین:

باوەڕی حوکمی لەسەر دوو لایەن دەوەستێت، ئەوانیش ووتەی زمان و کردەوەی لاشەن، واتە بەم دوو لایەنە هەڵدەسەنگێنرێت و حوکمی لەسەر دەدرێت، بەم پێیە باوەڕهێنانی دڵی تێدا ڕەچاو ناکرێت چونکە هیچ کەس چاودێر نییە بەسەریەوە بەڵکو تەنها خوای گەورە ئاگادارە بەو نیاز و مەبەست و باوەڕەی تێیدا جێگیر دەبێت.

لە دنیادا بە پێی ئەم باوەڕە حوکمییە موسوڵمان و بێباوەڕ لە یەکتر جیا دەکرێنەوە و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

ئیمامی ئیبنوحەجەر ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لە باسی پێناسەی باوەڕدا دەفەرمووێت:(فَالسَّلَفُ قَالُوا هُوَ اعْتِقَادٌ بِالْقَلْبِ وَنُطْقٌ بِاللِّسَانِ وَعَمَلٌ بِالْأَرْكَانِ) واتە: پێشینان فەرموویانە: بریتییە لە باوەڕ هێنانی دڵ و گفت پێکردنی زمان و کردەوەی ئەندامەکان. پاشان دەفەرمووێت:(وَهذَا كُلُّهُ

بِالنَّظَرِ إِلَى مَا عِنْدَ اللَّهِ تَعَالَى، وَأَمَّا بِالنَّظَرِ إِلَى مَا عِنْدَنَا فَالْإِيمَانُ هُوَ الْإِقْرَارُ فَقَطْ، فَمَنْ أَقَرَّ أُجْرِيَتْ عَلَيْهِ الْأَحْكَامُ فِي الدُّنْيَا).[1] واتە: ئەمە هەمووی سەبارەت بەو باوەڕە کە لە لای خوای گەورە پەسەندە، بەڵام سەبارەت بەوەی لەژیانی خۆماندا حوکمی پێ دەدرێت باوەڕ تەنها دان پیانانە، جا هەر کەس دانی پێدانا لە دنیادا حوکمەکانی لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

ئیمامی ئیبنوتەیمییەش ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەرموێت:(أَنَّ الْإِيمَانَ الظَّاهِرَ الَّذِي تَجْرِي عَلَيْهِ الْأَحْكَامُ فِي الدُّنْيَا لَا يَسْتَلْزِمُ الْإِيمَانَ فِي الْبَاطِنِ الَّذِي يَكُونُ صَاحِبُهُ مِنْ أَهْلِ السَّعَادَةِ فِي الْآخِرَةِ).[2] واتە: ئەو باوەڕە ڕووالەتییەی کە حوکمەکانی دنیای لەسەر بەڕێوە دەچێت ئەو باوەڕە پێویست ناکات کە لە ناخی بەندەدایە و خاوەنەکەی لە بەختەوەرانی ڕۆژی دوایی دەبێت.

خوای گەورە لە باسی ئافرەتە موسوڵمانە کۆچ کردووەکاندا جیاوازی نێوان هەردوو جۆرەکەی باوەڕی کردووە و دەفەرموێت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمُ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ ۖ اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ ۖ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى الْكُفَّارِ ۖ) الممتحنة/ ١٠ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئافرەتە موسوڵمانە کۆچ کردووەکان هاتن بۆ لاتان تاقییان بکەنەوە، خوا زاناترە بەباوەڕەکەیان، ئینجا ئەگەر زانیتان موسوڵمانن مەیان گێڕنەوە بۆلای بێباوەڕان. لێرەدا کە پەروەردگاری (رقيب) دەفەرموێت:(اللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِهِنَّ) مەبەست لەوەیە کە هەر خوای گەورە بە باوەڕی پەنهانیان ئاگادارە و دەیزانێت، ئینجا کاتێك دەفەرموێت:(فَإِنْ

---

[1] (فتح الباری) ابن حجر ١/ ٤٦.

[2] (مجموع الفتاوی) ابن تيمية ٦/ ٢١٠.

عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَاتٍ) مەبەست لەو باوەڕە ڕواڵەتییەیە کە بە سیمایاندا دەردەکەوێت و هەستی پێ دەکرێت.

هەروەها دەربارەی جیاوازی نێوان باوەڕی ئاشکرا و پەنهان خوای گەورە دەفەرموێت:(وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا أَن يَنكِحَ الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُم مِّن فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ ۚ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُم) النساء/٢٥ واتە: ئەگەر هەر کەسێك لە ئێوە دەسەڵاتی نەبوو ئافرەتە ئازادە موسوڵمانەکان مارە بکات با لەوانە مارە ببڕێت کە موڵکی بە دەستی خۆتانن لە کەنیزەکە موسوڵمانەکان، خواش زانا ترە بە ناوەڕۆکی باوەڕەکەتان.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا کە دەفەرموێت:(الْمُحْصَنَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ) یان (فَتَيَاتِكُمُ الْمُؤْمِنَاتِ) واتە: بە گوێرەی ڕواڵەت و باوەڕی حوکمی، بەڵام کە دەفەرموێت:(وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُم) مەبەست لە ناوەڕۆکی باوەڕە .

## نیشانەکانی

## (باوەڕی حوکمی) یاخود (ئیسلامی حوکمی)[1]

خوای گەورە نیشانەی تایبەتی لە نێوان دروستکراوەکانیدا داناوە و مرۆڤیش یەکێکە لەو دروستکراوانە و تایبەتمەندی و نیشانەی سەربەخۆی لە نێوانیاندا دروست کردووە، وەك دەفەرموویت:(وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ) الروم/٢٢ واتە: لە نیشانەکانی دەسەڵات و توانایی خوا دروست کرانی ئاسمانەکان و زەوی جیاوازی زمان و ڕەنگ و ڕوڵەتتانە و، بەڵگەی زۆر لەوانەدا هەیە بۆ سەرجەم خەڵکی .

ئینجا سەرەڕای ئەو جیاوازی یە ڕووکەشانە خوای گەورە بە هۆی بیرو باوەڕ و ئاکاریشەوە جیاوازی مەعنەوی خستووەتە نێوان بەندەکان و هەر دەستە و کۆمەڵ و تاقمێکیان سیمای تایبەتی خۆی هەیە: هەرکەس پابەندی بەرنامە و پەیامی خوای گەورە بێت ئەوا شوێنەواری خواناسی و ڕەوشتی موسوڵمانانەی پێوە دەردەکەوێت و هەر کەسیش سەرپێچی و بێ فەرمانی بەرنامەی خوا بکات و لێی لابدات ئەوا ڕەفتارەکانی نەفامی و بیرو هۆشە چەوت و ناپەسەندەکانی لێوە سەرچاوە دەگرێت و تێیدا ڕەنگ دەدەنەوە.

ئیسلامیش چەند تایبەتی و خەسڵەتێکی سەربەخۆی هەیە و هەڵگرانی پێیان دەناسرێتەوە، وا لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەن:

---

[1] ئەم باسە لە کتێبی (الجامع فی طلب العلم الشریف) وەرگیراوە ل ٥٥٨ - ٥٦٠.

مەبەست لە نیشانەکانی (باوەڕی حوکمی) یان (ئیسلامی حوکمی) ئەو دروشم و بەڵگانەیە کە موسوڵمانیان پێ دەناسرێتەوە و لە تایبەتمەندی یەکانی ئیسلامن و هیچ ئایین و ڕێبازێکی تر تێیاندا هاوبەش نییە، واتە مەبەستمان لە جۆرە ڕەفتار و ئاکارێك نییە کە بێجگە لە موسوڵمان وەك: چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك و فریاکەوتنی لێقەوماو خێرکردن و... هتد، ئەمانە هەموویان بەشی باوەڕن، بەڵام بە تەنها تایبەت نین بە موسوڵمانەوە، هەروەك حەکیمی کوڕی حیزام (حَكِيمِ بْنِ حِزَامٍ)خوا لێی رازی بێت، بە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموو: (ڕات چۆنە کە من لە نەفامی دا کار و فرمانێکم دەکرد و خوا پەرستیم پێ دەکردن، لە خێر کردن و ئازاد کردنی کۆیلە و گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی، ئایا پاداشتیان لەسەرە؟) پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(أَسْلَمْتَ عَلَى مَا أَسْلَفْتَ مِنْ خَيْرٍ) متفق عليه[1] واتە: لەسەر ئەو کردەوە چاکانەوە موسوڵمان بوویت کە پێشتر کردووتن.

خاوەنی کتێبی شرح العقيده الطحاوية ڕەحمەتی خوای لێبێت، دەفەرموێت: (وَهُنا مَسَائِلٌ تَكَلَّمَ فِيها الفُقَهاء: فَمَنْ صَلَى وَلَمْ يَتَكَلَم بِالشَهادَتَينِ، أَوْ أَتى بِغَيرِ ذَلِكَ مِنْ خَصَائِصِ الإِسْلام وَلَمْ يَتَكَلَمْ بِهِمَا: هَلْ يصِيرُ مُسْلِما أَمْ لا؟ وَالصَحيحُ أَنَّهُ يصِيرُ مُسْلِما بِكُلِ ماهُوَ مِنْ خَصَائِصِ

---

[1] بوخاری/ ١٤٣٦، موسلیم/ ١٢٣. دەقی فەرمودەکە:(عَنْ عُرْوَةَ عَنْ حَكِيمِ بْنِ حِزَامٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَرَأَيْتَ أَشْيَاءَ كُنْتُ أَتَحَنَّثُ بِهَا فِي الْجَاهِلِيَّةِ مِنْ صَدَقَةٍ أَوْ عَتَاقَةٍ وَصِلَةِ رَحِمٍ فَهَلْ فِيهَا مِنْ أَجْرٍ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَسْلَمْتَ عَلَى مَا سَلَفَ مِنْ خَيْرٍ)

الإِسْلامْ).[1] واتە: چەند مەسەلەیەك هەیە كە شارەزایانی شەرع قسەیان لەسەر كردووە: ئەگەر كەسێك نوێژ بكات و گفت بە شایەتومان نەكات، یاخود بێجگە لەوە لەو كردەوانە ئەنجام بدات كە لە تایبەتمەندیەكانی ئیسلامن و گفت بە شایەتومان نەكات، ئایا دەبێتە موسوڵمان یان نا؟ ڕاستیەكەی ئەوەیە كە بە هەموو ئەو كردەوانە دەبێتە موسوڵمان كە لە سیفەتە تایبەتمەندیەكانی ئیسلامن.

**ئەو نیشانانەی كە موسوڵمانانی پێ دەناسرێتەوە دەكرێن بە دوو بەشەوە:**

**یەكەم: ئەو نیشانانەی سەربەخۆ موسوڵمانیەتی خاوەنەكەیان دەسەلمێنن**: واتە پێویستیان بە هیچ بەڵگەیەكی تر نییە، لەوانە:

١- <u>گفت كردن بە شایەتومان</u>: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(أُمِرْتُ أَنْ أُقاتِلَ النَّاسَ حَتّى يَشْهَدوا أَنْ لا إِلهَ إِلاّ اللّهُ وَأَنَّ محمداً رَسُولُ اللّهِ....) متفق عليه[2]، واتە: فەرمانم پێكراوە كە كوشتار لەگەڵ خەڵكی بكەم هەتا شایەتی دەدەن بەوەی هیچ پەرستراوێكی ڕاستەقینە نییە بێجگە لە خوا و شایەتی دەدەن كە محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕەوانە كراوی خوایە.

هەروەها لە فەرموودەكەی ئوسامەی كوڕی زەید خوا لێی رازی بێت، كە لە حورەقە (الْحُرَقَةِ) لەگەڵ بێ باوەڕاندا كەوتنە شەڕەوەو ئوسامە لەگەڵ كابرایەكی ئەنصاریدا خوا لێیان رازی بێت، بێباوەڕێكیان بەگیر هێنا، كابرا

---

[1] (مهذب شرح العقيدة الطحاوية) ابن ابی العز الحنفی ل٢٩.

[2] بوخاری/ ١٣٩٩، موسلیم/ ٢٠. دەقی هەموو فەرموودەكە:(أُمِرْتُ أَنْ أُقاتِلَ النَّاسَ حَتّى يَشْهَدوا أَنْ لا إِلهَ إِلاّ اللّهُ وَأَنَّ محمداً رَسُولُ اللّهِ وَيُقيمُوا الصَّلاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكاةَ فَإِذا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوالَهُمْ إِلاّ بِحَقِّ الإسْلامِ وَحِسابُهُمْ عَلى اللّهِ).

ووتی: (لاَ إِلٰهَ إِلاَّ الله) ئینجا (انصاری) یەکە دەستی لێ کێشایەوە، بەڵام سەیدنا ئوسامە ڕمەکەی لە ووڕگی توند کرد هەتا کوشتی، کاتێك کە گەڕانەوە هەواڵەکە گەیشتەوە بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و فەرمووی:(يا أُسامَةُ أَقَتَلْتَهُ بَعْدَما قَالَ لاَ إِلٰهَ إِلاَّ الله؟) متفق عليه.[1] واتە: ئەی ئوسامە دوای ئەوەی ووتیشی (لاَ إِلٰهَ إِلاَّ الله) هەر کوشتت؟. ئوسامە خوا لێی ڕازی بێت، دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێندەی وا ووت: دەمگوت: خۆزگە لە ئێستاوە موسوڵمان ببومایە و ئەو تاوانەم نەکردایە !.

٢- هەرکەسێك بڵێ (موسوڵمانم): بەڵگەی ئەم نیشانە ئەوەیە میقدادی کوڕی ئەسوەد خوا لێی ڕازی بێت، بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموو: (ڕات چۆنە ئەگەر تووشی بێ باوەڕێك بووم، ئینجا بە شەڕ هاتین و شمشێرێکی لێ دام و دەستی پەڕاندم، پاشان خۆی لێ پەنادامە لای درەختێك و ووتی ئەو لەبەر خوا تەسلیم بووم، یاخود موسوڵمان بووم، ئایا دوای ئەوەی وای ووت بیکوژم؟ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(لاَتَقْتُلْهُ)متفق عليه.[2] واتە: (مەیکوژە).

---

[1] بوخاری/ ٦٨٧٢، موسلیم/ ٩٦. دەقی هەموو فەرمودەکە:(بَعَثَنَا رَسُولُ اللّٰهِ صلى الله عليه وسلم إِلَى الْحُرَقَةِ فَصَبَّحْنَا الْقَوْمَ فَهَزَمْنَاهُمْ وَلَحِقْتُ أَنَا وَرَجُلٌ مِنَ الأَنْصارِ رَجُلاً مِنْهُمْ فَلَمّا غَشِينَاهُ قَالَ لاَ إِلٰهَ إِلاَّ اللّٰهُ فَكَفَّ الأَنْصارِيُّ عَنْهُ وَطَعَنْتُهُ بِرُمْحِي حَتّى قَتَلْتُهُ؛ فَلَمّا قَدِمْنَا بَلَغَ النَّبِيَّ ﷺ فَقالَ: يا أُسامَةُ أَقَتَلْتَهُ بَعْدَما قَالَ لا إِلٰهَ إِلاَّ اللّٰهُ قُلْتُ كَانَ مُتَعَوِّذًا؛ فَما زَالَ يُكَرِّرُها حَتّى تَمَنَّيْتُ أَنّي لَمْ أَكُنْ أَسْلَمْتُ قَبْلَ ذٰلِكَ الْيَوْمِ) .

[2] بوخاری/ ٤٠١٩، موسلیم/ ٩٥.دەقی هەموو فەرمودەکە:(عَنِ الْمِقْدَادِ بْنِ الْأَسْوَدِ أَنَّهُ قال يَا رَسُوْلَ اللّٰهِ أَرَئَيْتَ إِنْ لَقِيتُ رَجُلاً مِنَ الْكُفَّارِ فَقَاتَلَنِي فَضَرَبَ اِحْدَى يَدَيَّ بِالسَّيْفِ فَقَطَعَهَا ثُمَّ لاَذَ مِنِّى بِشَجَرَةٍ فَقَالَ أَسْلَمْتُ لِلّٰهِ أَفَأَقْتُلُهُ يَا رَسُوْلَ اللّٰهِ بَعْدَ أَنْ قَالَهَا قَالَ

٣- نوێژکردن (بەتەنها یاخود بە کۆمەڵ): بەڵگەش ئەوەیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت:(مَنْ صَلَّى صَلَاتَنَا وَاسْتَقْبَلَ قِبْلَتَنَا وَأَكَلَ ذَبِيحَتَنَا، فَذَلِكَ الْمُسْلِمُ...)رواه البخاری.[1] واتە: (هەرکەسێك وەك ئێمە نوێژی کرد و ڕووی کردە ڕووگەمان سەربڕاوانی ئێمەی خوارد ئەوە موسوڵمانە).

٤- بانگدان یاخود دووبارە کردنەوە: هەر کەس بەدەنگەوە بانگی دا یاخود لە دوای بانگدەرەوە دووبارەی کردەوە ئەوە موسوڵمانە چونکە بانگ شایەتومانی تێدایە.

٥- حەج کردن: هەرچەندە لەکاتی نەفامیدا هاوبەش دانەرانیش حەجیان دەکرد بەڵام لەساڵی نۆیەمی کۆچیدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێگری لێکردن و فەرمووی:(لَا يَحُجُّ بَعْدَ الْعَامِ مُشْرِكٌ)[2] رواه البخاری. واتە: دوای ئەمساڵ ئیتر هاوبەش دانەر حەج ناکات. بەمەش حەج بوو بە تایبەتمەندیەکی ئیسلام.

٦- شایەتی دانی موسوڵمانێك لەسەر موسوڵمانێکی تر: هەر وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شایەتی بۆ نەجاشی دا کە ناوی ئەصحەمە (أَصْحَمَةَ) بوو، بەوەی لەو ڕۆژەدا کەمرد نوێژی مردووی (غائب)

---

رَسُوْلُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لاَتَقْتُلْهُ قَالَ فَقُلْتُ يَا رَسُوْلَ اللهِ اِنَّهُ قَدْ قَطَعَ يَدِی ثُمَّ قَالَ ذَلِكَ بَعْدَ أَنْ قَطَعَهَا أَفَأَقْتُلُهُ قَالَ رَسُوْلُ اللهِ صلی الله علیه والسلام لاَ تَقْتُلْهُ فَاِنْ قَتَلْتَهُ فَإِنَّهُ بِمَنْزِلَتِكَ قَبْلَ أَنْ تَقْتُلَهُ وَاِنَّكَ بِمَنْزِلَتِهِ قَبْلَ أَنْ يَقُوْلَ كَلِمَتَهُ الَّتِى قَالَ).

[1] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی: متفق علیه) من لای موسلیم نەمدۆزیەوە. لە بوخاری/ ٣٨٤و ٣٩١، لای ئەبوداوود/ ٢٦٤١، و ترمذی/ ٢٦٠٨، نەسائی/ ١١٧٢٠، ئەحمەد/ ١٩٩/٣ . دەقی هەموو فەرمودەکە:(مَنْ صَلَّى صَلَاتَنَا وَاسْتَقْبَلَ قِبْلَتَنَا وَأَكَلَ ذَبِيحَتَنَا فَذَلِكَ الْمُسْلِمُ الَّذِي لَهُ ذِمَّةُ اللَّهِ وَذِمَّةُ رَسُولِهِ فَلَا تُخْفِرُوا اللَّهَ فِي ذِمَّتِهِ).

[2] بوخاری/ ٤٠٧، موسلیم/ ١٣٤٧.

ی بۆ کرد، تا ئەو ڕۆژە هیچ یەکێك لە هاوەڵان نەیدەزانی موسوڵمان بووە، جابر خوا لێی رازی بێت، دەفەرموویت: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ صَلَّى عَلَى أَصْحَمَةَ النَّجَاشِيِّ فَكَبَّرَ عَلَيْهِ أَرْبَعًا) متفق عليه[1]. واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی لەسەر (أَصْحَمَةَ ) ی نەجاشی کرد و چوار جار (اللهُ اكْبَر) ی کرد. هەروەها ئیبنومەسعود خوا لێی رازی بێت، شایەتی موسوڵمان بوونی سوهەیلی کوڕی بەیضاء (سُهَيْل بْن بَيْضَاء) ی دا لەمەسەلەی دیلەکانی بەدردا، فەرموودەکە ئیمامی ترمذي گێڕاویەتیەوە و (حسن)ە.

٧- ئەگەر منداڵێك لە باوك و دایكێكی موسوڵمان یان لە یەكێكیان بێت:

دایك و باوكی موسوڵمان حوكمی موسوڵمانیەتی منداڵیان پێ دەسەلمێت بەڵام بەڵگەیەكی یەكالا نییە لەسەر موسوڵمانیەتی (بالغ) بەڵكو پێویستی بەساغ كردنەوە و لێكۆڵینەوە هەیە.

**دووەم: ئەو نیشانانەی کە سەربەخۆ حوکمی موسوڵمانیەتیان پێ ناسەلمێت، دوای ساغکردنەوە نەبێت،** واتە بەتەنها بەڵگەی یەکالانین بەڵکو پێویستیان بە بەڵگەی تر هەیە. لەوانە:

١- سڵاوکردنی موسوڵمانانە: واتە ئەگەر یەکێك ووتی (السَّلَام عَلَيْكُمْ) ئەوە بەڵگەیە لەسەر موسوڵمانیەتی ئەو کەسە، بەڵام بەڵگەیەکی سەربەخۆ نییە بەڵکو پێویستی بەساغ کردنەوە هەیە چونکە ڕەنگە بێباوەڕانیش بۆ ڕووپامایی بیڵێن، خوای گەورە دەفەرموویت:(إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَتَبَيَّنُوا وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ أَلْقَىٰ إِلَيْكُمُ السَّلَامَ لَسْتَ مُؤْمِنًا) النساء/٩٤ واتە: ئەگەر لە پێناوی خوادا ڕێگەتان بڕی و سەفەرتان کرد ڕوونی بکەنەوە و

[1] بوخاری/ ٤٦٣٩، موسلیم/ ٩٥٢.

بزانن لەگەڵ کێدا دەجەنگن و بە کەسێك کە سڵاوتان لێ دەکات مەڵێن موسوڵمان نیت و لە ترسا سڵاومان لێ دەکەیت. ئیبنوعەباس (ئیبنوعەبباس ) خوا لێیان رازی بێت، دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە دەفەرمووێت: (لَحِقَ الْمُسْلِمُونَ رَجُلًا فِي غُنَيْمَة لَهُ فَقَالَ: السَّلَام عَلَيْكُمْ فَقَتَلُوهُ وَأَخَذُوا غُنَيْمَته فَنَزَلَتْ" (وَلَا تَقُولُوا لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمْ السَّلَام لَسْت مُؤْمِنًا) رواه البخاري[1]. واتە: موسوڵمانان گەیشتن بە پیاوێك کە غەنیمەتی جەنگی پێ بوو، ووتی: السَّلَام عَلَيْكُمْ، ئەوانیش کوشتیان و غەنیمەتەکەیان برد، ئنیجا ئەم ئایەتە هاتەخوارەوە.

بەڵگەی ئەوەی کە سڵاوکردن نیشانەیەکی یەکاڵا نییە لەسەر موسڵمانیەتی ئەوەیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(إذَا سَلَّم عَلَيْكُمْ أَهْلُ الكِتَابِ فَقُولُوا: وَعَلَيْكُمْ)متفق علیە[2]. واتە: ئەگەر خاوەن پەیامەکان سڵاویان لێ کردن بڵێن: لە خۆتان.

٢- ڕوخساری موسوڵمانانە: واتە هەر کەسێك شێوە و ڕووخساری موسوڵمانانەی پێوە دیار بوو لە جل و بەرگ و ڕیش و عەمامە و حیجاب و قورئان خوێندن و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە و.... هتد ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی موسوڵمانە، بەڵام بە لێکۆڵینەوە تەواو ڕوون دەبێتەوە، خوای گەورە لەوسفی موسوڵماناندا دەفەرمووێت:(سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ)الفتح/٢٩ واتە: نیشانەو ڕوخساریان بە دەم و چاویانەوە بە هۆی شوێنەواری کڕنووش بردنەوە.

---

[1] بوخاری/ ٤٣١٥، ئیبنوماجە/ ٣٩٣٠، ئەبوداودد/ ٣٩٧٤ ئەلبانی دەفەرموێ: سەحیحە.

[2] بوخاری/٦٢٥٨، موسلیم/ ٢١٦٤.

٣- کەسێك لەم وولاتە ئیسلامیانە بێت و هیچ نیشانەیەکی موسوڵمانی یان بێباوەڕی پێوە دیار نەبێت، واتە (نەناسراو) بێت، حوکمی ئەو کەسە ئەوەیە دەبێت بە گوێرەی ڕووالەت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و نابێ لەحاڵی بکۆڵرێتەوە هەتا کاتێك پێویست دەکات کە حاڵ و گوزەرانی ساغ بکرێتەوە وە ولێی بکۆڵرێتەوە.

# دۆستایەتی و دژیایەتی

# (المُوالاَةُ وَ المُعاداة)

## دەروازەیەك لە بارەی دۆستایەتی و دژایەتیەوە

تەواوکاری خۆیی (التكامل الذاتي) یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی پەیامی ئیسلام و بەو واتایە دێت کە ڕوانگەی بەرنامەی ئیسلام بۆ سەرجەم لایەنەکانی ژیان سەربەخۆیە و تێکڕای فاکتەرەکانی پێکهەڵپێکن و تەواوکەری یەکن. ئینجا هەر بەم ڕوانگەیەش ئەندامەکانی پێ دەگەیەنێت و سنووری مامەڵەیان بۆ دیاری دەکات و ڕێگە نادات کە لە ڕووی پێکهاتەی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی یەوە کاریگەری هیچ بەرنامە و تیۆرێکی تریان لەسەر بێت، ئاراستەشی بۆ ئەم مەبەستە بریتییە لە بیروباوەڕی دۆستایەتی و دژایەتی لەبەر خوا (المُوالاَةُ وَ المُعَاداة فِي الله). کە ئەم ئاراستەیەش لەسەر ئەم دوو بناغەیە دەوەستێت:

**یەکەم: ڕشتەی پێکەوە بوون** بریتییە لە خۆشەویستی خوا و پەیامەکەی و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: کەواتە:

١- خۆشەویستی موسوڵمانان لەسەر بناغەی خۆشەویستی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پابەند بوونە بە پەیامی خواوە.

٢- برایەتی نێوانیان ئەنجامێکی حەتمی و پێویستی ئەو خۆشەویستییەیەو هیچ ڕشتەیەکی تر نابێتە گیرسێنەری برایەتی ڕاستەقینەی نێوانیان.

٣- یەکبوونیان پێویستییەکی خوازراوی ئەو بناغەیەی سەرەوەیە.

**دووەم: بنچینەی لەیەك دابڕان** بریتییە لە جیاوازی ڕووانگە و بۆچوون سەبارەت بە خوای گەورە و پەیامەکەی و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؛ کەواتە:

١- ڕکابەری کردن لەسەر ئەو بناغەیەی سەرەوە سەرچاوە دەگرێت.

٢- دژایەتی کردن سەرئەنجامێکی حەتمی بەرامبەر کێی نێوان دوو دەستەی ڕکابەری هەڵگری پەیامی ئیسلام و دژەکەیەتی.

٣- دابڕان و جیابوونەوەی تەواوی نێوان هەردوو دەستەی دژ بە یەك پێویستییەکی خوازراوی بناغەی دووەمە.

بناغەی یەکەم پێی دەوترێت (دۆستایەتی) و بناغەی دووەم پێی دەوترێت (دژایەتی).

پێناسەی دۆستایەتی (المُوالاَةُ):

**یەکەم: لە زمانەوانی دا:** ووشەی (المُوالاَة) چاووگەو لە ووشەی (ولی) وەرگیراوە کە لە زمانی عەرەبی دا بە دوو واتا هاتووە:

<u>١- نزیکی (القرب):</u> وەك خوای گەورە دەفەرمووێت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قَاتِلُوا الَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ الْكُفَّارِ)التوبة/١٢٣ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کوشتاری ئەوانە بکەن کە لە نزیکتانەوەن لە بێباوەڕان. هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(وَكُلْ مِمَّا يَلِيكَ) رواه البخاري واتە: لەنزیکی خۆتەوە بخۆ.

<u>٢- شوێن کەوتن (المُتابَعَة):</u> هەروەك بەکرداری بەدوای یەکدا شۆردنی ئەندامەکان لە دەست نوێژدا دەوترێت (مُوالاَة).

هەر لەم پێودانگەوە بە هەر یەك لە: (سەرخەر) و (چاودێر) و (لایەنگر) و (هاوڕێ) و (خۆشەویست) و (خزمی نزیك) و (ئازاد کەر) و (سەرپەرشتیار) دەوترێت (ولی). خاڵی هاوبەشی نێوانیان ئەو واتایانەش بریتییە لە یەکێك لە دوو واتا سەرەکی یەکەی فرمانی (ولی) کە بریتی بوون لە (نزیکی) و (شوێن کەوتن).

بەم پێ یە وشەی (الولاء) لە بنەڕەتدا بە خۆنزیك کردنەوە و شوێن کەوتن دەووترێت.

**دووەم: لە شەرعدا:** زاراوەی (الولاء) لە شەرعدا بە دووچەمکی سەرەکی هاتووە:

١- چەمکی گشتی (المُوالاَة): مەبەست لەوەیە کە دۆستایەتی (المُوالاَة) چەمکێکی گشتی هەیە و لە زاراوەی شەرعدا بە چەند واتایەك دەوترێت:

**یەکەم: سەرخستن (النُصِّرة):** وەك خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرمووێت:(وَمَا كَانَ لَهُم مِّنْ أَوْلِيَاءَ يَنصُرُونَهُم مِّن دُونِ اللَّهِ) الشورى/٤٦ واتە: بێجگە لە خوای گەورە هیچ پشتیوانێکیان نیە سەریان بخات. هەروەها دەفەرمووێت:(بَلِ اللَّهُ مَوْلَاكُمْ وَهُوَ خَيْرُ النَّاصِرِينَ) آل عمران/١٥٠ واتە: بەڵکو خوا پشتیوانتانە و چاکترینی سەرخەرانە.

**دووەم: گوێڕایەڵی و شوێن کەوتن (الطَّاعَة وَ المُتابَعَة):** هەروەك خوای گەورە بەم واتایە دەفەرمووێت:(اتَّبِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ)الأعراف/٣ واتە: شوێن ئەو پەیامە بکەون کە لە پەروەردگارتانەوە بۆتان هاتووەتە خوارەوە و بێجگە لەوە شوێن هیچ دۆست و پشتیوانێکی تر مەکەون.

**سێیەم: خۆش ویستن (المَوَدَة وَالطَّاعَة):** خوای گەورە دەفەرموویت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ)الممتحنة/١واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دوژمنی من و خۆشتان مەکەن بە دۆست و خۆشەویستی یان بۆ دەرببڕن. هەروەها دەفەرموویت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاءَ إِنِ اسْتَحَبُّوا الْكُفْرَ عَلَى الْإِيمَانِ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ * قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَئيبنواؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّىٰ يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ ۗ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ) التوبة/٢٣-٢٤واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە باوك و براكانتان مەكەن بە دۆست ئەگەر بێباوەڕی یان بەسەر باوەڕدا پەسەند کرد و پێیان خۆشتربوو، وەهەرکەس لە ئێوە بیانکات بەدۆست ئەوانە ستەمکارن، ئەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بڵێ: ئەگەر باوك و ڕۆڵە و براكانتان... هەتا پەروەردگار دەفەرموویت: خۆشەویستر بێت لە لاتان لەخواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و جیهادکردن لە پێناویدا، ئەوا چاوەڕێی سزا بکەن .

**چوارەم:لایەنگیری و برایەتی (الإنْتِماء وَالأُخوّة):** خوای گەورە دەفەرموویت:(إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوا وَّنَصَرُوا أُولَٰئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُم مِّن وَلَايَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُوا ۚ وَإِنِ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ)الأنفال/٧٢ واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان کردووە و بە ماڵ و گیانیان لە پێناوی خوا

جیهادیان کردووە و ئەوانەی داڵدەی براکانیان داوە و سەریان خستوون، ئەوانە هەندێکیان دۆستی هەندێکی تریانن و میراتی لە یەکتر دەبەن، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان نەکردووە هیچ دۆستایەتی یەکیان لەگەڵیدا نییە و میراتی لە یەکتر نابەن هەتا کۆچ دەکەن، ئەگەر داوای سەرخستن و فریاکەوتنیان لێکردن پێویستە لە سەرتان سەریان بخەن مەگەر سەرخستنەکە بەسەر کۆمەڵێکدا بێت کە پەیمانتان لە نێواندا هەبێت لە گەڵیان.

**پێنجەم: ڕەچەڵەك (النَّسَب):** خوای گەورە دەربارەی ئەم جۆرە دۆستایەتییە دەفەرمووێت:(وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا)الإسراء/٣٣ واتە: هەر کەس بە ستەم لێکراوی بکوژرێ ئێمە دەسەڵاتمان داوە بە سەرپەرشتیارەکەی.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی دۆستایەتی و سەرپەرشتیاریەتی لە میراتدا دەفەرمووێت:(أَلْحِقُوا الْفَرَائِضَ بِأَهْلِهَا، فَمَا بَقِيَ فَهْوَ لأَوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ)متفق عليه واتە: بەشە فەرزەکان بگەیەنن بە خاوەنەکانیان و ئەوەی مایەوە بیدەن بە نزیکترین نێرینە لە میرات لێگیراوەکەوە).

**شەشەم: ئازادکردن (العِتْق):** واتە: ئازاد کەر دۆستی ئەو کەسەیە کە ئازادی دەکات و میراتی یەکەی هەر بەو دەبڕێت و بێجگە لەو سەرپەرشتیار و دۆستی تری نییە کە میراتی لێ ببات وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(إِنَّمَا الْوَلاَءُ لِمَنْ أَعْتَقَ)متفق عليه. واتە: سەرپەرشتیاری و میرات گری تەنها بۆ ئەو کەسەیە کە کۆیلەکە ئازاد دەکات.

**حەوتەم: ئیسلامەتی (الإِسْلام):** واتە هەر کەسێك لەسەر دەستی هەر کەسدا موسوڵمان ببێت ئەو کەسە دۆستیەتی، بەڵام ئەم جۆرە دۆستایەتییە هیچ جۆرە حوکمێکی پێ ناچەسپێنێت.

<u>٢- چەمکی تایبەتی (المُوالاة)</u>: مەبەست لەو دۆستایەتییەیە کە لە سەر بناغەی بیروباوەڕ دا دەمەزرێت و تەنها لەگەڵ خوای گەورە و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵماناندا دەبەسترێت.

لە ڕوانگەی پێناسەی زمانەوانی و ئەو واتا زاراوەیی یانەی سەرەوەدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە بە هەر یەك لەم سیفەتانەی خوارەوە دەووترێت دۆستایەتی و پێویستە تەنها بۆ خوای گەورە و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان ئەنجام بدرێن:

**یەکەم: سەرخستن (المُناصَرة):** ئەم سیفەتە بە ووتەو کردەوە ئەنجام دەدرێت و دیارترین جۆری دۆستایەتیە، خوای گەورە دەربارەی سەرخستنی خۆی دەفەرمووێت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ) محمد/٧ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئێوە بەرنامە و ئاینی خوای گەورە سەرخەن ئەویش سەرتان دەخات و لەبەرامبەر بێباوەڕاندا پێتان جێگیر و دامەزراو دەکات.

هەروەها دەربارەی سەرخستنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(فَالَّذِينَ آمَنُوا بِهِ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَاتَّبَعُوا النُّورَ الَّذِي أُنزِلَ مَعَهُ) الاعراف/١٥٧ واتە: ئەوانەی باوەڕیان بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناوە و ڕێزی لێ دەگرن و سەری دەخەن و شوێن ئەو ڕۆشنایی یە دەکەون کە لە گەڵیدا ڕەوانە کراوە، ئەوانەن کە سەرفرازن.

یان دەربارەی سەرخستنی موسوڵمانان دەفەرموویت:(إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوا وَّنَصَرُوا أُولَٰئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُم مِّن وَلَايَتِهِم مِّن شَيْءٍ حَتَّىٰ يُهَاجِرُوا ۚ وَإِنِ اسْتَنصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلَّا عَلَىٰ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ ۗ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ)الأنفال/٧٢ واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان کردووە و بە ماڵ و گیانیان لە پێناوی خوا جیهادیان کردووە و ئەوانەی داڵدەی براکانیان داوە و سەریان خستوون، ئەوانە هەندێکیان دۆستی هەندێکی تریانن و میراتی لە یەکتر دەبەن، بەڵام ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و کۆچیان نەکردووە هیچ دۆستایەتی یەکیان لەگەڵیدا نییە و میراتی لە یەکتر نابەن هەتا کۆچ دەکەن، ئەگەر داوای سەرخستنیان لێکردن، لە پێناوی ئاییندا پێویستە لە سەرتان کە سەریان بخەن مەگەر بەسەر کۆمەڵێکدا بێت کە لە نێوانی ئێوە و ئەواندا پەیمان هەبێت، خوای گەورە چاودێر و بینایە بەو کردەوانەی ئەنجامیان دەدەن.

هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی سەرخستنی موسوڵمان دەفەرموویت:(انْصُرْ أَخَاكَ ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا) واتە: براکەت سەربخە ستەم کار بێت یاخود ستەم لێکراو بێت. پیاوێك ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەگەر ستەم لێکراو بوو سەری دەخەم ئەی ئەگەر ستەم کاربوو چۆن سەربخەم؟ فەرمووی:(تَحْجِزُهُ -أَوْ تَمْنَعُهُ عَنِ الظُّلْمِ فَإِنَّ ذَلِكَ نَصْرُهُ)رواه البخاری[١] واتە: دەیگریت -یاخود ڕێگری لێ دەکەیت- لە ستەم کردن، ئەوە سەر خستنیەتی.

---

[١] بوخاری/ ٢٣١٢، نەسائی/ ١٩٥٥٠، ترمذی/ ٢٢٥٥ . دەقی فەرمودەکە لای بوخاری:(عَنْ أَنَسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ انْصُرْ أَخَاكَ

**دووەم: هاوڕێبازی و گونجاوی (المُوافَقة):** مەبەست لەوەیە کە پێویستە موسوڵمان بیروڕای ڕێکاو ڕێك بگونجێت لەگەڵ فەرمانەکانی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داو یەك دەنگ بێت لەگەڵ بۆچوونی ڕەسەنی موسوڵماناندا و هاوهەڵوێست بێت لە گەڵیاندا و بە هیچ جۆرێك پێچەوانەیان نەبێت.

خوای گەورە دەربارەی فەرمان بەرداری کردنی خۆی و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەم لاو ئەولا نەکردن بە ڕاست و چەپدا دەفەرمووێت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ ۖ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ) الحجرات/١واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە پێشنیاری خۆتان پێش فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەخەن و پارێزی خوای گەورە بکەن، بەڕاستی خوا بیسەر و دانایە. هەروەها دەفەرمووێت:(فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ) النور/٦٣واتە: با ئەوانەی سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکەن لە خۆیان بترسن کە تووشی بەڵاو نەگبەتی یەك بێن یاخود تووشی سزایەکی بەئازار بین.

هەروەها دەربارەی ئەوانەی لە ڕێبازی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان لادەدن دەفەرمووێت:(وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا) النساء/١١٥واتە: هەر کەس بەربەرەکانێی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ

---

ظَالِمًا أَوْ مَظْلُومًا فَقَالَ رَجُلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنْصُرُهُ إِذَا كَانَ مَظْلُومًا أَفَرَأَيْتَ إِذَا كَانَ ظَالِمًا كَيْفَ أَنْصُرُهُ. قَالَ: تَحْجُزُهُ أَوْ تَمْنَعُهُ مِنْ الظُّلْمِ فَإِنَّ ذَلِكَ نَصْرُهُ) .

عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بکات پاش ئەوەی ڕێنمایی بۆ دەرکەوت شوێن ڕێبازێکی تری بێجگە لە ڕێبازی موسوڵمانان بکەوێت، دەیسپێرین بەوەی شوێنی کەوتووە و بە دۆزەخی دەگەیەنین و خراپترین چارەنووس چاوەڕێی دەکات.

**سێیەم: شوێن کەوتن (المُتابَعه):** خوای گەورە دەربارەی شوێن کەوتنی پەیامەکەی بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ) الجاثية/١٨ واتە: پاشان تۆمان خستوەتە سەر شەریعەتێك لە فەرمانی ئایینی خوا شوێنی بکەوە و شوێن ئارەزووی ئەوانە مەکەوە کە نازانن). هەروەها بە موسوڵمانان دەفەرمووێت: أتبعوا ما أنزل إليكم من ربكم و لاتتبعوا من دونه اولياء، قليلا ماتذكرون (الأعراف: ٣).واتە: (شوێن ئەوە پەیامە بکەون کە لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانەکراوە و بێجگەلەوە شوێن هیچ دۆست و پشتیوانێکی تر مەکەون، بەڵام بەکەمی بیر دەکەنەوە).
هەروەها پەروەردگار دەربارەی شوێن کەوتنی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ)الأعراف/ ١٥٨ واتە: باوەڕ بهێنن بە خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەڵبژێرراوە نەخوێندەوارەکەی کە باوەڕ بەخواو فەرمایشتەکانی دەهێنێت، شوێنی بکەون بەڵکو ڕێنمایی بکرێن.
هەروەها دەربارەی شوێن کەوتنی ڕێبازی موسوڵمانان دەفەرمووێت:(وَاتَّبِعْ سَبِيلَ مَنْ أَنَابَ إِلَيَّ ۚ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ)لقمان/١٥واتە: شوێن ڕێبازی ئەو کەسە بکەوە کە بە نیاز پاکی

گەڕاوەتەوە بۆ لای من، پاشان گەڕانەوەتان بۆ لای منە و هەوڵتان پێ دەدەم بەو کردەوانەی ئەنجامی دەدەن.

**چوارەم: گوێڕایەڵی (الطَّاعَة):** خوای گەورە دەربارەی گوێڕایەڵی کردنی خۆی و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و کار بەدەستە موسوڵمانەکان دەفەرمووێت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ)النساء/٥٩ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا و گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و کاربەدەستانی خۆتان بکەن.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(مَنْ أَطَاعَنِي فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَمَنْ أَطَاعَ أَمِيرِي فَقَدْ أَطَاعَنِي وَمَنْ عَصَى أَمِيرِي فَقَدْ عَصَانِي)متفق عليه واتە: هەر کەس گوێڕایەڵیم بکات ئەوا گوێڕایەڵی خوای کردووە وە هەرکەس سەرپێچیم بکات ئەوا سەرپێچی خوای کردووە، وە هەر کەس گوێڕایەڵی فەرماندە بکات ئەوا گوێڕایەڵی منی کردووە، وە هەر کەس سەرپێچی فەرماندە بکات ئەوا سەرپێچی منی کردووە.

**پێنجەم: هاو سۆزی خۆشەویستی (الْمَوَدَّةُ وَالمَحَبَة):** خوای گەورە دەربارەی خۆشەویستی خۆی دەفەرمووێت:(وَالَّذِينَ آمَنُوا أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ) البقرة/١٦٥واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە زۆرتر خوایان خۆش دەوێت.

هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی خۆشەویستی خۆی دەفەرمووێت:(لا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ) متفق عليه. واتە: هیچ یەکێك لە ئێوە باوەڕی تەواو نابێت هەتا من لە لای خۆشەویست تر نەبم لە باوك و دایك و ڕۆڵەکانی و هەموو خەڵکیش.

یاخود دەربارەی خۆشویستنی موسوڵمانان دەفەرمووێت:(وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لا تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا ، وَلا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا)رواه المسلم. واتە: سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە ناچنەوە بەهەشتەوە هەتا باوەڕ نەهێنن، وە باوەڕیش ناهێنن هەتا یەکترتان خۆش نەوێت.

## پێناسەی دژایەتی (الْمُعَاداة)

١- لە زمانەوانیدا: ووشەی (الْمُعَاداة) لە فرمانی (عادی) وەرگیراوە کە لەزمانی عەرەبیدا بە دوو واتا هاتووە:

**یەکەم: دووری (البُعْد):** وەك خوای گەورە دەفەرموویت:(إِذْ أَنتُم بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا وَهُم بِالْعُدْوَةِ الْقُصْوَىٰ) الأنفال/٤٢ واتە: کاتێك ئێوە لە ڕۆخی ئەو شیوەدا بوون کە نزیکە لە شاری مەدینەوە و ئەوان لە ڕۆخی شیوێکی دوورتردا بوون. (عُدْوَة) بە شوێنی دوور دەوترێت لە فەرمانی (عادی) وەگیراوە.

هەروەها دەفەرموویت:(وَلَا تَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ) الكهف/٢٨ واتە: چاوەکانتان لە موسوڵمانان وەر مەچەرخێنە و دوور مەڕوانە.

**دووەم: ڕاجیاوازی و پێچەوانە بوون (الْمُخَالَفَة):** هەروەك خوای گەورە دەفەرموویت:(وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَا لِكُلِّ نَبِيٍّ عَدُوًّا مِّنَ الْمُجْرِمِينَ) البقرة/١٩٣ واتە: هەروەها بۆ هەموو پێغەمبەری خوا یێك دوژمنێکمان لە تاوانباران بەرێ کردووە. ئاشکرایە کە (دوژمن) پێچەوانەی (هاوڕێ) یە و بۆیە دژایەتی دەکات چونکە لە بیرو کردەوەدا پێچەوانە و دژی بەرامبەرەکەیەتی.

بەم پێ یە (الْمُعَاداة) دژ و پێچەوانەی (الْمُوالاَه)ەو هەرگیز یەك ناگرنەوەو بوونی یەکێکیان ئەوی تر ڕەفز دەکات، وەك شاعیر دەڵێت:

تحب عدوی، ثم تزعم أننی صدیق، إن الود عنك لعاذب[1]

---

[1] دەقی شیعرەکە کە هی نابیغەی ذوبیانییەو هەندێکیش دەڵێن هی عبد اللهی کوڕی المُخارِقە:

تَوَدُّ عَدُوِّي ثُمَّ تَزْعَمُ أَنَّنِي ... صَدِيقُكَ إِنَّ الرَّأْيَ مِنْكَ لَعَازِبُ

کەواتە: دژایەتی (الْمُعَاداة) لە بنەڕتدا بە خۆ دوور خستنەوە و پێچەوانە بوون دەوترێت.

٢- <u>لە شەرعدا:</u> زاراوەی (الْمُعَاداة) لە شەرعدا بە پێچەوانەی دۆستایەتی (الموالاە) -بە چەمکە تایبەتی یەکەی- هاتووە. بەم پێیە:

دژایەتی (الْمُعَاداة) بریتییە لە دارِنینی هەموو سیفەتەکانی دۆستایەتی لەو کەسەی دژایەتی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان دەکات و ئەنجام دانی پێچەوانەکەیان کە بریتین لە شێوەکانی دژایەتی.

لێرەدا ئاماژە بەو هەڵوێست و شێوانە دەکەین کە پێویستە موسوڵمان لە بەرامبەر بێ باوەڕدا ئەنجامیان بدات:

---

دەڵێ دۆستایەتی دوژمنەکەم دەکەیت و لافی ئەوەش لێدەدەیت گوایە من هاورێتم؟! بە راستی ئەمە بۆچوونێکی پەرپدەو نامۆیە.

## شێوەکانی دژایەتی

## (صُّوَر الْمُعَادَاة)

**یەکەم: پشت لێکردن**: واتە دروست نییە نەبە ووتە و نە بەکردەوە بێباوەڕ سەربخرێت و هیچ جۆرە پشتیوانیەکی لێبکرێت، خوای گەورە دەفەرموێت:(لَّا يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاءَ مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ ۖ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ..) آل عمران/٢٨واتە: نابێت موسوڵمانان بێباوەڕان بگرن بە دۆستی خۆیان بێجگە لە موسوڵمانان، هەر کەسێك وابکات ئەوا لە هیچ شتێکدا پەیوەندی بە خواوە نامێنێت و خوای گەورە لێی بێ بەرییە.

پێشەوا ئیبنوجەریری الطبری ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: (مَنِ اتَخَذَ الكُفّارَ أَعْواناً وَأَنْصّاراً وَ ظُهُوراً يُوالِيِهِمْ عَلَى دِينِهِمْ وَ يُظاهِرِهِم عَلَى الْمُسْلِمِينَ فَلَيْسَ مِنَ اللهِ فِي شَيْءٍ، أَي قَد بَرِيءٌ مِنَ اللهِ وَبَرِيءَ اللهِ مِنْهُ بِارتِدادِهِ عَنْ دِينِهِ وَدُخُولِهِ فِي الْكُفْر).[1] واتە: هەر کەسێك بێباوەڕان بکات بە یارمەتی دەرو سەرخەرو پشتیوان و لەسەر ئایینەکەیان دۆستایەتییان بکات و پشتیان بگرێت و بەسەر موسوڵماناندا سەریان بخات ئەوا هیچ پەیوەندییەکی بە خواوە نامێنێت، واتە لە خوای گەورە بێبەریەو خواش لەو بێبەرییە بەوەی لە ئایینەکەی پاشگەز دەبێتەوە و دەچێتە بازنەی بێ باوەڕیەوە.

[1] (تفسير الطبري: جامع البيان عن تأويل آي القرآن) للإمام ابن جرير الطبري ٣١٣/٦.

**دووەم: نکۆڵی کردن:** واتە نابێت موسوڵمان بە بێ باوەڕ ڕازی بێت و لە بێ باوەڕییەکەی دوو دڵ بێت و ڕێچکەو ڕێبازی پەسەند بکات و مەیلی بەلایدا هەبێت، خوای گەورە دەفەرموویت:(وَلَا تَرْكَنُوا إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُوا فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللَّهِ مِنْ أَوْلِيَاءَ ثُمَّ لَا تُنصَرُونَ)هود/١١٣ واتە: پاڵ مەدەن بەوانەوە کە ستەمکارن و مەیلتان بە لایاندا نەبێت و سەرەنجام ئاگر بچێژن و بێجگە لە خوای گەورە هیچ دۆست و پشتیوانێکتان نەبێت پاشان سەریش نەکەون.

زانای تەفسیر ئیمامی قورطوبی ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەربارەی ووشەی (تَرْكَنُوا) دەفەرموویت: (الرُّكُونُ حَقِيقَةٌ الِاسْتِنَادُ وَالِاعْتِمَادُ وَالسُّكُونُ إِلَى الشَّيْءِ وَالرِّضَا بِهِ).[1] واتە: ( -رُّكُونُ- ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە پاڵ پێوەدان و پشت پێ بەستن و دڵ دامەزران و ڕازی بوون بە شت.

ئیبنوجەریر ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەربارى ئایەتی:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا الْيَهُودَ وَالنَّصَارَىٰ أَوْلِيَاءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ) المائدة/٥١ دەفەرموویت: (وَمَنْ يَتَوَلَّ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى دُونَ الْمُؤْمِنِينَ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ، فَهُوَ مِنْ أَهْل دِينهمْ وَمِلَّتهمْ، فَإِنَّهُ لَا يَتَوَلَّى مُتَوَلٍّ أَحَدًا إِلَّا وَهُوَ بِهِ وَبِدِينِهِ وَمَا هُوَ عَلَيْهِ رَاضٍ، وَإِذَا رَضِيَهُ وَرَضِيَ دِينَهُ فَقَدْ عَادَى مَا خَالَفَهُ وَسَخِطَهُ، وَصَارَ حُكْمُهُ حُكْمِهِ).[2] واتە: هەر کەس جوولەکە و دیانەکان بێجگە لە موسوڵمانان بگرێت بە دۆست ئەوە لەوانە، واتە لە ڕیزی هەڵگری ئایین و ڕێبازەکەیاندایە، چونکە هیچ کەس کەسێکی تر ناگرێت بە دۆست ئەگەر بە خۆی و ئایینەکەی و ئەو ڕێبازەی لەسەریەتی

---

[1] (تفسير القرطبى: الجامع لأحكام القرآن) ٩/١٠٨.

[2] (تفسير الطبري) ٦/ ٢٧٧.

ڕازی نەبێت، ئینجا ئەگەر بە خۆی و ئایینەکەی ڕازی بوو ئەوا دوژمنایەتی پێچەوانەکەی و دژەکەی دەکات و ڕقی لێیەتی و حوکمی ئەمیش وەك حوکمی دۆستەکەی وایە. هەروەها خوای گەورە لەوەسفی بێباوەڕاندا دەفەرموویت:(وَلِتَصْغَىٰ إِلَيْهِ أَفْئِدَةُ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ وَلِيَرْضَوْهُ وَلِيَقْتَرِفُوا مَا هُم مُّقْتَرِفُونَ)الأنعام/١١٣ واتە: بادڵی ئەوانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نییە گوێ بیستی قسەی بریقەداری شەیتانەکانی مرۆڤ و جنۆکە بن و پێی ڕازی بن و ئەو کردەوە بەدانە ئەنجام بدەن کە دەیانەوێت ئەنجامی بدەن.

یاخود لە وەسفی دوو ڕووەکاندا دەفەرموویت:(مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَٰلِكَ لَا إِلَىٰ هَٰؤُلَاءِ وَلَا إِلَىٰ هَٰؤُلَاءِ ۚ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُ سَبِيلًا) النساء/١٤٣ واتە: ڕاڕاو دوو دڵن لەو نێوانەدا، نەخۆیان بەلای موسوڵمانەکاندا ساغ دەکەنەوە و نە بەلای بێباوەڕەکاندا.

**سێیەم: ڕوو وەچەرخاندن:** واتە نابێت موسوڵمان شوێن بێباوەڕ بکەوێت و بەرنامە و ڕێبازی پیادە بکات، خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموویت:(اتَّبِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِن دُونِهِ أَوْلِيَاءَ ۗ قَلِيلًا مَّا تَذَكَّرُونَ) الأعراف/٣واتە: شوێن ئەو پەیامە بکەون کەلە پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانە کراوەو بێجگە لەوە شوێن هیچ دۆست و پشتیوانێکی تر مەکەون، بەڵام بەکەمی بیردەکەنەوە.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی ئەو ڕۆژگارەی کە موسڵمان دەبنە پاشکۆی بێ باوەڕان و شوێن ڕێچکە و کوێرە ڕێیان دەکەون دەفەرموویت:(لَتَتّبِعُنّ سَنَنَ الّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ. شِبْراً بِشِبْرٍ، وَذِرَاعاً بِذِرَاعٍ. حَتّىَ لَوْ دَخَلُوا فِي جُحْرِ ضَبَ لاَتّبَعْتُمُوهُمْ، قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللّهِ آلْيَهُودُ وَالنّصَارَىَ؟

قَالَ "فَمَنْ؟") رواه البخاری و مسلم واتە: بێگومان ئێوە شوێن ڕەویە و ڕەفتاری ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون بست بە بست و گەز بە گەز، هەتا ئەگەر بچنە کونی قۆڕیلەیەکیشەوە شوێنیان دەکەون، گوتمان ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەبەستت پێ جوولەکە و دیانەکانە! ئەویش فەرمووی: ئەی کێ.

**چوارەم: سەرپێچی کردن:** واتە نابێت موسوڵمان بێباوەڕ بکاتە قسەڕەواو گوێ ڕایەڵی بکات و لەسەر حسابی فەرمۆش کردنی بەشێك لە ئیسلام سازشی لە گەڵدا بکات، خوای گەورە بە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(فَلَا تُطِعِ الْمُكَذِّبِينَ * وَدُّوا لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ * وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ) القلم/٨-١٠ واتە: گوێ ڕایەڵی درۆزنان مەکە، پێیان خۆشە تۆ سازشیان لە گەڵدا بکەیت و لە هەندێ داخوازی بانگەوازەکەت دەست بەردار ببیت و ئەوانیش سازش بکەن، گوێڕایەڵی هیچ سوێند خۆرێکی ڕیسوا و بێ نرخ مەکە.

هەروەها دەفەرمووێت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تُطِيعُوا الَّذِينَ كَفَرُوا يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰ أَعْقَابِكُمْ فَتَنقَلِبُوا خَاسِرِينَ) آل عمران/١٤٩ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر گوێڕایەڵی ئەوانە بکەن کە بێ باوەڕن پاشگەزتان دەکەنەوە و زیاندمەند دەردەچن. یان دەفەرمووێت:(....لَيُوحُونَ إِلَىٰ أَوْلِيَائِهِمْ لِيُجَادِلُوكُمْ ۖ وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ) الأنعام/١٢١ واتە: شەیتانەکان نیگا بۆ دەست و پێوەندەکانیان دەکەن و دەیخەنە دڵیانەوە بۆ ئەوەی دەمە قاڵێتان لەگەڵ بکەن، جا ئەگەر گوێڕایەڵیان بکەن ئێوەش بێ گومان دەبنە هاوبەش دانەر ، ئیمامی ئیبنوکەثیر ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرمووێت: (أَيْ حَيْثُ عَدَلْتُمْ عَنْ أَمْرِ اللَّهِ لَكُمْ وَشَرْعِهِ إِلَى

قَوْلُ غَيْرِهِ فَقَدَّمْتُمْ عَلَيْهِ غَيْرُهُ فَهَذَا هُوَ الشِّرْك).[1] واتە: كە خوای گەورە دەفەرموویت: ئەگەر ئیوە گویڕایەڵیان بكەن ئەوا بێگومان دەبنە هاوبەش دانەر، بەو جۆرەیە كە لە فەرمانی خواو ئەو شەرعەی بۆی ڕەوانە كردون لا دەدەن و دەچنە سەر قسەی خەڵكی ترو فەرمان و شەرعی تری بەسەردا پێش دەخەن ئەوەش هاوبەش دانانە.

**پێنجەم: ڕق لێ بوون:** واتە نابێت موسوڵمان هاو سۆزی بێباوەڕ بێت و خۆشی بوێت چونكە خوای گەورە دەفەرموویت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ) ألممتحنه/١ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دوژمنی من و خۆشتان مەكەن بە دۆست و پشتیوان و هاوسۆزی یان بۆ دەرببڕن. هەروەها دەفەرموویت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاءَ إِنِ اسْتَحَبُّوا الْكُفْرَ عَلَى الْإِيمَانِ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ * قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُوا حَتَّىٰ يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ ۗ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ) التوبة/٢٣-٢٤واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە باوك و براكانتان مەكەن بە دۆست و سەرپەرشت ئەگەر بێباوەڕیان پەسەند كرد و پێیان چاكتر بوو، هەر كەس لە ئیوە بیان كات بە دۆست ئەوانە ستەمكارن، ئەی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بلێ: ئەگەر باوكانتان و ڕۆڵەكانتان و براكانتان و خێزانەكانتان و هۆزەكەتان و ئەو داراییەی بە دەستتان هێناوە و ئەو بازرگانییەی دەترسن ڕمێن (رەواج)ی نەمێنێ ئەو جێگەو شوێنەی دڵتان پێی خۆشەو پێی ڕازین لە لاتان

[1] (تفسیر ابن کثیر) ٣٢٢/٣

خۆشەویست ترە لە خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و جیهادکردن لە پێناویدا ئەوا چاوەڕێ بن هەتا خوای گەورە بەفەرمانی خۆی سزاتان بۆ دەنێرێت، خوا ڕێنمایی گەلی سەرکەش ناکات.

**شەشەم: گوێ پێنەدان و بەهەندنەگرتن:** واتە نابێت موسوڵمان سیفەتی گەورەیی و سەرروەری بدات بە بێباوەڕ ستایشی بکات، خوای گەورە دەفەرموویت:(وَلَن يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا) النساء/١٤١واتە:خوای گەورە دەرفەت بە بێباوەڕان نادات باڵا دەست بن بەسەر باوەڕ داراندا. پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت:(لاَ تَقُولُوا لِلْمُنَافِقِ سَيِّدٌ، فَإِنَّهُ إِنْ يكُ سَيِّداً، فَقَدْ أَسْخَطْتُمْ رَبَّكُمْ عزَّ وَجَلَّ)[١] واتە: بە دوو ڕوو مەڵێن گەورەم، چونکە ئەگەر گەورە بێت ئەوا خوای پەروەردگارتان زویرو تووڕە کردووە.

هەروەها دەفەرموویت:(لاتَبدَؤُوا اليَهُودَ و النَّصَارى بِالسَّلامِ، فَإذَا لَقِيتُم اَحَدَهُم فِي طَرِيقٍ فَاضطَرُّوهِ اِلَى اَضيَقِهِ) رواه مسلم وأبو داود.[٢] واتە: لە پێشدا سڵاو لە جولەکەو دیانەکان مەکەن، ئەگەر یەکێکیانتان لە ڕێگەیەك تووش بوو ناچاری بکەن کە بەتەنگەبەرترین شوێندا بڕوات. بەو واتایەی دەستە و نەزەریان مەوەستن و بە تەشریف بە ڕێیان مەکەن و خۆیان بۆ لامەدەن.

[١] نوسەری بەڕێز نوسیوێتی (رواه أبو داود بإسناد صحيح).. ئەبوداوود/ ٤٩٧٧، نەسائی/ ١٠٠٧٣. ئەلبانی رحمه الله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٣٧١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[٢] موسلیم/٢١٦٧، ترمذی/ ٢٧٠٠، ئەحمەد/٢/٣٤٦ .

## حوکمی دۆستایەتی کردن و دژایەتی کردن

بە گێڕانەوەی هەریەك لە سیفەتەکانی دۆستایەتی کردن و شێوەکانی دژایەتی کردن بۆ پلەکانی باوەڕو دیاریکردنی سەنگ و پلەیان لە نێوان بەشەکانی باوەڕدا حوکمی هەریەکەیان ڕوون دەبێتەوە.

پێشتر لە باسی پێوانەی جیاکردنەوەی بنچینەی باوەڕدا ووتمان: هەر کردەوەیەك ئەنجامدانی بێباوەڕیی بێت، ئەوە واز لێهێنانی لە بنچینەکانی باوەڕە.

بێگومان ئەنجامدانی هەریەك لە سیفەتەکانی دۆستایەتی لەگەڵ بێباوەڕدا، یاخود فەرامۆش کردنی هەر کام لە شێوەکانی دژایەتی لە بەرامبەریدا مایەی بێباوەڕییەو پێچەوانەی بنچینەی باوەڕە، چونکە خوای گەورە بە ڕاشکاوی دەفەرموێت:(وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ) المائدة/٥١ واتە: هەر کەس لە ئێوە بیانکات بە دۆست و پشتیوان ئەوە لەوانە. هەروەها دەفەرموێت:(لاَّ يَتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِيَاء مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَن يَفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ) آل عمران/٢٨ واتە: نابێت موسوڵمانان بێباوەڕان بکەن بە دۆستی خۆیان بێجگە لە موسوڵمانان، هەر کەسێك وا بکات ئەوا هیچ پەیوەندییەکی بە خواوە نامێنێت و خوا لێی بێبەرییە. یان دەفەرموێت:(وَإِنْ أَطَعْتُمُوهُمْ إِنَّكُمْ لَمُشْرِكُونَ) الانعام/١٢١ واتە: ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵیيان بکەن بێگومان دەچنە ڕیزی هاوبەشدانەرانەوە.

هەروەها یەکتاپەرستی بە دژایەتی کردن و دوورکەوتنەوە لە طاغوت نەبێت نایەتە دی، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:(وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللَّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ) النحل/٣٦ واتە: لە هەموو ئوممەتێکدا

پێغەمبەری خوا ێکمان ڕەوانە کردووە کە پێیان ڕابگەیەنێت خوا بپەرستن و لە طاغوت دوور بکەونەوە.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت:(الْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلْ)[١] واتە: پیاو لەسەر ئاینی دۆستە نزیکەکەیەتی با هەر یەکەتان سەیر بکات و بزانێت هاوەڵێتی و دۆستایەتی کێ دەکات. یاخود دەفەرموێت:(أوثَقُ عُرَى الإيمانِ: المُوالاةُ فِي اللهِ وَ المُعاداةُ فِي اللهِ، وَ الحُبُّ فِي اللهِ وَ البُغضُ فِي اللهِ)[٢] واتە: قایمترین ڕشتەی باوەڕ بریتییە لە دۆستایەتی کردن لە بەر خواو دژایەتیکردن لە بەر خواو خۆشەویستی لە بەر خواو ڕقبوونەوە لە بەر خوای گەورە.

کەواتە: بەم پێودانگە دژایەتیکردنی بێباوەڕان لە لایەن موسوڵمانەوە، بەشێکە لە بنچینەی باوەڕو مەسەلەیەکی چارەنووسییەو بە هیچ پاساوێك بۆی نییە فەرامۆشی بکات و گرنگی پێنەدات.

ئنجا ئەگەر ئەوە حوکمی دژایەتیکردن بێت، بێگومان دژایەتیکردن پێچەوانەی دۆستایەتیکردنەو ئەگەر دژایەتیکردنی بێباوەڕ بەشێك بێت لە

---

[١] نوسەری بەڕیز هەر ئەوەندەی نوسیوە (اخرجه فی سلسله الاحادیث الصحیحة). وا لای ئەبوداوود/ ٤٨٣٣، ترمذی/ ٢٣٧٨. ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الجامع الصغیر/٣٥٤٥)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

[٢] لەمیشدا نوسەری بەڕیز هەر ئەوەندەی نوسیوە (اخرجه فی سلسله الاحادیث الصحیحة). وا لای طەبەرانی لە المعجم الكبير/ ١١٥٣٧، ئیبنوئەبی شەیبە لە کتێبی الایمان/ژ: ١١٠) راستە ئەلبانیش رحمە الله لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة/ ٣٠٩/٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

**پوختەی ناوەڕۆکی باوەڕ** ----------------------------------------

بنچینەی باوەڕ ئەوا دۆستایەتیکردنی باوەڕداریش بەشێکە لە بنچینەی باوەڕ و نابێت پشتگوێ بخرێت.

## پۆلێن کردنی خەڵکی

## لە ڕووی دۆستایەتی و دژایەتییەوە

بەو پێیەی موسوڵمان پێوانەی (دۆستایەتی و دژایەتی) بۆ دیاریکراوە، هەر بەو ڕوانگەیە پێویستە سنووری پەیوەندی خۆی بە خەڵکی یەوە دیاری بکات و هەڵوێستی ڕوونی هەبێت لە بەرمبەریاندا، لێرەدا ئاماژە بە پۆلێن کردنیان دەکەین کە لە ڕووی دۆستایەتی و دژایەتییەوە دەکرێن بەسێ بەشەوە:

**یەکەم: ئەو کەسانەی شایستەی دۆستایەتی ڕەها (الوَلاءُ المُطلَق) ن:** مەبەست لەو موسوڵمانانەیە کەسەر ڕاست و پارێزکار و متمانە پێ کراون و خوای گەورە بە دۆستی خۆی ناوی بردوون وەك دەفەرموویێت:(أَلا إِنَّ أَوْلِياء اللَّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ. الَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ) یونس/٦٢-٦٣ واتە: بزانن کە دۆستانی خوا نەترسیان لە ڕێدایە و نە پەژارە دەخۆن، ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و لە دنیادا پارێزیان کردووە. هەروەها پەروەردگار بە دۆستی یەکتری داناون وەك دەفەرموویێت:(وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ) التوبة/٧١ واتە: پیاوانی موسوڵمان و ئافرەتانی موسوڵمان هەندێکیان دۆست و پشتیوانی هەندێکی تریانن. لە فەرموودەیەکی (قدسی) دا خوای گەورە هەڕەشە لەوانە دەکات کە دژایەتیان دەکەن و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویێت:(إِنَّ اللَّهَ قَالَ: مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ

آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ) رواه البخاری[1] واتە: خوای گەورە دەفەرمووێت: هەر کەس دژایەتی دۆستێکی من بکات ئەوا جاڕی جەنگی لەگەڵدا دەدەم.

**دووەم: ئەو کەسانەی لە ڕوویەکەوە شایستەی دۆستایەتین و لە ڕوویەکی ترەوە شایستەی دژایەتین:** مەبەست لەو موسوڵمانانەیە کە تاوانکار و سەرکەش و سەرپێچی کەرو یاخین دۆستایەتی کردنی ئەم دەستەیە لەو ڕووەوەیە کە بنچینەی باوەڕیان دامەزراوە و بەو هۆیەوە لە بازنەی بێباوەڕی دەرچوون و لەم پێیە شایستەن بەشێوەیەکی گشتی دۆستایەتی بکرێن، بەڵام دژایەتی کردنیان لەو ڕووەوەیە کە سنوری باوەڕی پێویست دەبەزێنن و شوورای حەڵاڵ و حەرام دەشکێنن، ئینجا لە بەر ئەوە پێویستە موسوڵمان بە ئەندازەی ڕاددەی سنوور بەزاندنەکەیان ڕقی لێیان ببێتەوە و نکوڵییان لێ بکات و هەوڵی گۆڕینی خراپەکانیان بدات، خوای گەورە دەفەرمووێت:(إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) الحجرات/١٣ واتە: بەڕێزترینتان لە لای خوا ئەو کەسەیە کە زۆرتر پارێز بکات. ئاشکرایە کەسێك لە خوای گەورە نەترسێت و پارێزی لێ نەکات ڕێزی نامێنێت و موسوڵمانان بەو چاوەوە تەماشای دەکەن و بە ئەندازەی بێ فەرمانی کردنی ڕقییان لێیەتی، هەروەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(.... وَإِذَا أَبْغَضَ عَبْدًا

---

[1] بوخاری/ ٦٥٠٢، نەسائی/ ٢٠٣٨١.. هەموو فەرموودەکە لای بوخاری ئەمەیە: (إِنَّ اللَّهَ قَالَ: مَنْ عَادَى لِي وَلِيًّا فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالْحَرْبِ وَمَا تَقرَّبَ إِلَيَّ عَبْدِي بِشَيْءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِمَّا افْتَرَضْتُ عَلَيْهِ وَمَا يَزَالُ عَبْدِي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بِالنَّوَافِلِ حَتَّى أُحِبَّهُ فَإِذَا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الَّذِي يَسْمَعُ بِهِ وَبَصَرَهُ الَّذِي يُبْصِرُ بِهِ وَيَدَهُ الَّتِي يَبْطُشُ بِهَا وَرِجْلَهُ الَّتِي يَمْشِي بِهَا وَإِنْ سَأَلَنِي لَأُعْطِيَنَّهُ وَلَئِنِ اسْتَعَاذَنِي لَأُعِيذَنَّهُ وَمَا تَرَدَّدْتُ عَنْ شَيْءٍ أَنَا فَاعِلُهُ تَرَدُّدِي عَنْ نَفْسِ الْمُؤْمِنِ يَكْرَهُ الْمَوْتَ وَأَنَا أَكْرَهُ مَسَاءَتَهُ).

دَعَا جِبْرِيلَ فَقَالَ: إِنِّي أُبْغِضُ فُلانًا ، فَأَبْغِضْهُ، فَيُبْغِضُهُ جِبْرِيلُ، ثُمَّ يُنَادِي فِي أَهْلِ السَّمَاءِ، إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُبْغِضُ فُلانًا فَأَبْغِضُوهُ فَيُبْغِضُوهُ أَهْلُ السَّمَاءِ ثُمَّ تُوضَعُ لَهُ الْبَغْضَاءُ فِي أَهْلِ الأَرْضِ) رواه مسلم[1] واتە: ئەگەر خوای گەورە ڕقی لە بەندەیەك بوو بانگی جوبریل عَلَيهِ السَّلَام دەكات و پێی دەفەرمووێت: خوا ڕقی لە فلان كەسە، تۆش ڕقت لێی بێت، ئینجا جوبرەئیلیش ڕقی لێی دەبێت، پاشان جوبرەئیل بانگی ئەهلی ئاسمانەكان دەكات و دەفەرمووێت: خوا ڕقی لە فلان كەسە ئێوەش ڕقتان لێی بێت، ئینجا ئەهلی ئاسمانەكانیش ڕقیان لێی دەبێت، پاشان ڕق لێ بوونەوەی دەكەوێتە دڵی خەڵكی سەر زەویشەوە.

هەروەها پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی ئەو دەسەڵاتدارانەی خراپەكارن و كاروباری موسوڵمانان دەگرنە دەست دەفەرمووێت:(إِنَّهُ يُسْتَعْمَلُ عَلَيْكُمْ أُمَرَاءُ فَتَعْرِفُونَ وَتُنْكِرُونَ، فَمَنْ كَرِهَ فَقَدْ بَرِئَ ، وَمَنْ أَنْكَرَ فَقَدْ سَلِمَ، وَلَكِنْ مَنْ رَضِيَ وَتَابَعَ)رواه مسلم[2] واتە: فەرمانڕەوایانێك دەبنە دەسەڵاتدار بەسەرتانەوە و بەهەندێ كردەوەیان ئاشنان نكۆڵی لە هەندێكی تریان دەكەن، هەر كەس ڕقی لێیان بێت ئەوا لە تاوان و گوناه بێبەری دەبێت، وە هەركەس نكۆڵییان لێ بكات سەلامەت دەردەچێت، بەڵام كەسێك پێیان ڕازی بێت و شوێنیان بكەوێت ئەوە تاوانبار دەبێت.

**سێیەم: ئەو كەسانەی شایستەی دژایەتی ڕەها (الْمُعَاداةُ الْمُطْلَقَة)ن:**
مەبەست لە بێ باوەڕانە كە ڕەگەزی باوەڕ لە ناخیدا ڕیشەكێش كراوەو جگە

[1] بوخاری/ ٢٩٨٩، موسلیم/ ٤٩٧٩.
[2] موسلیم/ ١٨٥٤، ئەبوداوود/ ٤٧٦٠، ترمذی/ ٢٢٦٥، ئەحمەد/ ٣٠٢/٦.

لەوەش بە پێچەوانەوە بوونی باوەڕو موسوڵمانان بە مەترسی دەزانن بۆ سەر بوونی خۆیان و مانەوەیان لە نەهێشتن یاخود لاوازکردنی کاروانی باوەڕدا دەبیننەوە، لەبەر ئەوە بەو پەڕی جەختەوە دژایەتی دەکەن، هەر بۆیە نابێت موسوڵمانیش هەرگیز دۆستایەتی ئەمانە بکات و مەیلی بە لایاندا هەبێت بەڵکو پێویستە ڕقی لێیان بێت و دژایەتییان بکات، هەروەك خوای گەورە ئیبراهیم پێغەمبەری خوا عَلَيهِ السَّلَام دەکات بە پێشەنگمان و دەفەرمووێت:(قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ إِذْ قَالُوا لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَاء مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاء أَبَدًا حَتَّى تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ) الممتحنة/٤ واتە: پێشەنگی چاك بۆ ئێوە لە ئیبراهیم عَلَيهِ السَّلَام و ئەوانەدا دەبینرێتەوە کە لە گەڵیدا بوون، کاتێك بە گەلەکەیان فەرموو: ئێمە لە ئێوە و لەوەی بێجگە لە خوای گەورە دەیپەرستن بێبەرین، کوفرانەتان پێ دەکەین و دژایەتی و ڕکابەری لە نێوان ئێمە و ئێوەدا بۆ هەمیشە سەری هەڵداوەو دەستی پێ کردووە هەتا باوەڕ بەخوای گەورە دێنن بە تاك و تەنهایی.

## هۆکارەکانی دەستەبەربوونی

## دۆستایەتی موسوڵمانان

چەند هۆکارێك هاو ئاهەنگن لە دەستە بەرکردنی دۆستایەتی ڕاستەقینەی نێوان موسوڵمانن، پێویستە ڕەچاو بکرێن و داکۆکی یان لەسەر بکرێت، لەوانە:

١- باوەڕی ڕاستەقینە: هەر کاتێك موسوڵمان دڵ و دەروونی ئاوەدان و ڕۆشن بوو بە باوەڕەکەی بێگومان ئەم ڕشتەیە دڵی پەیوەست دەکات بە موسوڵمانانی ترەوەو پێیان شاد دەبێت و چێژی شیرینی باوەڕەکەی لەوەدا دەبێنێتەوە هەروەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ، وَجَدَ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ: أَنْ يَكُونَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ، أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا لِلَّهِ...) متفق عليه[١] واتە: سێ سیفەت لە هەر کەسێکدا بێت بەهۆیانەوە شیرینی باوەڕ دەچێژێت:

- دەبێت خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە لای خۆشەویست تر بن لە هەموو کەسێکی تر.

- هەر کەسێکی خۆش وویست لەبەر خوا نەبێت خۆشی نەوێت. خوای گەورە لەوەسفی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و هاوەڵاندا دەفەرمووێت:(مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ ۚ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ)الفتح/٢٩ واتە: محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نێرراوی خوایە و ئەوانەی

[١] بوخاری/ ١٦، موسلیم/ ٤٣.

لەگەڵیدان بەرامبەر بێباوەڕان توندوتیژن و لە نێوان خۆیاندا دڵنەرم و بە بەزەیین.

پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دۆستایەتی و خۆشەویستی دەبەستێتەوە بە باوەڕو دەفەرمووێت:(وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لا تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا ، وَلا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا...) رواه مسلم[1] واتە: سوێند بەو خوایەی گیانی منی بە دەستە ناچنە بەهەشتەوە هەتا باوەڕ نەهێنن و باوەڕیش ناهێنن هەتا یەکترتان خۆش نەوێت). هەروەها دەفەرمووێت:(مَنْ أَحَبَّ فِي اللَّهِ وَأَبْغَضَ فِي اللَّهِ وَأَعْطَى لِلَّهِ وَمَنَعَ لِلَّهِ فَقَدِ اسْتَكْمَلَ الإِيمَانَ)[2]. واتە: هەرکەس لەبەر خوا خەڵکی خۆش بوێت و لەبەر خوا ڕقی لێیان بێت و لە بەر خوا ببەخشێت و لە بەر خوا دەست بگرێتەوە ئەوا باوەڕی کامڵ و تەواو کردووە.

٢- پەیوەیست بوون بە قورئانەوە: کاتێك موسوڵمان بەردەوام قورئانی پیرۆز بخوێنێتەوە و بە ئەندازەی پێویست لەگەڵیدا بژی، زیاتر و زیاتر ئەرکەکانی سەرشانی دەخاتەوە بیر بە تایبەتی دۆستایەتی کردن و خۆشویستنی خوا و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان و پێویستی سەرشانی بەرامبەریان لەسەر خستن و شوێن کەوتن و گوێڕایەڵی کردن و.. هتد، ئەوەش وای لێ دەکات کە هەمیشە گرنگی بەم لایەنە بدات و فەرامۆشی نەکات، خوای گەورە دەربارەی قورئان دەفەرمووێت:(إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ

---

[1] موسلیم/ ١١٠.

[2] نوسەری بەڕێز نوسیویّتی: (أخرجه أبوداود و هو صحيح) راستە.. ئەبو داوود/٤٦٨١ شێخی ئەلبانی رحمەالله لە ( صحيح الجامع ٢٥٣٩) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

لِّلْعَالَمِينَ * لِمَن شَاء مِنكُمْ أَن يَسْتَقِيمَ) التكوير/٢٧-٢٨واتە: قورئان تەنها یاد خەرەوەی خەڵکی جیهانە، بۆ هەر کەس لە ئێوە کە بیەوێت دامەزراو بێت و ڕێگەی ڕاست بگرێتە بەر.

٣- دوور کەوتنەوە لە دوو بەرەکی و جیاوازی نێوان موسوڵمانان: چونکە جیاوازی دەبێتە هۆی زویری و لە یەکتر دابڕان و بەکەم تەماشا کردنی یەکتر و سەر ئەنجام دژایەتی کردن، کە ئەمەش دروست نییەو پێچەوانەی مامەڵەی پەسەندی نێوان موسوڵمانانە، خوای گەورە دەفەرمووێت: (وَاعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا ۚ وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاءً فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَانًا) آل عمران/١٠٣واتە: تێکڕا دەست بگرن بە ڕشتەی خوای گەورەوە و پەرتەوازە مەبن و بیر لە بەهرەی خوا بکەنەوە بە سەرتانەوە، کاتێك بوو ئێوە دوژمنی یەکتری بوون و خوا هۆگری خستە نێوان دڵەکانتانەوە و بەهۆی بەهرەکەی خواوە بوون بە برای یەکتر. هەروەها دەفەرمووێت:(إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمْ وَكَانُواْ شِيَعًا لَّسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ)الأنعام/١٢٩ واتە: ئەوانەی ئاینەکەیان پارچە پارچە کرد و بوونە تاقم تاقم، ئەی موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تۆ لە هیچ شتێکدا لەوان نیت.

٤- هاوەڵیەتی کردنی خوا ناسان: کەسێك چاکە کارو باوەڕ دۆست بێت بێگومان هەمیشە دۆستایەتی توندوتۆڵی هەیە لەگەڵ باوەڕ دارانداو حەزیش دەکات دۆستایەتی نێوانیان پتەوو دامەزراو بێت، ئینجا بە هاوەڵیەتی کردنی مرۆڤی ئاوا موسوڵمان پەیوەندی و دۆستایەتییەکەی لەگەڵ براکانیدا بەهێز تر دەبێت، وەك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(الْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلْ)[1] أخرجه فى سلسلة: الأحاديث الصحيحة. واتە: پیاو لە سەر ئاینی هاوەڵە نزیکەکەیەتی با هەریەك لە ئێوە تەماشا بکات بزانێت هاوەڵیەتی کێ دەکات.

هەروەها دەشتەکی یەك هاتە لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و پێی فەرموو: کەی ڕۆژی دوایی دێت؟ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی:(مَا أَعْدَدْتَ لَهَا؟) واتە: چیت بۆ ئامادە کردووە؟ ووتی: خۆشەویستی خواو پێغەمبەری خوا هکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ! فەرمووی:(أَنْتَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ) رواه مسلم[2] واتە: تۆ لەگەڵ ئەو کەسە دایت کە خۆشت دەوێت.

٥- <u>سینە خاوێنی و دڵ پاکی</u>: واتە: نابێت موسوڵمان هیچ جۆرە ڕق و کینە و ئێرەیی یەك بە برا موسوڵمانەکەی ببات، چونکە هەردووکیان لە پەیوەندی باوەڕ بەخوای گەورەدا یەك دەگرنەوە و ئەو سیفەتانەش لەخو و ئاکاری نەفامین و ڕوبەری بازنەی ڕەوشتی موسوڵمانانە نایان گرێتەوە، خوای گەورە لە وەسفی موسوڵمانانی شوێن کەوتووی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و هاوەڵاندا دەفەرمووێت:(وَالَّذِينَ جَاؤُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالإِيمَانِ وَلا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ) الحشر/ ١٠ واتە: ئەوانەی بە شوێن هاوەڵاندا دێن دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان لە ئێمە خۆش ببەو لەو برایانەشمان کە لە

---

[1] نوسەری بەڕێز هەر ئەوەندەی نوسیوە (اخرجه فى سلسله الاحاديث الصحيحة). ڕاستە وا لای ئەبوداوود/ ٤٨٣٣، ترمذی/ ٢٣٧٨. ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح الجامع الصغير/٣٥٤٥)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

[2] بوخاری/ ٣٦٨٨، موسلیم/ ٢٦٣٩.

موسوڵمانیدا پێشمان کەوتوون و هیچ ڕق و کینەیەك لە دڵماندا مەهێڵە بەرامبەر ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، پەروەردگارمان تۆ بە بەزەیی و میهرەبانیت.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سێ ڕۆژ لەسەریەك بە پیاوێکی ئەنصاریی فەرموو:(يَطْلُعُ عَلَيْكُمْ الْآنَ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ). واتە: ئێستا پیاوێکتان لێ دەردەکەوێت کە بەهەشتی یە. لە ڕۆژی سێیەمدا عبدالله کوڕی عمر خوا لێی رازی بێت، شوێنی کەوت بۆ ماڵەوە و بە کابرای ووت: من لەگەڵ باوکمدا ناخۆشیم بوە و سوێندم خواردووە سێ ڕۆژ نەچمەوە لای، ئەگەر بە گونجاوی دەزانیت با ئەو ماوەیە لە لات بمێنمەوە، ووتی: باشە، پاش سێ ڕۆژەکە (عبدالله) خوا لێی رازی بێت، پێی فەرموو: هیچ ناخۆشییەکەم لەگەڵ باوکمدا نەبووە، بەڵام من سێ ڕۆژ گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو پێی فەرموویت: (ئێستا پیاوێکتان لێ دەردەکەوێت کە بەهەشتییە) منیش ویستم لەگەڵت بمێنمەوە بۆ ئەوەی بزانم چ کردەوەیەکی مەزن ئەنجام دەدەیت بۆ ئەوەی چاوت لێ بکەم، بەڵام هیچ کارێکی وا گەورەم بەدی نەکرد ئەنجامی بدەیت، باشە چی وای لێ کردوویت کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئاوات پێ بفەرمووێت؟ ووتی: هەرئەوەیە کە دیوتە، ئینجا کە پشتم هەڵکرد بڕۆم بانگی کردم و ووتی: هەرئەوەیە کە دیوتە بەڵام ئەوەندە هەیە کە من لە دڵی خۆمدا هیچ غەش و گزی یەك بەرامبەر هیچ یەکێك لە موسوڵمانان هەست پێ ناکەم و ئیرەیی بە کەس نابەم لەسەر ئەو بەهرەو بەخششەی کە خوا پێی داوە.

عبدالله دەفەرمووێت: ووتم:(هَذِهِ الَّتِي بَلَغَتْ بِكَ وَهِيَ الَّتِي لَا نُطِيقُ)[1] رواه أحمد و هو صحيح على شرط الشيخين واتە: ئا ئەوەیە کە تۆی گەیاندۆتە ئەو ئاستە و هەر ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین ئەنجامی بدەین.

٦- پاراستنی نهێنی موسوڵمان: کارێك پێی دەووترێت (نهێنی) کە تایبەت بێت بە خاوەنەکەیەوە و حەز نەکات هەموو کەس پێی بزانێت، ئینجا ئەگەر کەسێك هێندە بە جێگەی متمانە دانراو نهێنییەکەی لە لا درکا نابێت بە هیچ جۆرێك لەلای کەسی تر باسی بکات بۆ ئەوەی متمانە بەخشین لە نێوان موسوڵمانانندا لاواز نەبێت و کەسایەتی و کاری گرنگی موسوڵمانان بەر شاڵاوی زمانی خەڵکی نەکەوێت، خوای گەورە دەفەرمووێت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَخُونُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ وَتَخُونُواْ أَمَانَاتِكُمْ وَأَنتُمْ تَعْلَمُونَ) الأنفال٢٧ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ناپاکی لەگەڵ خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مەکەن، بەوەی ناپاکی لە ڕاسپاردەکانتاندا بکەن و خۆتان دەزانن دەبێ بپارێزرێت.

عبدالله ی کوری جعفر خوا لێی رازی بێت دەفەرمووێ:(أَرْدَفَنِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ذَاتَ يَوْمٍ خَلْفَهُ ، فَأَسَرَّ إِلَيَّ حَدِيثًا لا أُحَدِّثُ بِهِ أَحَدًا مِنَ النَّاسِ) رواه مسلم[2] واتە: ڕۆژێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دوای خۆیەوە سواری وڵاخەکەی کردم و فەرمایشتێکی نهێنی پێ فەرمووم، بۆ هیچ کەسی باس نەکەم.

---

[1] نوسەری بەڕیز نوسیوێتی: (رواه أحمد و هو صحيح على شرط الشيخين) ڕاستە: ئیمامی ئەحمەد/ ١٢٧٢٠، نەسائی/ ١٠٦٩٩، عبدالرزاق لە المصنف/ ٢٠٥٥٩. ئەلبانی لە (سلاسل الأحاديث الضعيفة/ ١/٢٥) دا دەفەرموێ: سەحیحە.

[2] موسلیم/ ٢٤٢٩، ئەبوداوود/ ٢٥٤٩، ئەحمەد/ ١/٢٠٤.

٧- خۆ پاراستن لە بەد گومانی (سُوء الظَّن): واتە: نابێت موسوڵمان گومانی خراپ بەبرا باوەڕ دارەکەی ببات چونکە دەبێتە هۆی گەڕان بە دوای ناتەواوی یەکانیدا یاخود سۆراخی ئەو گومانە دەکات کە پێی بردووە و لەم لاو ئەولا باسی دەکات بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجامێك تێیدا، واتە بە هۆی گومانی خراپەوە دەکەوێتە دوو تاوانی ترەوە کە وەسوەسە کردن و غەیبەت کردنە، بۆیە خوای گەورە و کاربەجێ دەفەرمووێت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِّنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ وَلا تَجَسَّسُوا وَلا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا)الحجرات/١٢ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە زۆربەی گومانەکان دوور بکەنەوە چونکە هەندێکیان تاوانن، سیخوڕی بەسەریەکەوە مەکەن و هەندێکتان لە پاش ملە باسی هەندێکی ترتان مەکەن. پێغەمبەری خواش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرمووێت:(إِيَّاكُمْ وَالظَّنَّ، فَإِنَّ الظَّنَّ أَكْذَبُ الْحَدِيثِ) رواه البخاري[١] واتە: دەخیلیتان بم ئێوەو گومان بردن، چونکە گومان بردن درۆترین قسەیە.

[١] بوخاری/ ٦٠٦٤، موسلیم/ ٢٥٦٣.

## جۆرەکانی دۆستایەتی نەفامی

لە کۆمەڵگای نەفامیدا -بە حوکمی ئەوەی خۆشەویستی خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سونگەی ئاراستە و مامەڵە نییە- خەڵکی لە ڕوانگەی جۆرەها تێڕوانینەوە دۆستایەتی یەکتر دەکەن، لەوانە:

١- تێڕوانینی نەتەوەیی: واتە هەرکەس ڕۆڵەی نەتەوەیەك بێت - کە زمان و خاك و نەژاد و مێژووی هاوبەشیان هەیە- ئەوا لە لایەن ئەندامانی ئەو نەتەوەیەوە ئەوپەڕی دۆستایەتی دەکرێت و هەموو مافێکی بۆ دابین دەکرێت، بە بێ گوێ دانە ئاین و بیر و باوەڕی، بەو واتایەی ئەگەر کەسێك زۆر بێ باوەڕ و سەرکەش و خوا نەناسیش بێت شایستەی دۆستایەتی کردنە مادەم هاو نەتەوە بێت، بەڵام کەسێك هاو نەتەوە نەبێت -با زۆر خواناس و پارێزکارو چاکە کاریش بێت- دەبێت دۆستایەتی نەکرێت و مافی نەبێت.

٢- تێڕوانینی نیشتیمانی و ناوچە گەری: واتە لەم مەتەرێزەوە دۆستایەتی بۆ ئەو کەسانەیە کە سیفەتی هاونیشتیمانیەتی دەیانگرێتەوە ئەگەر چی بێ باوەڕیش بن، بەڵام ئەوانەی ڕەگەزنامەی هاو وڵاتی بوونیان نییە شایستەی هیچ جۆرە پشتیوانییەك نین با زۆر چاکیش بن.

٣- تێڕوانینی هۆزایەتی و تیرەگەری: ئەم جۆرەش ڕوانگەی دۆستایەتی کردن بۆ ئەو کەسانە دەسەلمێنێت کە لە بنەچەی یەك تیرەو هۆزن، بە پێچەوانەوە ئەوەی بەرەبابی نەچێتەوە سەریان مافی دۆستایەتی کردنی نییە، یاخود ئەگەر ئەندامێکی ئەو تیرەو هۆزە گەورەترین تاوان و بێ باوەڕی ئەنجام بدات پێوستە بەرگری مان و نەمانی لێ بکرێت بەڵام لە بەرامبەردا

ئەگەر کەسێکی تر لە لایەن ئەو کەسەوە ئەوپەڕی ستەمی لێ بکرێت با موسوڵمان و خاوەن مافیش بێت دەبێت پێشێل بکرێت.

٤- تێڕوانینی تاقمگەریی و حیزبایەتی: ئەم تێڕوانینەش بەو پێودانگە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات کە لە لایەنگری حیزبیدا پشکیان هەبێت و دۆستایەتی و پشتیوانی و خۆشەویستی لەگەڵ ئەوانەدا دادەمەزرێنێت کە لەو لایەنگرییەدا قووڵ بوو بنەوە گەرچی سەرکەش و یاخی و تاوانباریش بن، بەڵام کەسێك لەو بازنەیەدا نەبێت دۆستایەتی لەگەڵدا ناکرێت با زۆر سەر ڕاست و پارێزکار و دامەزراویش بێت.

٥- تێڕوانینی پشتگیری کردنی دەسەڵات: واتە دۆستایەتی کردن بۆ ئەوانەیە کە پشتگیری لە دەسەڵاتدارانی ووڵات دەکەن و هاو بیر و ڕان لەگەڵیاندا گەرچی پێچەوانەی ڕێباز و ڕێساو شەرعی خوای گەورەش بجوڵێنەوە و دژایەتی ئیسلام و موسوڵمانانیش بکەن.

٦- تێڕوانینی مرۆڤایەتیانە: ئەم تێڕوانینە گشتگیرە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی واتە هەر کەس پێی بووترێت ئادەمیزاد پێویستە دۆستایەتی بکرێت بە بێ گوێدانە هیچ پێودانگ و ڕوانگەیەك، بەم پێیە گەورەترین پێغەمبەری خوا و سەرکەشترین (طاغوت) شایستەی هەمان دۆستایەتی مرۆڤانەن و نابێت هیچ جۆرە جیاوازی یەك ڕەچاو بکرێت.

٧- تێڕوانینی بەرژەوەند وویستی و ماددی یانە: گەرچی ئەم جۆرە تێڕوانینە بانگەشەی بۆ ناکرێت و بە ئەندازەی ئەوانی تر دەستەو گرۆهی لەسەر پێك نایەت بەڵام زۆرترین کەس دەیکەنە بناغەو دۆستایەتی لەسەر هەڵدەچنن و لە کوێوە بای بێت لەوێوە شەن دەکەن، واتە کەسێك سوودی لێ ببینرێت دۆستایەتی دەکرێت و هەموو جۆرە هاوکاری و پشتیوانییەکی لێ دەکرێت

بەڵام ئەگەر كەسێك لە ڕووی ماددی یەوە كەڵكی نەبێت گوێی پێ نادرێت ئەگەر چی دڵسۆز و چاكەكار و خزمەت گوزاریش بێت.

## جیاوازی نێوان

## دۆستایەتی بیر و باوەڕ و دۆستایەتی نەفامی

بەو پێیەی کە ئیسلام پەیامی خوای پەروەردگارەو ئایینی زگماکە بە پێوانەی هاوسەنگ و گونجاو لەگەڵ خواستە ڕەسەنەکانی مرۆڤدا مامەڵە دەکات و هەموو داخوازی یە ماددی و دەروونی و تاکی و کۆمەڵی یەکانی بەرچاو دەگرێت.

پێو دانگی مامەڵە و دۆستایەتی و پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانیش لەسەر بنیادی نەگۆڕ دادەمەزرێنێت و هەر ئەو بنیادە دەکاتە تیشکۆی ڕێزداری و بێرێزی و پێکەوە ژیان و لەیەك دابڕان، ئەویش بنیادی بیر و باوەڕە، چونکە هەموو بنیادە نەفامییەکان گۆڕاون و دەسەڵاتی هیچ کەسێك لە دیاری کردنیاندا نییە تاکو بکرێتە پێوانەی هەڵسەنگاندن.

بە واتایەکی تر بیرو باوەڕی ڕاستەقینە هەر یەك بیرو باوەڕەو لە هەموو سەردەم و کات و شوێنێکدا نەگۆڕەو لەڕوانگەیەوە موسوڵمانان لەسەر خوانی پڕ شکۆی کۆ دەبنەوە و هەر کەسیش خواستی بێت دەچێتە ڕیزیانەوە و هۆگری هەمان بیروباوەڕ دەبێت و هەمان ماف و دۆستایەتی دەیگرێتەوە، بەڵام سەرجەم ڕەگەزەکانی گرێدانی دۆستایەتی نەفامی لە خاك و نەژاد و زمان و نەتەوەو و بەرژەوەندی و.... هتد دەکرێت لە پێناوی بیرو باوەڕدا فەرامۆش بکرێن و هیچ کامیشیان دەستی مرۆڤ لە دیاری کردنیدا نییەو لە هەمان کاتیشدا ڕەوتی چاك و خراپی مرۆڤ ناگۆڕن.

کەواتە دەتوانین لەم دووخاڵەدا جیاوازی نێوان دۆستایەتی بیروباوەڕ و دۆستایەتی نەفامی ڕوون بکەینەوە:

**یەکەم: بیروباوەڕ دەکرێتە بەردی بناغەی دۆستایەتی ئیسلامی:** چونکە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە نەگۆڕە و لە ڕووی پابەند بوونەوە بە پێی خواستی مرۆڤە، پاشان لە سۆنگەی بیروباوەڕەوە چاك و خراپی مرۆڤ دەردەکەوێت.

**دووەم: ڕەگەزە هاوبەشەکانی نێوان چینەکانی مرۆڤ دەکرێنە بناغەی دۆستایەتی نەفامی بەڵام لەرزۆك و نادروستن:** چونکە لە ڕووی هەڵبژاردنەوە لە خواستی مرۆڤ  بە دەرن و هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر چاك و خراپی مرۆڤ نییەو دەکرێت لە پێناوی ڕاستیدا مرۆڤ دەست بەرداریان ببێت.

## جیاوازی نێوان دۆستایەتی و پێکەوە ژیان

## (المُولَاةُ وَالمُداراة)

پێویستە موسوڵمان دۆستایەتی خوای گەورە و پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و موسوڵمانان بکات چونکە پەروەردگار دەفەرموویت:(إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ...)المائدة/ ٥٥ واتە: دۆستی ئێوە تەنها خواو پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئەوانەیە کە باوەڕیان هێناوە. ئەمەش وا دەگەیەنێت کە نابێت موسوڵمان بە هیچ شێوەیەکی دۆستایەتی لەگەڵ بێ باوەڕاندا دابمەزرێنێت چونکە دەبێتە مایەی بێ باوەڕی و پێچەوانەی دۆستایەتی بیروباوەڕە، هەر وەك خوای گەورە دەفەرموویت:(وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ) المائدة/٥١ واتە: هەر کەس لە ئێوە بیانکات بەدۆست و پشتیوان ئەوە لەوانە و وەك ئەوان بێ باوەڕە).

بەڵام ئایا ئەمە وا دەگەیەنێت کە نابێت موسوڵمان بە هیچ جۆرێك مامەڵەو هەڵس و کەوت لەگەڵ بێ باوەڕاندا بکات؟

بە ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان دۆستایەتی و پێکەوە ژیان وەڵامی ئەم پرسیارە ڕوون دەبێتەوە ..

پێشتر چەمك و واتای دۆستایەتیمان بۆ ڕوون بووەوە و ئاماژە کرا بە ناوەڕۆکەکەی و زانیمان کە ئەنجام دانی هەر کام لە سیفەتەکانی دۆستایەتی بۆ بێ باوەڕ دەبێتە هۆی بێباوەڕ بوون و لە هیچ بارو دۆخێکدا نابێت لە موسوڵمان بوەشێتەوە، بەڵام پێکەوە ژیان چەمك و واتای سەربەخۆ و جیاوازی لە دۆستایەتی هەیەو ڕێ و شوێنی دروستی خۆی هەیە، جیاوازییەکەش لەوەدایە کە دۆستایەتی مامەڵەی بیروباوەڕە بەڵام

پێکەوە ژیان مامەڵەی ڕۆژانەی دنیایە وەك فضیل کوڕی عیاض ڕەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەرموویت: (أَنَّ المُداراة بَذّلَ الدُنيا لِصَلاحِ الدُنيا أَوْ الديْنِ أَو هُمَا مَعا، وَهِيَ مُباحَةً وَرُبَّما استَحَبَتْ).[١] واتە: پێکەوە ژیان بەگەڕ خستنی دنیایە بۆ خۆش گوزەرانی و چاك کردنی دنیا یاخود ئایین یان هەردووکیان پێکەوە، ئەوەش دروستە و ڕەنگە زۆر جار پەسەند -مستجب- یش بێت.

بۆ نموونە خوای گەورە دەربارەی دایك و باوکی بێباوەڕ لە ڕووی پێکەوە ژیانەوە دەفەرموویت: (وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا) لقمان/١٥ واتە: لە دنیادا بە چاکی هاوەڵیەتی یان بکەو ڕێك و پێك بە لەگەڵیاندا. بەڵام سەبارەت بە کردنیان بە دۆست و قسە ڕەوا دەفەرموویت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ آبَاءكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاء إَنِ اسْتَحَبُّواْ الْكُفْرَ عَلَى الإِيمَانِ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ)التوبة/٢٣ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە باوك و براکانتان مەکەن بە دۆست ئەگەر بێباوەڕییان بەلاوە خۆشەویست تر بوو لە باوەڕ وە هەرکەس لە ئێوە بیان کات بە دۆست ئەوا ئەوانە ستەمکارن.

یاخود دروستە بێباوەڕ بکرێتە (چاوساغ) و (بریکار) و (هاوبەش) لە مامەڵەی ڕۆژانەی دنیادا کە هەریەك لەوانە متمانە پێکراون.

بەڵام دروست نییە بکرێتە جێگەی متمانە لە کاروباری موسوڵماناندا و لە باس و خواستی بەرنامەی خوادا وەك دەفەرموویت:(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ بِطَانَةً مِّن دُونِكُمْ لاَ يَأْلُونَكُمْ خَبَالاً) آل عمران/١١٨ واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە بێجگە لە خۆتان کەسی تر مەگرن بە دۆستی نزیك و جێگەی متمانەی کەوا درێغی لە تێکدانی ڕیزەکانتاندا ناکەن.

---

[١] (فتح الباری) ٤٥٤/١٠.

كەواتە: دروستە مامەڵە لەگەڵ بێباوەڕدا بكرێت لەو كاروبارانەی كە تایبەتن بە دنیاوە و هیچ دروشم و تایبەتمەندی یەكی ئایینیان تێدا نییە وەك: (كڕین و فرۆشتن) و (بە شاهید گرتن) و (بارمتە كردن) ز (هاوسێیەتی) و...... هتد.

بەمەرجێك لەو مامەڵەیەدا هیچ جۆرە زیانێكی بۆ سەر موسوڵمانان لێ نەكەوێتەوە.

## جیاوازی نێوان دۆستایەتی و خۆپارێزی

## (المُولَاةُ وَالتُقيَة)

خوای گەورە دەربارەی دۆستایەتی کردنی بێباوەڕان دەفەرموویت:(لاَّ يتَّخِذِ الْمُؤْمِنُونَ الْكَافِرِينَ أَوْلِياء مِن دُونِ الْمُؤْمِنِينَ وَمَن يفْعَلْ ذَلِكَ فَلَيْسَ مِنَ اللَّهِ فِي شَيْءٍ إِلاَّ أَن تَتَّقُواْ مِنْهُمْ تُقَاةً وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ وَإِلَى اللَّهِ الْمَصِيرُ) آل عمران/ ٢٨ واتە: نابێت موسوڵمانان بێباوەڕان بگرن بە دۆست بێجگە لە موسوڵمانان، هەر کەس وابکات ئەوا هیچ پەیوەندییەکی بە خواوە نامێنێت، مەگەر خۆتانیان لێ بپارێزن بە خۆ پاراستن، خوای گەورە لە خۆیتان ئاگادار دەکاتەوە و سەرئەنجامتان بۆ لای خوایە. بە پێی ئاراستەی ئەم ئایەتە پیرۆزە دروست نییە موسوڵمانن دۆستایەتی لەگەڵ بێباوەڕاندا بکەن بەڵام خوای گەورە هەر لەم ئایەتەدا (ئەگەر)ێکی تێدا هێشتۆتەوە ئەویش (خۆ پارێزی) یە لە کاتی دەست ڕۆیشتنی بێباوەڕاندا، ئینجا لێرەدا دەپرسین: ئایا لە کاتی ترسان لە بێباوەڕدا دروستە موسوڵمان دۆستایەتی لەگەڵدا بکات؟ هەروەك دروستە لە کاتی زۆر لێکرانی (مُعْتَبَر)دا دەفەرموویت:(مَن كَفَرَ بِاللَّهِ مِن بَعْدِ إيمَانِهِ إِلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالإِيمَانِ) النحل/١٠٦واتە: هەر کەسێك کوفر بە خوا بکات دوای باوەڕ هێنانەکەی مەگەر کەسێك زۆری لێبکرێت و دڵی پەیوەست بێت بەباوەڕەوە.

پێشەوا ئیبنوالقەیم ڕەحمەتی خوای لێ بێت، ئەم پرسیارە ڕوون دەکاتەوەو دەفەرموویت:(مَعْلومٌ أَنَّ التُقّاة لَيْسّت بمُوَالاة وَلكِنْ لَمَّا نَهاهُمُ الله عَنْ مُوالاَة الكُفّارِ أقتَضي ذلِكَ مُعَاداتِهِم والبَراءَةٌ مِنْهُمْ وَمُجاهَرَتِهِم بِالعُدوانِ فِي كُلِ

حَال، إلاَّ إذا خافُوا مِنْ شَرِهِم فَأَباحُ لَهُم التُقيَة وَلَيسّتِ التُقيةُ مُوالاَةٌ لَهُمْ).[1]واتە: ئاشکرایە کە خۆ پارێزی دۆستایەتی کردن نییە بەڵکو کاتێك خوای گەورە ڕێگری دۆستایەتی کردنی بێباوەڕانی لێکردن ئەو ڕێگری کردنە وای دەخوازی کە دوژمنایەتی یان بکەن و خۆیانیان لێ بێبەری بکەن و دژایەتی ئاشکرایان بکەن لە هەموو حاڵەتێکدا، مەگەر کاتێك لە شەڕو خراپەیان بترسن، ئەو کاتەش خوا ڕێگەی خۆ پارێزی داون و خۆ پارێزیش دۆستایەتی کردن نییە).

دەربارەی واتای (خۆپارێزی)یش پێشەوا ئیبنوعەباس رەحمەتی خوای لێ بێت، دەفەرمووێت:(هُوَ أَن يَتَكَلَّمَ بِلِسَانِهِ وَقَلْبُهُ مُطْمَئِنٌّ بِالْاِيمَانِ وَلايُقتَلُ وَلَايأتي مَأثَماً).[2]واتە: خۆ پارێزی ئەوەیە موسوڵمان بە زمان قسە بکات و دڵی پەیوەست بێت بە باوەڕەوە و موسوڵمان نەکوژێت و کاری خراپ ئەنجام نەدات.

هەروەها ئیبنوحەجەر ڕەحمەتی خوای لێبێت، دەفەرمووێت (التُقْيةُ: هِي الحَذرُ مِنْ إظهار ما فِي النّفْسِ مِن مُعتَقَد وَغيره لِلْغَير).[3] واتە: خۆ پارێزی: پەرێز کردنە لە دەرخستنی ئەو بیروباوەڕو شتانەی لە دەروونداییە بۆ کەسی تر.

پێشەوا بوخاری ڕەحمەتی خوای لێ بێت، لە ئەبوددەردائەوە خوا لێی رازی بێت دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:(إِنَّا لَنَكْشِرُ فِي وُجُوهِ أَقْوَامٍ، وَإِنَّ قُلُوبَنَا

[1] (بدائع الفوائد) ابن القيم الجوزيه ٦٩/٣.

[2] (تفسير القرطبي) ٥٧/٤.

[3] (فتح الباري) ٣١٤/١٢.

لَتَلْعَنُهُمْ).[١] واتە: ئێمە لە ڕووی خەڵكانێكدا ڕووی خۆشمان نیشان دەداو دڵیشمان نەفرینی لێ دەكردن.

كەواتە لە كاتی ترسناكیدا كە ئازاردانی لێ چاوەڕێ بكرێت دروستە موسوڵمان خۆی لە بێباوەڕان بپارێزێت بە شاردنەوەی ڕق و كینەو دژایەتی كردنی بەرامبەریان و بیرو باوەڕو بۆچونی و خۆی لە گەڵیاندا بگونجێنێت.

بەڵام لە كاتی زۆرلێكردنێكدا كە بە واقیعی ئازاریان دابێت دروستە موسوڵمان دۆستایەتی ڕووكەشی بێباوەڕان بكات بە مەرجێ دڵی پەیوەست بێت بە باوەڕەوە، ئینجا ئەگەر كەسێك بەبێ زۆر لێكردنی ڕاستەقینە دۆستایەتی بێباوەڕ بكات با بەڕووكەشیش بێت بێباوەڕ دەبێت، چونكە كاتێك خوای گەورە دەفەرموێت:(وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ) المائدة/٥١ واتە: هەركەس لە ئێوە جولەكەو دیانەكان بكات بە دۆستی خۆی ئەمیش لەوانە. مەبەست لەو كەسانە بوو كە دەیان ووت:(نَخْشَى أَن تُصِيبَنَا دَائِرَةٌ)المائدة/٥٢ واتە: دەترسین دووچاری ستەمی بێباوەڕان ببین. بەڵام خوای گەورە ئەو ترسەی لە مەسەلەی دۆستایەتی كردنی بێباوەڕاندا بە (عذر) لێ وەرنەگرتن.

---

[١] ئیبنو ئەبو الدنیا: كتێبی الحلم /١٠٩ و ئەبو نوعەیم: كتێبی حلية الأولياء(٢٢٢/١ البیهقي: شعب الإيمان/٨١٠/٣ ئیبنو حەجەر: تغليق التعليق (١٠٤.١٠٢/٥).

## دوا ووتە

جێی خۆیەتی ئەگەر لە کۆتایی دا ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرنگ و پێویست بکەین سەبارەت بەم باسە -واتە پوختەی ناوەڕۆکی باوەڕ- و لە ڕوانگەیانەوە سنوور بەندی هەندێك پانتایی بابەتی بکەین، لەوانە:

یەکەم: ناوەڕۆکی باوەڕ لێکۆڵینەوە و نووسینی زۆرتر هەڵدەگرێت و بابەتی زۆر لە خۆ دەگرێت، بەڵام وەك بە ناونیشانی باسەکەدا ئەوەی لێ دەفامرێتەوە لێرەدا پوختەیەکمان ڕوون کردوەتەوە.

دووەم: مەبەست لە نووسینی باسەکە بەهرەمەند بوونە لەو زانیاریانەی سەبارەت بە باوەڕ نووسراون و موسوڵمان پێویستە شارەزایان ببێت، نەوەك بکرێتە (مرجع) ێکی (قضائی) ی بۆ حوکم دان بەسەر خەڵکیدا بەسەربەخۆیی چونکە فەتوادان هەرچەندە گرنگی یەکی بەرچاوی هەیە بەڵام دەبێت لە لایەنی تایبەتمەندەوە دەربکرێت و مەرج و پێویستی خۆی هەیە و دەبێت ڕەچاو بکرێن.

سێیەم: سەرچاوەی نووسینی ئەم باسە قورئانی پیرۆز و سوننەتی بەپێزی پێغەمبەری پێشەوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە پێی تێگەیشتنی زانایانی هەرسێ سەدە گەشاوەکەی ئیسلام کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ شایەتی چاکێتی یانی داوە.

چوارەم: ئەم باسە وەك هەر باسێکی تری مرۆڤ نووس کەم کوڕی لێ چاوەڕوان دەکرێت و پێویستە بەو چاوەوە تەماشای بکرێت و بەقسەی کۆتایی وەرنەگیرێت.

به ئومێدی ئەوەی خوای گەورە

بیکاتە دەروازەی تێگەیشتن و لێ خۆش بوون...

والله من وراء القصد

١٩٩٨/٨/٣٠

# سەرچاوەکان



| | | |
|---|---|---|
| ١ | قورئانی پیرۆز | |
| ٢ | جامع البيان فى التفسير القرآن | ئيبنوجرير الطبري |
| ٣ | مختصر تفسير ئيبنوكثير | محمد على الصابونى |
| ٤ | مفردات ألفاظ القرآن الكريم | الراغب الأصفهاني |
| ٥ | اللؤلؤ والمرجان | محمد فؤاد عبدالباقي |
| ٦ | رياض الصالحين | شرف الدين يحيي النووى |
| ٧ | الجامع في الطلب العلم الشريف | عبدالقادر عبدالعزيز |
| ٨ | لمعة الإعتقاد الهادي إلى سبيل الرشاد | ئيبنوقدامه المقدسي |
| ٩ | شرح العقيدة الواسطية | محمد بن صالح العثيمين |
| ١٠ | كتاب الإيمان | أبو عبيدة قاسم بن سلام |
| ١١ | مهذب شرح العقيدة الطحاوية | صالح بن عبدالرحمان |
| ١٢ | الوجيز فى العقيدة السلف الصالح | عبدالله بن عبدالحميد الأثري |
| ١٣ | الإيمان(أركانه - حقيقتة - نواقضه) | محمد نعيم ياسين |
| ١٤ | المولاة والمعاداة فى شريعة الإسلامية | محماس بن عبدالله الجلعود |
| ١٥ | الولاء والبراء في الإسلام | محمد سعيد القحطانى |
| ١٦ | معالم في الطريق | سيد القطب |
| ١٧ | واقعنا المعاصر | محمد قطب |
| ١٨ | منهاج المسلم | أبوبكر جابر الجزائري |
| ١٩ | قواعد في التكفير | أبوبصير |

# ناوەڕۆك


پێشەکی ........ ٧
پێناسەی باوەڕ ........ ١٠
ڕاڤەی واتای باوەڕ ........ ١٣
بەشەکانی باوەڕ (أَجْزاءُ الإيمانِ) ........ ١٥
یەکەم: بە دڵ باوەڕ پێکردن (إِعْتِقَادُ الْقَلْب): ........ ١٥
أ- ووتەی دڵ (قَوْلُ لْقَلْبُ): ........ ١٧
ئەمیش دەکرێت بە دووبەشەوە: ........ ١٧
٢- بڕوا پێکردن (التَّصْدِيق): ........ ١٨
ب- کردەوەی دڵ (عَمَلُ القَلْبْ): ........ ١٩
دووەم: وتەی زمان(قَوْلُ اللِّسَانِ): ........ ٢١
ئەرکی زمانیش دوو جۆرە: ........ ٢٦
سێیەم: کردەوەی ئەندامەکانی لاشە (عَمَلُ الْجَوَارِحِ): ........ ٢٦
لقەکانی باوەڕ ........ ٣٤
بەرز و نزمی بەشەکانی باوەڕ ........ ٤٢
جیاوازای نێوان ........ ٤٤
پایەکانی باوەڕو بەشەکانی ........ ٤٤
پلەکانی باوەڕ ........ ٤٦
پلەی یەکەم: بنچینەی باوەڕ (أَصْلُ الْإِيْمَانِ): ........ ٤٦
پلەی دووەم: باوەڕی پێویست (الْإِيْمَانُ الْوَاجِبْ): ........ ٥٢
خەڵکی دەربارەی باوەڕی پێویست دەبن بە دوو بەشەوە: ........ ٥٣
نموونە لەسەر باوەڕی خۆشەویست: ........ ٥٧
پێوانەی جیاکردنەوەی باوەڕی خۆشەویست: ........ ٥٨
زیاد و کەم کردنی باوەڕ ........ ٦١
هۆیەکانی زیادبوونی باوەڕ ........ ٧٢
بەرز و نزمی ........ ٧٨
موسوڵمانان بەهۆی باوەڕەکەیانەوە ........ ٧٨
جیاوازی نێوان ........ ٨١
ووشەی (باوەڕ) و ( ئیسلام) ........ ٨١
١-کاتێك باوەڕ و ئیسلام لە دەقە شەرعییەکاندا پێکەوە باسکران: ........ ٨١

٢-کاتێك باوەڕ و ئیسلام لە دەقە شەرعیەکان بە جیا باسکران: ........ ٨٤
باوەڕی ڕەها (الْإِيمانُ الْمُطْلَقِ) و ڕەهای باوەڕ (الْمُطْلَقُ الْإِيمان) ........ ٨٧
ئەگەر و شیمان دانان (الإستثناء) لە باوەڕدا ........ ٩١
باوەڕی حوکمی و نیشانەکانی ........ ٩٤
نیشانەکانی ........ ٩٧
(باوەڕی حوکمی) یاخود (ئیسلامی حوکمی) ........ ٩٧
دۆستایەتی و دژیایەتی ........ ١٠٥
(المُوالَاةُ وَ المُعاداة) ........ ١٠٥
دەروازەیەك لە بارەی دۆستایەتی و دژایەتیەوە ........ ١٠٥
پێناسەی دۆستایەتی (الْمُوالَاةُ): ........ ١٠٦
پێناسەی دژایەتی (الْمُعَادَاة) ........ ١١٦
شێوەکانی دژایەتی ........ ١١٨
(صُوَر الْمُعَادَاة) ........ ١١٨
حوکمی دۆستایەتی کردن و دژایەتی کردن ........ ١٢٤
پۆلێن کردنی خەڵکی ........ ١٢٧
لە ڕووی دۆستایەتی و دژایەتییەوە ........ ١٢٧
هۆکارەکانی دەستەبەربوونی ........ ١٣١
دۆستایەتی موسوڵمانان ........ ١٣١
جۆرەکانی دۆستایەتی نەفامی ........ ١٣٨
جیاوازی نێوان ........ ١٤١
دۆستایەتی بیر و باوەڕ و دۆستایەتی نەفامی ........ ١٤١
جیاوازی نێوان دۆستایەتی و پێکەوە ژیان ........ ١٤٣
(المُولَاةُ وَالمُداراة) ........ ١٤٣
جیاوازی نێوان دۆستایەتی و خۆپارێزی ........ ١٤٦
(المُولَاةُ وَالتُّقيَة) ........ ١٤٦
دوا ووتە ........ ١٤٩
سەرچاوەکان ........ ١٥١
ناوەڕۆك ........ ١٥٢

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

زانکۆی ئازادی دیراساتی ئیسلامی (زادی)
ئامادەیی ئامەد

ماڵپەر

zadyreman.com

ئەکادیمیا

amadaiyamad.com

فەیسبووك

fb.com/zadyreman

هەژماری تویتەر

twitter.com/zadyreman

هەژماری ئینستاگرام

instagram.com/zadyreman

ئیمێڵ

zadyreman@gmail.com